
# مەرگەساتی
# کربلاء



باوکی هۆزان

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی
Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF




Scanned with CamScanner

# مەرگەساتی

# كربلاء

دانانی :باوكی هۆزان

عیراق ـ هەولێر

٢٠٠٩ زاینی ـ٢٧٠٩ كوردی

Scanned with CamScanner

العتبة الحسينية المقدسة

منشورات
العتبة الحسينية المقدسة /قسم الاعلام
شعبة الاعلام الدولي

كتاب : مەرگەساتی کربلاء
دانانی :باوکی هۆزان
شوێنی چاپ :العتبة الحسينية المقدسة / قسم ا لاعلام /شعبة الاعلام الدولي
سە رپە رشتی کردن: حسين السلامي
جێ بە جێکردن: ميثم محمد الحسيني

Scanned with CamScanner

# پێشەکی

خوێنەری بەرێز:

مەرگەساتی کەربەلا ڕوداوێك نەبوو کە ڕوویدا لە کات و شوێنی دیاری کراوو پەردە پۆش بکرێ بەڵکو شۆڕشێکی گەورە بوو لە مێژووی ئیسلام .یان دەتوانین بڵێین یەکێکە لە گەورەترین شۆرشەکانی مێژووی جیهانی کە هەرگیزاو هەرگیز کۆتای نایەت .

بایەخی ئەم شۆڕشە دەردەکەوێ لە ئامانج و دەرئەنجام و کەسایەتیەکانی بەشدار بوو لەم شۆرشە مەزنە ،ئەو مەرگەساتەبە شێوەیەکی ترسناك ڕوویدا بەجۆرێك کە هەست و سۆزی هەموو مرۆڤێکی ئازادپەروەرو بوێرو دادپەروەری لە ناخەوە هەژاند بە تایبەتی ئەوانەی کە شارەزای ووردکاری ئەم رووداوەن ،دەڵێم باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێ گەر ئەم بەسەرهاتەی خوێندبێتەوە یاخود گوێلێ گرتبێ بتوانێ خۆی بگرێ و فرمێسکی نەیەتەخوارەوە و دڵی رانەچلەکێ و موچرك دای نەگرێ .

شۆرشێك کە هەمووی پەندو ئامۆژگاریە بۆ گشت مرۆڤێکی ئازاد،بۆ هەموو دڵسۆزان و پیاوانی ئاینی خوداپەرست،بۆ هەموو ئەوانەی کە لەراستی دەگەرێن و راستی ئاواتیانە،ئەم شۆرشە ڕێگای خۆش کرد بەڵکو دەرگای خستە سەرپشت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەنگیان خواردوە لەدەست ستەم و زۆرداری و نەیان دەتوانی وشەی راستی بدرکێنن بەرامبەر ستەمکاران،نەخۆ هەر ئەوەندەو بەس بەڵکو ئەم شۆرشە وای دەرخست بۆ خەڵکی ستەم دیدە کە هەڵسان دژی ستەمکاران و رەتکردنەوەی ویست و ئارەزووەنامرۆڤەکانیان وەقبوڵ نەکردنی سەردانەواندن بۆیان کارێکی شیاوە



Scanned with CamScanner

بەڵکو( شرعیە) ،چونکەئەوەی پێی هەستاوە گەورەی گەنجانی بەهشتە کە(ئیمامی حسین) ە(١) سڵاوی خودای لەسەر بی شۆرشی ئیمامی حسین (س) لە لایەنی سەربازیەوە کۆتای پێ هات بە مەرگەساتی کەربەلا،وەسەدان پەرتوکی بەنرخی لەسەر نووسراوە کە هەموو لایەنەکانی ئەم شۆرشە دەگرێتەوە ،چونکە رووداوێکی گەورەو پر سوود بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی دا[1] ، ئەم شۆرشە وەکو ئەستێرەیەکی پرشەنگدار لە ئاسمانی مێژوو ئەدرەوشێتەوە،هەر یەکە بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی دەتوانی لێی هەلێنجێ وەبەروبوومی نوێ دەبێتەوە و کۆن نابێ بە تێپەربوونی کات بە سەریا ،دەتوانم بلێم ئەم شۆرشە هەمەلایەنەیە چونکە لە کانیاوی ئاینی ئیسلام هەڵقولاوە ،هەربۆیەش هەوڵم دا کە سەرنجێك بخەمە سەر تیشکی ئەم شۆرشە مەزنە کە لە زەوی پرشەنگی دایەوە و ئاسمانی روون کرد،وەلەلایەکی تر ئەو کۆمەڵگایەی کە من تیدادەژیم زۆر کەم سوودیان لەم شۆرشە وەرگرتووە ؟ وەلەوانەیە هۆی سەرەکی ئەم بێ بەش بوونەی کۆمەلگاکەمان لەم شۆرشە مەزنە دەگەرێتەوە بۆ راگەیاندنی چەواشەکراو لە سەردەمی ئەمەویەکان ،وەهەبوونی دەزگای داپلۆسێنەر و چەوسانەوەی نەتەوەیی و رێگانەدان بە دەربرینی بیرورای جیاواز قۆرخ کردنی ئازادی تاکەکەس لەو سەردەم.

وەهەروەها کوشتنی هەرکەسێك کە وشەیەکی راستی یا نارەزای بەرامبەریان درکاندبێ ،هەوڵدان بەهەموو شێوەیەك بۆ لەناوبردنی ئەوکەسانەی کە (اهل البیت)ی پێغەمبەریان(د.خ) خۆش بوێ و لاینگریان بکەن ،ئەو (ئەهلوبەیتە)ی کە خۆشەویستیان (واجب بووە) لەسەرمان بە فەرموودەی خودا[2].

وەئەوانەی کە پێغەمبەر(د.خ) خۆشی ویستوون،گەوورەی کردوون ،وەئەم هۆیە گرینگە بوو کە واکرا زۆربەی موسلمانان بێ بەش بن لەراستی (اهل البیت ) و دوژمنەکانیان وەبوار نەرەخسێ بۆ تێگەیشتن لەم شۆرشە ،چونکە رابەری ئەم شۆرشە ئیمامی حسین بوو(س) کەدیارە خۆشەویسترین و نزیکترین کەسی پێغمبەرە(د.خ) هەر بۆیە ئیمامی شافعی لەم بارەیەوە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| یاال بیت رسول الله حبکم | فرض من الله فی القران انزلة |
| کفاکم من عظیم الشان انکم | من لم یصل علیکم لاصلاة لة[3] |

---

[1] الحسن والحسین سیدا شباب اهل الجنه (البخاری)

[2]- قل لا استلکم علیه اجرا الاالموده فی القربی ) شوری . ٢٣

[3] من مدائع الامام الشافعی لاهل البیت .الصواعق المعرقه لابن حجر(ص) ١٤٦ ط الحمد یه. ینابیع الموده للقندوزی الحنفی (ص) ٣٥٤ ط الحیدریة و صفحه ٢٥٩ ط اسلامبول. نور ابصار للشبلنجی (ص) ١٠٥ طبع السعید یه و (ص) ١٠٣ طبع العثمانیة



Scanned with CamScanner

وەلەلایەکی تر ڕێزو خۆشەویستی و پیرۆزی ئەم رابەرە (ئیمامی حسین)(س) لەدڵی ئەوانەی کە موسلمانیش نین جیگای خۆی کردۆتەوە بۆ وێنە (نعیم فراشری) کە شاعرێکی ئەلبانیە (١٠) هەزار دێر هۆنراوەی داناوە لەسەر کارەساتی کەربەلا ،هەروەها شاعیری مەسیحی لبنانی (بولص سلامە) چۆن مدحی ئیمامی علی کوری ابو تالب دەکات و باسی مەرگەساتی کربلاء دەکاو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| انزلوة بكربلاْ و شادوا | حولة من رماحهم اسوارا |
| لادفاعا عن الحسين ولكن | اهل بيت الرسول صاروا اسارى |
| قال ما هنة البقاع قالوا | كربلاْ فقال و يحك دارا |
| كلما يذكر الحسين شهيدا | موكب الدهر ينبت احرارا |

دیسان ئەم نووسورانە جورج جرداق،روكسى زائد العزيزى ،مارون عبود ،انطوان بارا،پاشان سەیری ئەم ووتەی (غاندی)[1] هندوسی بکە بەرامبەر ئیمامی حسین ئیمام خۆی دەفەرموێ ( کەسم لە یارەکانی خۆم بەوەفا تر نەدیوە

هەروەها جیاوازی هەبوو لە نیوان کردەوەو رەوشتی ئیمام و یارەکانی لەگەڵ رەوشتی دوژمنەکانیان وەبۆ هەندێ روونکردنەوە سەیری ئەم جیاوازیانە بکەن :

رەوشتی لەشکری ئیمام :

١- بەزەی هاتنەوە بە دوژمن،ئەمە دەردەکەوێ لەکاتی ئیمامی حسین (س) فەرمانی دا کە لەشکری (حرالرياحی) کە هاتبوون بۆ رێگرتن لە ئیمام (س)،کەلەوکاتی ئاویان پێ دان هەرچەندە کەمێ ئاویان لابوو کە لەناو کەل و پەلەکاندا هەلگیرابوو بۆ خۆیان .

٢- روونکردنەوەی ئامانج:

ئیمام بە هیچ شێوەیەك شەڕی نەکردووە لەگەڵ کەسێك تاکو ئامانجی خۆی بۆ روون نەکاتەوە ئەمەش لەبەر ئەم ئایەتەی قورئان کە دەفەرموی (ليهلك من هلك عن بينه)

٣- بایەخ دان بە منداڵان و بەندەکان :

---

[1] لە ئیمام حسین فێربووم چۆن سەر کەوم بەسەر دوژمن .



Scanned with CamScanner

٤- بەزۆر کەسی نەهێناوە بۆ یارمەتی خۆی ، نەخۆ ئەوەندە بەڵکو چەند جاران داوای لە یارانی خۆی کردووە کە ئەگەر دەیانەوی بڕۆن با بڕۆن لەلایەن خۆی گەردەنی ئازاد کردوون وەپێی ووتن هیچتان لەسەر نیە ،دوژمن تەنیا ئامانجی منە ئیوە ئازادن بڕۆن لەکاتی شەو من بەجێ بهێلن بەلام یارەکانی رازی نەبوون بەتەنیا جێی بهێلن.

٥- ڕێزگرتنی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی :

ئەمەش لەکاتی (شمر ابن ذی الجوشن) کەبانگی (ابو فضل العباس)ی کرد چونکە لەلایەن دایکیانەوە خزم بوون، بەلام (ابو فضل العباس) وەلامی نەدایەوە ،لەو کاتی ئیمامی حسین (س) فەرمانی بە (ابو الفضل العباس) دا کە وەلامی بدەوە با دوژمنی ئیمەش بن.

٦- لێ بووردەیی:

ئیمام لە (حربن یزید الریاحي ) خۆش بوو وەلێی بوورد ،هەرچەندە (حرالریاحي) ئەو کەسە بوو کە خۆی و (١٠٠٠) کەسەکەی کە ئیمامیان ئازارداو بەزۆری وایان کرد کە ئیمام و یارانی لەم جێگا چۆلە و بێ ئاوە دابەزن تاکو نەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن .

٧- ڕێزگرتنی هەست و سۆزی خەڵك:

لەکاتی گەنجێك ویستی بچێتە شەڕ بەلام ئیمام رازی نەبوو ،پێی ووت تادایکت رازی نەبێ من لێ ناگەڕیم بچیتە مەیدانی شەڕ ،پاشان خۆی و دایکی هاتنە لای ئیمام بەگریانەوە داوای ڕەزامەندیان لە ئیمام کرد.

٨- سوور بوون لەسەر ئامۆژگاری کردن :

هەر لە یەکەم رۆژی دەرچوونی ئیمام (س) تاکۆتای ژیانی ئیمام وازی نەهێنا لە ئامۆژگاری کردن ،تاکو ئەم ئامۆژگاریانە ببێتە بەڵگە لەسەریان و یان کەسێك بیەوێ دیار مەند بێت پێی .



Scanned with CamScanner

## ڕەوشتی لەشکری ئەمەوی:

۱ـ قەدەغەکردنی ئاو:

بە بڕیاری والی شاری کوفە (عبیداللە ابن زیاد) ئاو قەدەغەکرا لە ئیمامی حسین و یاوەرەکانی ئەمەش لەرۆژی حەوتەم واتە سی رۆژ پێش دەست پێ کردنی شەری کۆتایی ،ئەم کارەش بە بڕیارو پلانی داریژراو بوو کە (٥٠٠) کەسیان تەرخان کردبوو بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئاوی فرات تاکو لەشکری ئیمام قەدەغە بکەن کە ژمارەیان لە (١٠٠) سەد کەس تینەدەپەری نەخۆ بەمەندەش بوەستن بەڵکو ناوە ناوە یەکێکیان هاواری دەکرد ،یاحسین یاحسین تەماشا بکە ئەم ئاوە جوانە دەڵێی ئاسمانی شینە بەلام ئێوە نابێ دلۆپێکی لێ بخۆنەوە تاکو بەتینووتی سەردەنێنەوە.

۲ـ ترس و تۆقاندن خستنە ناو دڵی منداڵ و ژن و پیر :

ئەمەش لەکاتی شەر کردن لە رۆژی دەیەم و پاشان کە ئەمانەیان برد وەکو دیل بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەم شار بۆ ئەم شار.

۳ـ کوشتنی خۆینەرانی قورئان .

٤ـ سوتانی خێمەو رەشماڵەکانیان ،کە هەندێکیان نەخۆش و منداڵی تێدابوو .

٥ـ کوشتنی ئەو منداڵانەی کە بچووك بوون بەبێ تاوان .

٦ـ قەدەغەکردنی نوێژکردن لەسەر ئیمام و یارانی ،وتیرهاویشتن بۆیان لەناو نوێژی (جماعەت) کەتاکو لە نویژبوونەوە کەسێك نەما چەند تیرێکی پێ نەکەوتبێ.

۷ـ بڕینی سەر و جوداکردنەوەی سەرەکان لە لەش پاش کوشتنیان ئەمەش لەپێش چاوی ماڵ و منداڵ و خزم و کەسیان.

۸ـ بەرز کردنەوەی سەرەکان بەسەر رمی درێژ و سوڕانەوەیان لەناو خەڵك بۆ تۆقاندنی هەموو لایەك لەناو شاری کوفەو لەرێگای شام .

۹ ـ بەستنەوەی دیلەکان بە زنجیر لە دەست و پێ و مل .

۱۰ ـ ئابروو بردنی مردوو (هتك) پاش کوشتنی و سەربڕین ئینجا دەبوایە بەسواری ئەسپەکانیان بەسەر لاشەکانیاندا بڕۆن و پانیان بکەنەوە وەئەمەش تایبەتی بوو بۆ سەرکردەکان بەتایبەتیش ئیمامی حسین .



Scanned with CamScanner

## خۆینەری بەریز :

سەرنجێك بدە ئەم کارە نامرۆڤانە ئاخۆ چی دەگەیەنێ وەگوێ بدە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە چۆن فیرمان دەکات ئەگەر ئاژەڵێکیش مرد نابێ لاشەکەی بشێوێنرێ .
بەلام چۆن لاشەی گەورە پیاوانی (اهل البیت) دەشێوێنرێ لەسەر دەستی ئەم تاوانبارانە،بەلام خوێنەری بەرێز تۆ ناتوانی هەموو وردە کاریەکانی ئەم شۆرشە تێبگەی تەنیا لەناو ئەم پەرتووکەدا ،گەر دەتەوێ بیزانی سەدەها کتابی بەنرخ و نایاب هەن کە نوسەرانی دیار نووسیویانە.



Scanned with CamScanner

## جیاوازی لە ئامانج:

لەبارەی ئامانجەوە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنیوان شۆرشی ئیمامی حسین (س) وەشۆرشەکانی تر ،چونکە ئەوەی زانراوە ئامانجی هەموو شۆرشێك گەیشتە بە کورسی حوکم کردن ،هەر چەندە ئەم ئامانجەش رەچاو دەکرا لە شۆرشی ئیمامی حسین(س) بەلاَم جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە ئیمامی حسین(س) وای بۆ دەچوو کە گەیشتن بە کورسی حوکم کردن دەرهاوێشتەی هەست کردن بەلێ پرسیارەتیە جێ بەجێ کردنی ئەرکی شرعیە و ئامانجی پیرۆزی خوداییە چونکە ئێمە دەزانین کە ئیمامی حسین (س) لە هەموو بوارێکەوە پارچەیەك بوو لە کەسایەتی و خودی باوکی کە ئیمامی علی کوری ابو تالب (س) بوو،وەئێوە سەیری وتەکانی ئیمامی علی(س) بکەن لەبارەی گەیشتن بە دەسەلات چی دەفەرموی ((خودایە تۆ جوان دەزانی ئەوەی ئێمە داوای دەکەین و دەمانەوێ بگەینێ ،پێش برکێ نیە بۆ گەیشتن بۆ کورسی حوکم رانی خیلافەت،وەبۆ ئەوەش نیە تاکو شتێکمان دەست کەوێ لە ژیانی دونیا ،بەلکو بۆ گەرانەوەی دروشمەکانی ئاینی تۆیە،وەیکخستنی کاروباری موسلمانان و ،فەرمان کردن بەچاکەو دوورخستنەوەی خەلك لە خراپە ،وەبۆ دلنیابوونی ستەم لێکراوان کە هەنە ئەوانەی مافیان بۆ دەگەرێننەوە ،کارکردنە بەگشت حوکمەکانی خودا کە هاتۆتە خوارەوە.

وەئیمامی حسین(س) هەمان رێرەو مەبست و ئامانج و رێچکەی ئیمامی علی (س) گرتۆتەبەر وەلای نەداوە بەقەد تۆزقالیك چونکە ئامانج تەنیا رەزامەندی خودای پەروەردیگارە و چەسپاندنی حوکمی خودا لەزەوی و بلاوکردنەوەی دادپەروەریە ،بۆ دلنیابوونت لەم بارەیەوە دەتوانی وەسیەتی ئیمامی حسین(س) بخوێنیتەوە کە بۆ براکەی خۆی (محمد)ی نووسی لە شاری مەدینە کە لەیەکەم رۆژی دەرچوونی ئیمامی حسین(س) چونکە ئەم برایەی نەیتوانی بەژداری لەگەل ئیمام دا بکات لەبەر نەخۆشی بەجێما لەشاری مەدینە .



Scanned with CamScanner

## جیاوازی لەدەرەنجامەکان:

هەر شۆڕشێك کە ئەم هەموو ماوە زۆرەی بەسەر دا بڕوات دەکەوێتە ناو لاپەرەکانی مێژوو بە دەگمەن دێتەوە یاد تەنیا لە رۆژانی یادکردنەوەی نەبێ کەچی شۆڕشی ئیمامی حسین (س) پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ ،دەبینین هەر لە گەشەو نوێبونەوە دایە،هاواری ئیمام (س) (ئایا کەسێك نیە سەرمان بێخی ) تاکو ئێستاش گوێ کەڕ دەکات و دەروون دەجولێنێ و دەچێتە ناخی دڵی هەموو ئەوانەی کە ئارەزوویان دادپەروەریە ،وەلەلایەکی تر یارمەتی دەرە بۆ پێگەیاندنی خەڵك لەوکات و ساتەی کە تێدا دەژین بۆ ئەوەی دژی تاوانبارو ستەمکاران بووەستنەوە ،چونکە ئەم تاوانبارانە کۆتاییان پێ نایەت تاکو مرۆڤایەتی مابێ

بۆیە ئەم بایەخەی پێدراوە چونکە گەورەترین کەسایەتی ئیسلام لەو سەردەم خۆی بەخشی بۆ ئەم ئاینە پیرۆزە تاکو خەڵکانی تر تێبگەن و ئامادەبن بۆ وەستان دژی ستەمکاران ،بۆیە بایەخدانی مێژووی ئیسلام بەم شۆڕشە جیاوازی ناکری لەگەڵ بایەخی شۆڕشەکانی تر،وەدەبینین شاعیرەکان دەستێکی بالآیان هەبووە لە هەموو سەردەمەکان بۆ دیارخستنی ئەم شۆڕشە وەکو (کمیت ابن زید الاسدی ،الحمیری،دعبل الخزاعی،شریف الرضی،حیدرالحلی،محمد مهدی الجواهری،بدرشاکر السیاب.....) وەبەسەدان شاعیری تر لەکۆن و نوێوە لە موسلمان و ئاینەکانی تر .

هەر چۆنی بێت شۆڕشی ئیمامی حسین (س) هەر لەسەرەتاوە بانگەوازیەکەی لەسەر دوو بنکەی سەرەکی چەسپاوە :

١- روونکردنەوەی ئامانج وەشی کردنەوەی هۆی هەڵسانی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە رووبەروی بوونەوە تاکو بزانن لەسەر چی شەڕی لەگەڵ دەکەن و کەسێك بەنەفامی نەمێنێتەوە ،تا راستی و چەوتی ئاشکرابێت بەڵکو بەویستی ئارەزووی خۆی ریگەیەك هەلبژێرێ تاکو ئەمەش بێتە بەڵگە لەسەری .

٢- دەست پێش خەر نەبوو لە شەر ،بەڵکو بەئامۆژگاری کردن دەستی پێ کرد تاکو لەگەڵ ئەوانەی کە بەرامبەری راوەستابوون بۆ شەر کردن هەتا زۆربەیان بریندار نەبوون فەرمانی نەدا کە بەرگری لەخۆیان بکەن ،لەوەی باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێ کە ئیمام حسین (س) رێگایەکی پاك و دروستی گرتەبەر بۆ گەیشتن



Scanned with CamScanner

به ئامانجی پیرۆز وەبۆمـان دەردەكـەوی كـە مرۆڤـی خـودایی نـاتوانیّ ریّگایـەكی تربگریّ گەر لەریّرەوی خودای لای بدات،لەبەر ئەوەی (الغایـەلاتبرر الوسـیلە) چونكە ریگای خراپ ئامانجی خراپیشی لیّ دەكەویّتەوە،

خۆینەری خۆشەویست:

شۆرشیّك بەم پلە بەرزە بیّت ،وە ئەو بایەخە گەورەی هەبیّ ،دیارترین شۆرشە،بەلام بە پیّچەوانەوە لـە كۆمەلگای ئیّمە وەكو مۆمیّكی كز سەیر دەكریّ،هەر ئـەوەش بـوو كـە هانی دام ئەم پەرتووكە بەكوردی بنووسمەوە وەدەلیّم نەم توانیوە هەموو لایەنەكانی ئەم شۆرشە مەزنە بروژیّنم چونكە هەمەلایەنەیە وەپەرتووكیّك نایگریّتەخۆ وەلـەتواناما نیە. وەلە كۆتـای هیـوادارم خزمـەتیّكم كردبیّ بـەو كـارە سـاكارەم بـۆ پیّغەمبـەر(د.خ) خۆشەویست و (ئەهل و بەیت) پاكی ئەو دوا وتەشم:

سبحان ربك رب العزة عما یصفون

وسلام على المرسلين

والحمدالله رب العالمين



Scanned with CamScanner

## کەسایەتی ئیمامی حسین (س) :

ئیمامی حسین (س) ئەو بلیمەتە بەرزە ،لەخێزانێکی پایە بەرز پەروەردە بووە ،نەوەی پێغەمبەرانە ولەباوەشی پێغەمبەر (د.خ) خۆشەویست بۆ ماوەی شەش سالان گەشەی کردووە[1] ،رەوشت و هەڵسوکەوتی نەریتی ئەم پێغەمبەرە(د.خ) مەزنەی وەرگرتووە وەئیمەی موسلمان دەزانین کە خودا لەبارەی پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموی (وانك لعلى خلق عظيم ) وديسان(ولا ينطق عن الهوى ان هو الاوحي يوحى....) وديسان خودای بی هاوتا دەفەرموی(...وماآتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنة فأنتهوا..) پێغەمبەر (د.خ) گەورەی بوونەوەرەو شانازی ئادەمیزادە ،پارێزراو هەڵبژاردەو خۆشەویستی خودایە ،واتە دڵی تەنیا بۆ خودایەو باکی لەکەس نیە ،هەر ئەو کەسانەی زۆر خۆش دەویَ کە لەژێر فرمان و گوێرایەڵی خودادان ،هەر چەندە ئەو کەسانە دووریش بن لیَ ی بەخزمایەتی ئەو کەسانەی خۆش ناوی بەڵکو رقی لێیانە کە دژایەتی خودا دەکەن هەر چەندە خزمی نزیکیش بێت.

بۆیە پێغەمبەر (د.خ) کە ئیمامی حسین (س) ی خۆش دەویست تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە نەوەی خۆیەتی بەڵکو هەڵسەنگاندنی هەرکەسێك یان دانانی نرخ و بایەخ لەلای پێغەمبەر(د.خ) بۆ کردەوەی ئەو کەسەبوو کە تا چەند پابەندە بە فەرمایشتەکانی خودای مەزن و گوێرایەڵی پێغەمبەر (د.خ) هەروەکو خودا لەقورئانی پیرۆز دا دەفەرموی (ان اكرمكم عندالله اتقاكم[2]) هەر ئەوەش پێوەری راستەقینە بوو لەلای پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەموو موسڵمانێك دوورو نزیك خزم و بێگانە ،چونکە ئەوەی تێکرا موسلمانان لەسەری رێکن ئەوەیە کە پێغەمبەر(د.خ) سۆزو بەزەیی لە رێگای خودا لای نادا چونکە ئەو خۆشەویستە (لاتأخذه فى الله لومه لائم) واتە باکی یە بەگلەیی کەس نیە چونکە فەرمانی خودا دەگەیەنیَ و لە فرمانی ئەویش تۆزقالێك دەرناچیَ ،بۆیە خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەر کەسێك بەگوێرەی پلەی ئەوکەسەیە کە تاچەند لە خودا نزیکە و فەرمانەکانی جیَ بەجیَ دەکات کەواتە بۆمان دەرکەوت کە پێوەر لەلایەن پێغەمبەر (د.خ) بۆ رق و خۆشەویستی هەرکەسانێك تەنیا گوێرایەڵی ئەو کەسەیە بۆ خودا و پێغەمبەر (د.خ) بائەو کەسە دوور بیَ یان

---

[1] شەش سال و یەك مانگ لەگەل پێغەمبەر(د.خ) ژیاوە

الفصول المهمه لابن صباغ المالكى (ص) ٢٩٦ ،تاريخ اهل البيت ،تحقيق السيد محمد رضا الحسين (ص) ٧٦

[2] سوره الحجرات.



Scanned with CamScanner

نزيك،سپی یان ڕەش ،لەمیللەتی عەرەب بێ یان لـە میللـەتانی تـر وەئـەو هـەموو خۆشەویستیەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئیمامی حسین(س) جێگای هەڵوەستەی هەموو موسلمانانە وەبەڵگـەی ئاشکراو ڕوونە لەسەر گەورەیی کەسایەتی ئیمامی حسین(س) ولێهاتویی و بێ وێنەیی سەردەمی خۆی دیسان ئەم خۆشەویستیەی پێغەمبەر(د.خ) بۆی بەلگەیە لەسـەر ڕێگـای ڕاستی ئیمـام (س) لانـەدانی لـە (صراط المستقیم) واتا لەڕێگای ڕاست ،بایەخی پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئیمامی حسین(س) هەر لەڕۆژی لەدایك بوونیەوە دەستی پـێ کردووە ،لـەگوێ ڕاستی بـانگی داوە لـەگوێ چـەپی ئـیقـامـەی کـردووە ،

وەخێری بۆ کردووە لەڕۆژی حەوتەم [1] وەهاوەلانی پێغەمبەر (د.خ) فەرموودەی زۆریان گێڕاوتەوە بۆمان لە کتابەکانی فـەرموودە لـەبارەی ئـەو پەیوەندیـە بـەهێزەی نیـوان پێغەمبـەر(د.خ) و ئیمـامی حسین(س) بۆ وینە:

١- عن انس ابن مالك ،قال سئل النبی (ص) أی اهل بیتك أحب الیك؟

قال (ص) الحسن و الحسین

واتە کامیان خۆشەویسترە لات ،فەرمووی (حسن و حسین)

٢- من أحب الحسن و الحسین فقد أحبنی ومن ابغضهما فقد ابغضنی

واتە: ئەوەی ئەوانی خۆش بوێ منی خۆش ویستووە ،وەئەوەی رقی لە حسن و حسین بێت ئەوا رقی لەمنە

٣- (الحسن و الحسین ریحانتای من الدنیا )

٤- أخذ بید الحسن و الحسین فقـال (ص) (( مـن أحبنـی وأحـب هـذین وأباهمـا وأمهما فهو فی درجتی یوم القیامة)) [2]

واتە: ئەوەی من و ئەو دووە و دایك و باوکی ئـەو دووەی خـۆش بـوێ لەگـەڵ منـە لـەڕۆژی دوای،

٥-ئیمام رازی لە تەفسیرەکەی خۆی (الکبیر) دەڵێ:

---

[1] الفصول المهمه لابن صباغ المالکی (ص) ٢٥٥ کشف الغمه للاربیلی ج ٢ (ص) ٢١٦ ت بیروت

[2] مسند احمد ابن حنبل جزء ١ (ص) ٧٧، سنن الترمزی ،کتاب المناقب، وتهذیب التهذیب ،التاریخ بغداد اللخطیب ،کنز العمال



Scanned with CamScanner

أن اهل بيته (ص) ساووه في خمسه أشياء (في الصلاه عليه وعليهم،وفي التشهد و في السلام،وفي الطهارة،وفي تحريم الصدقه والمحبه) [1]

٦-قال (ص) لعلي و فلطمة والحسن والحسين :(أنا حرب لمن حاربتم وسلم لمن سالمتم) [2]

ومره اخرى قال (ص):(أنا حرب لمن حاربكم وسلم لمن سالمكم) [3]

لیرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پێغەمبەر (د.خ) چەند بایەخی بە ئیمامی حسین(س) داوە وەتاچ رادەیەك خۆشی ویستوە وەچەند ریزی لێناوە ،ئەوەش بۆمان دیارە لەم فەرموودەیەی خۆشەویست کە دەفەرموێ:(حسین منی وأنا من حسین) [4]

ئەگەر نیوەی یەکەمی فەرمودەکە بەوە لێك بدەینەوە کە حسین لە منە واتە حسین کوری فاتمەی زەهرایە (س) وفاتمەش کچی ئەوە (د.خ) چۆن دەتوانین مانای نیوەی دووەمی فەرموودەکە شی بکەینەوە کە دەفەرموێ (وأنا من الحسین) ؟؟

بۆیە مانای فەرموودەکە ئەوەیە کە حسین لەسەر رێبازی منە وەمنیش لەسەر رێبازی ئەوم بەمانایەکی تر حسین لە سونەت دەرناچی تاکو مردن لەسەر سونەتی من دەروات .

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێ لەوەی باسمان کرد ئیمامی حسین (س) خۆشەویستی پێغەمبەرە( د.خ) وە دوژمنانی ئیمامی حسین (س) دوژمنانی پێغەمبەرن(د.خ) وەهەموو موسلمانێکیش دەزانن کە دوژمنایەتی پێغەمبەر(د.خ) دوژمنانی خودان.

((ئیمامی حسین لەگەڵ هەردوو ئیمامان باوك و برای (سلاوی خودایان لەسەر بیت):

---

٣ امام الفخر الرازی ( تفسیر الکبیر) جزء ٢٦ ص ١٦٢ طبع البهیه -مصر وجزء ٧ ص ١٦٣ طبع دار طباعة -مصر ،تفسیر القرطبی جزء ١٥ ص ١١٩ وابن کثر ج ٤ ص ٢٠

[2]- سنن الترمزی (الجامع الصحیح) ج٥ ص ٦٥٨ رقم الحدیث ٣٧٧٥ اعلام الوری للطبرسی ص ٢١٦ ،و ابن ماجه کتاب المقدمه باب١١ ص ١٤٤، مسند احمد بن حنبل جزء ٤ ص ١٧٢ ،مستدرك اللحاکم جزء ٣ ص ١٧٧، واسد الغابه فی معرفه الصحابه جزء ٢ ص ١٩، وجزء ٥ ص ١٣٠

(٥,٦) - سنن الترمزی کتاب المناقب ،مستدرك الصحیحین ج٣ ص ١٤٩، مسند احمد بن حنبل جزء ١ ص ٧٧ ،مجمع الزوائد للهیثمی جزء ٩ ص ١٦٩ ذخائر العقبی ص ٢٣ ،ریاض النضرة جزء ٢ ص ١٩٩



Scanned with CamScanner

ئیمامی حسین (س) (٣٠) سال [1] لەگەل باوکی ئیمامی علی (س) ژیاوە ،هەرچی کورِ لە باوکی فێردەبێ ئەویش لەباوکی فێربووە ،وەتاکو گەیشە لوتکەی زانست و زانیاری و رەوشت بەرزی و ئازایەتی و سەخاوەتی و رەوانبێژی و ......هتد

وەرێگای ئەوەی گرتۆتە بەر لە ئاین و گوێرایەلی خوداو پێغەمبەر(د.خ) وەنەترسان لە هیچ شتێك جگە لە خودای بێ هاوتا نەبێ .

ئیمامی علی(س) بایەخێکی زۆری پێداوە هەروەها بە ئیمامی حسن(س) نەخۆ تەنیا لەبەر ئەوەی کە مندالّی خۆی بوون بەلّکو لەبەر ئەوەی جێگای بایەخ و خۆشەویستی و رەیحانی پێغەمبەر (د.خ) ،وەئارامگەی فاتمەی زهراء (س) بوون،هەرچەندە فاتمەی زهراء (س) تەنیا (شەش) مانگ لەدوای مردنی پێغەمبەر (د.خ) ژیاوە وەئیمامی علی (س) زۆر بە خەمباری مایەوە پاش مردنی ئەم دوو خۆشەویستەی بۆیە داوای لە عەقیلی برای کرد کە خوازبینی ژنێکی باش و دیاری بۆ بکات ،ئەویش هەر زوو ژنێکی بۆ هێنا کەناوی فاتمە بوو ،بەلاّم ئەو فاتمەیە داوای لە ئیمامی علی (س) کرد کە ئەو مەرجەی هەیە کە دەبێ هەرگیز ناوی نەهێنێ نەوەك حسن و حسین (س) دایکیان وەبیربێتەوە ،ئیمامی علی(س) ناوی نا (أم البنین) پاشان (أم البنین) ئەم ژنە خاتوونە چوار کوری بوون کە گەورەکەیان ناوی عباس بوو کە هەلّگری ئالاّو متمانەو باوەر پێکراوی ئیمامی حسین(س) بوو،وەلەناو نەوەی هاشمی ناونرابوو (قمر بنی هاشم) لەبەر دلێری و جوانی و رەوشت بەرزو لێهاتووی و گوێرایەلی بۆ ئیمای حسین(س) وەئیمامی حسین(س) یارمەتی دەری باوکی ئیمامی علی (س) بوو لە هەموو ئەو کارەسات و بەلایانەی کە بەسەر ئیمامدا هات لە پێنج سالی خیلافەتدا ،لەشەری سەفین و جەمەل و نەهرەوان پشت و پەنای ئیمامی علی (س) بوو وەپاش شەهید کردنی ئیمامی علی(س) لەمانگی رەمەزان لەشەوە تاکەکانی (لیلە القدر) وەلەناو نوێژدا لە میحرابی مزگەوتا ئیمامی حسین یاریدەدەری ئیمامی حسن(س) بوو بەلّکو دەستی راستی بەهێزی ئیمامی حسن بوو وەرێکەوتنامەی نێوان ئیمامی حسن (س) ومعاویەکوری ابو سفیان لە پێش چاوی ئەو روویدا،وەلە بەندەکانی ئەم

---

[1] المناقب لابن شهرآ شوب ج ٣ ص ٢٣١

تاريخ اهل البيت –تحقيق محمد رضا الحسيني / الطبعة الاولى /ربيع الاول١٤١٠ هجرى ص ٧٦



Scanned with CamScanner

ڕێکەوتنامەدا نووسرابوو ئەگەر معاویە مرد ئیمامی حسن(س) دەبێتە خەلیفە لە پاش معاویە خۆ ئەگەر ئیمامی حسن(س) نەمابوو ،ئەو کاتی ئیمامی حسین (س) دەبیتە خەلیفە لەپاش معاویە[1] ،بەلام ئەم ڕێکەوتنامە سەری نەگرت (وەمنیش نامەوێ دریژەی ئەم بابەتە باس بکەم تاکو لە بابەتی سەرەکی خۆم دەرنەچم ).

پاشان ئیمامی حسن (س) کۆچی دوای کرد [2](بەهۆی خواردنێکی ژەهراویەوە) وەسیەتی بۆ ئیمامی حسین(س) کرد کە لە تەنیشت قەبری (باپیری) پێغەمبەر(د.خ) بینێژن) بە مەرجێ دلوپە خوێنێك نەرژێ لە پێناو ئەم ناشتنە ، وەئەم وەسیەتەش نەهاتە دی ،بەم جۆرە ئیمامی حسین(س) بەتەنیا مایەوە ( ۳ )، گیرو گرفت و فتنە چواردەورەیان دا سەرەرای داخ و کەسەری گەورەی نەمانی پێغەمبەر(د.خ) وەئیمامی علی(س) فاتمەی زهراء (س) و ئیمامی حسن(س) ،چونکە ئەمانە پەرژینی راستەقینەی ئەو بوون وەکەسایەتی ئەو لە نێو ئەم بەرزو بەرێزانە گەشەی کردبوو ،بەلام هەرچەندە گیروگرفتی خیلافەت هەبوو ،بەلاّم ئیمامی حسین(س) بەکاری خۆی هەلّساوە وە لێپرسراوی سەر شانی خۆی جێ بەجێ کردووە فەرمانی بە چاکە کردووە خەلّکی لە خراپە دوور خستوتەوە،وەلەوسەر دەم روانگەی نەوەی هاشم بووە و پیاوی دوارۆژی کوری کچی پێغەمبەر(د.خ) بوو ،خاوەن ڕێزو شکۆدار بوو لەناو موسلّمانان.

(ئیمامی حسین(س) لەسەردەمی یزید کوری معاویە کوری ابوسفیان)

لەشاری مەدینەی پیرۆز مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) ی خۆشەویست مەلبەندی زانست و زانیاری بوو، کانگای رۆشنبیری موسلّمانان و شوێنی فێربوونی یاساکانی ئیسلام و شەریعەت و فقە بوو،بۆیە لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی ئیسلام خەلّك رووی تێدەکرد وەتێدا کۆدەبونەوە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و شارەزابوون لە ئاینی پاکی ئیسلام.

لەو سەردەم سێ کەسایەتی پایە بەرز هەبوون کە موسلّمانان گوێیان لێ دەگرتن لە دەورەیان کۆدەبورنەوە لەناو مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) .

ئیمامی حسین(س):

---

[1] شرح نهج البلاغه لابن حدید المعتزلی

[2] ئیمامی حسن و حسین (س) (۱۰)سال لەگەل یەکدر ژیاون پاش مردنی باوکیان ئیمامی علی.تأریخ أهل البیت /تحقیق سید محمد رضا الحسینی ص ۷٦

وەڵامی هەموو پرسیارەکانی موسڵمانانی ئەدایەوە بە بەڵگەی قورئان و سونەت بەبێ ئەوەی لەماوەی ژیانی بۆ هیچ پرسیارێك (بڵێ نازانم) وەڵام و بەڵگەی دەدانەوە و دڵیان ئۆقرەی دەگرت ڕۆژانە بازنەی دەوروبەری فراوانتر دەبوو.

١-عبدالله کوری عمر کوری ختاب

ئەوەش یەکێك بوو کە قورئانی شی دەکردەوە ،وەڵامی پرسیارەکانی موسڵمانی ئەدایەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) .

٢-عبدالله کوری زبیر کوری عەوام

ئەویش دەستێکی بالای هەبوو لە زانستی ئاین ،پیاوێکی ئازا بوو ،موسڵمانان لە دەوری کۆدەبوونەوە و گوێیان لە قسەکان

دەگرت ،ئەم سێ کەسە دەستنیشان کرابوون لەلایەن معاویە کوری ابوسفیان بۆ یزید کە دەبێ هەر چۆنێك بێت (بیعە) واتە گوێڕایەڵی لەم سێ کەسە وەربگرێ [1] گەرنا..... ئەمانە دەبنە هۆی هەژانی کورسی خیلافەت لەشام بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکی نهێنی بەپەلە گەیشتە والی شاری مەدینە کە ئەوکاتی (ولید کوری عتبە) بوو،ئەم نامە لەلایەن یزیدەوە ناردرابوو بۆ والی شاری مەدینە .

[1] تأریخ الطبری –باب خلافە یزید بن معاویە جزء٦ ص ١٨٨

## (والی شاری مەدینە داوای ئامادەبوونی ئەم سێ کەسایەتیە دەکات):

ئەوەی کەهەموو خەڵك دەیزانی لەو سەردەم والی شاری مەدینە رۆژێکی دیاری کردبوو لە هەفتە ،تەنیا لەم رۆژەدا بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ لای خۆی بۆ هەر شتیك بوایە ،بەلاّم ئەم جارەیان والی نێردراوی خۆی نارد بەشوێن ئەم سێ کەسە لە مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وەلەرۆژێکی نامۆدا کە بە پەلە بگەنە لای والی (أجب الامیرحالا") وەپاش ئەوەی ئەم سێ کەسە پێیان راگەیەنرا عبداللە کوری زبیر هاتە لای عبداللە کوری عمرو هەردوکیان پێکەوە هاتنە لای ئیمامی حسین(س) لەناو مزگەوت پێیان ووت تۆ چی دەڵێ ی ؟ ئاخۆ بۆچی لەم کات و ساتە والی لەدوای ئێمەی ناردووە؟

ئیمامی حسین(س) :فەرموی من واتێدەگەم کە معاویە مردبێ و یزیدی کوری لەجیاتی خۆی دانابێ بە خەلیفەی موسڵمانان ئەوانەش داوا لە ئێمە دەکەن کە ملکەچی خۆمانیان بۆ دەربـبڕین و رازی بـین بەم فەرمانە!!

هەردوو عبداللە وتیان سوێند بەخودا ئێمەش جگە لە قسەی تۆ هیچی تر بە خەیاڵماندا نایەت!!

## ئینجا ئیمامی حسین(س) بە هەردووکیانی ووت :

من دەچمە لای والی وەپێی دەڵێم کە ناکرێ (بیعە) دەربرینی گوێرایەڵی بەم شێوە نهێنیە ئنجام بدرێ ،بەڵکو پێویستە بە ئاشکرا ئەنجام بدرێ و لە مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وەخەڵکان کۆ بکرێتەوە ئێمەش وەکو ئەو موسڵمانانە قسەی خۆمان دەکەین پاشان والی مەدینە (ولید کوری عتبە)دووبارەو سێ بارە بەدوای دا ناردن کە بە پەلە ئامادەبن لای ،بەلاّم عبداللە کوری زبیر داوای مۆڵەتی کرد تا بەیانی بۆیە لەکاتی شەو خۆی ئامادە کرد و لەگەڵ ئەوکەسانەی کە لەگەڵی بوون بە ڕێگای نهێنی لەشەودا دەرچوو لەشاری مەدینە بۆ شاری مەککە رۆیشت .



Scanned with CamScanner

## (ئیمامی حسین(س) دەچیە لای والی مەدینە) :

ئیمامی حسین(س) لەکاتی شەو کورەکان و براکان و برازاکان و ئامۆزاکـان و خوارزاکـانی خـۆی کۆکردەوە ،فەرمانی پێدان کە چەکیان لەدەست بـێ و لەگـەڵی بـرۆن چـونکە دەیـەوێ بچـێتە لای والی(ولید کوری عتبە) وەلەرێگا پێی ووتن ئێوە هەمووتان لـە پـێش دەرگـای کۆشـکی (ئیمـارە) دەوەستن تەنیا من دەچمە ژوورەوە ئەگەر گوێتان لێ ی بوو دەنگی والی (ولید) بەسەر منا بـەرزبۆوە ئێوە هیچ چاوەروان مەکەن هەمووتان وەرنە ژوورەوە چاوەرێی فەرمانی من بـن ئەگـەر نـا ئێـوە لێـرە بووەستن تا دێمە دەرەوە[1] بەم جۆرە ئیمام(س) هاوەڵانی بەرێکەوتن تاکو پێش دەرگای کۆشك ئینجا هەموویان لەوێ وەستان و ئیمامی حسین(س) چووە ژوورەوە سلاوی لە والی کـرد و بینـی (مـەروان کوری حەکەم) لای والی دانیشتوە ،ئیمام(س) فەرمووی :ئەی سەرکردە چیت لەمن دەوێ؟

ولید کوری عتبە ووتی: خودا پاداشتت بداتەوە لە (معاویە)،ئەو مردوو یزیدی کوری خۆی دانـا بـە خەلیفەی موسڵمانان ومن لە دوای تۆم ناردووە چونکە نامەم لە یزید پێگەیشتووە کە تۆ رەزامەندی خۆت دەربرِی بۆی لەپێش من تاکو بۆی بنوسمەوە کە تۆ رازیت ،دەست لەناو دەستی من بنێیت لە جیاتی ئەو!!

ئیمام(س) فەرموی: هەرکەسێك وەکو من بێ دەست لەناو دەستی کەس نانێت بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە نهێنی وەمن وابزانم تۆش تێدەگەی کە ئەم کارە بە نهێنی ئەنجام نادرێ،چونکە پێویستە تەواوی خەڵك تێ بگاولێ ئاگاداربن ، وەئیمام (س) زۆر هەوڵی دا تاکو ولید رازی بکات کـە ئـەم کـارە گرینگـە ناکرێ بەم شەوەو بەنهێنی وەلەنێو چوار دیواری کۆشکی (ئیمارە) بەڵکو دەبێ بـەرۆژ بکـرێ و لـە مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وەخەڵکان ئاگاداربن ئێمـەش یـەکێکین لـەم خەڵکـە موسـڵمانە ئـەوکات بیروراِمان دەردەبرِین

بەلام (ولید کوری عتبە) ئەم پێشنیارەی ئیمامی رەت کردەوە ووتی نـابێ بـەم جـۆرەی تـۆ دەیلیـێ ،بەڵکو دەمانەوێ هەر ئێستا ئەم کارە بکەی ،ئالەو کاتی (مروان کوری حەکەم) ووتی سوێند بەخودا ئەگەر ئێستا گوێرایەڵی خۆی دەرنەبرِێ بچێتە دەرەوە ئێوە ناتوانن بەسەری دا زاڵ بن تاکو خـوێنێکی

---

[1] الطبری جزء ٦ ص ١٩٠



Scanned with CamScanner

زۆر نەرژێ لە نێوانتان ،بۆیە ئێستا حسین زیندانی بکەو مەهێلە بڕوات یان رازی بوون ؟ یان سەربڕین !!

ئیمام(س) رووی وەرگێڕا بۆ ولید و فەرموی :

(ایها الامیر ،انا اهل بیت النبوه ومعدن الرساله ،ومختلف الملائکه ومحل الرحمه وبنا فتح الله وبنایختم....ویزید رجل فاسق شارب للخمر ،قاتل النفس المحترمه ،معلن بالفسق ،ومثلی لایبایع مثله ،ولکن نصبح وتصبحون ،وننظر وتنظرون أینا أحق بالخلافه والبیعه...)[1]

(ئەی سەرکردە ،ئێمە ئەهل و بەیتی پێغەمبەرین(د.خ) وەکانگای پەیامی خوداین ،وشوێنی هاتنە خوارەوەی فریشتەکانین ،وەمەڵبەندی میهرەبانی خوداین بە ئێمە خودا دەستی پێ کردو بە ئێمەش کۆتای دەیەنێ ،وەیزید پیاوێکی خراپە مەی دەخواتەوە و پیاو دەکوژێ و بەئاشکرا کاری ناڕەوا دەکا،هەرکەسێك وەکو من بێ کەسێکی وەکو ئەو هەڵنابژێرێ ،بەڵام ئێمە رۆژ دەکەینەوە لەگەڵ ئێوە ،چاوەڕوانین لەگەڵتان کە کێ شایەنی خیلافەت و گوێڕایەڵیە ) ئینجا ئیمام (س) هاتە دەرەوە پاشان مروان بە ولیدی ووت،پێم نالێی بۆچی ئامۆژگاری منت جێبەجێ نەکرد؟

ولید وەڵامی دایەوە و ووتی : هاوار بە ماڵت بێ دەنگ بە !!!!

تۆ وتەیەکی شایستە بکە بەرامبەر کوڕی فاتمەی زەهراء (س) ئەوە نەوەی پێغەمبەرانە (س) ئەگەر تۆ ئومێدت بە سامان و ماڵی دونیایە من چی بەکەڵکم دێت بەیانی بەرامبەر خودای بووەستم و تاوانبارم بە خوێنی ئیمامی حسین(س) ئینجا (مەروان کوڕی حەکم) ووتی: ئەگەر تۆ وابیربکەیتەوە کەواتە زۆر باشت کرد !! بەگاڵتەوە ئەم وەڵامەی ولیدی دایەوە !

---

[1] الطبری جزء٦ ص ١٩٠ ،ابن کثیر (الکامل في التاریخ ) جزء ٤ ص ١٦٠ طبع اوروبا .

٢-الکامل في التاریخ جزء٣ ص ٢٤٦ ،الخطاب الحسینی في محرکة الطف /د.عبدالکاظم محسن الیاسری ص ٥٠
انساب الاشراف –للبلاذری جزء ٥ ص ١٣٦

## (ئیمامی حسین (س) شاری مەدینە جێ دێلیٚ):

ئیمامی حسین(س) ئاشکرای کرد لای هەموو خەڵك کە ملکەچی یزید نابێ ،بۆیە گشت خزم و کەسانی خۆی کۆکردەوە وپێ ووتن کە شاری مەدینە بە جێ دێلیٚ و بەرەو شاری پیرۆزی مەککە دەڕوات،بەم جۆرە هەموو خزمانی ئیمام خۆیان پێچا لەچەك وە
ئەسپەکانیان زین کردوو بۆ زیارەتی کۆتای بەرەو قەبری باپیری پێغەمبەر (د.خ) بەرێ کەوت ،پاشان چووە لای (محمد کوری حنیفە) ی برای کە نەخۆش کەوتبوو لەسەر جێا بۆیە نەیتوانی لەگەڵ ئیمام بڕوات وئیمام داوای لە (محمد) ی برای کرد کە وەکو چاودێرێك لەشاری مەدینە بمێنێتەوە ،پاشان ئیمام وسیەتی خۆی نووسی و مۆری کرد دایە دەست (محمد)ی برای ئەمەش هەندێك لەم وەسیەتەیە کە مێژوونوسان کۆکن لەسەری بەلاٚم ویستم هەروەکو خۆی بەزمانی عەرەبی بیخەمەپێش چاو بۆ سوودی زیاتر:

((.....وأنی لم أخرج أشرا ولا بطرأ ولا ظالمأ ،وأنما خرجت لطلب النجاح والاصلاح فی أمه جدی رسول الله(ص) أرید أن أمر بالمعروف وأنهی عن المنکر وأسیر بسیره جدی وأبی علی بن ابی طاب ....

فمن قبلنی بقول الحق ،فالله اولی بالحق ،ومن رد علی أصبر حتی یقضی الله بینی وبین القوم بالحق ویحکم بینی وبینهم بالحق وهو خیر الحاکمین)) .

(واتە: دەرچونی من بۆ شەرانگێزی و خۆ بەزلٚ زانین و خراپەکاری وستەمکاری نیە ،بەلٚکو بۆ ئەوە هەلٚسام تا داوای سەرکەوتن و رێك خستنەوەی ئوٚمەتی باپیرم بکەم کە نێردراوی خودایە،دەمەوێ فەرمان بە چاکە بکەم و خەلٚکان لە خراپەکاری دوور بخەمەوە ،وەلەسەر رێرەو شوێنکەوتەی پێغەمبەرو باوکم علی کوری ابی تالب بڕۆم ،هەرکەسێ ئەم راستیانەم لی وەربگرێ ،خودا لایەنگری راستیە ،وەئەوەی دژم دەوەستێ ئارام دەگرم تاکو خودا فەرمانی خۆی جێ بەجێ دەکا لە نێوان من و ئەوان ،وەدادگای دادپەروەرانەی خودا لەنێوانمان دێتە کایەوە ،کە هەر ئەویش باشترین فەرمانرەوایە).

خوێنەری بەرێز :

گوێت گرت لە یەکەم دڵی ڕوونکردنەوەی ئیمامی حسین(س) وتێیدا هۆی دەرچونی خۆی ڕوونکردۆتەوە کە گەڕانەوەیە بۆ سونەتی پێغەمبەر(د.خ) و فەرمان کردن بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە و بەربەرەکانی و دژایەتی ستەم و گەندەڵی ،بەم جۆرە ئیمام لە شاری مەدینە دەرچوو بە ڕێگای گشتی بێ ئەوەی ترسێکی هەبێ لە سپاو لەشکری والی شاری مەدینە چونکە ڕێگای گشتی لە ژێر کۆنترۆلی والی بوو ،بەهەموو چەکەکانیانەوە لە پێش چاوی خەڵك و بەرۆژی ڕوناك بەرەو مەککەی پیرۆز کەوتەرێ لەبەر ئەم هۆیانە:

١- تاکو ئاشکرابێت بۆ هەموو مەسلمانانی شاری مەدینە کە ئیمام ڕازی نیە بە خیلافەتی یزیدی کوری معاویە ،وەگوێ ڕایەڵی بۆ دەرنابڕێ ،چونکە ئەم دەرچونە هەمان واتا دەگەیەنێ .

٢- گەر ئیمام (س) بە نهێنی دەرچووبا ،یاخود ڕێگای گشتی نەگرتبایەبەر لەوانە بوو زۆر خەلکانێك بیان وتایە ئێمە نەمان زانی نەخۆ لەگەڵی دەچوین تامەهانەی خەڵك ببڕی.

٣- تابۆ خەلك ڕوون بێت کە پەناگایەك هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە نایانەوێ مل کەچی بۆ یزید دەربڕن وەبەئاسانی دەتوانن خۆیان بگەیینە ئیمام (س)

٤- لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە ئیمام بازنەی ترسی شکاند بۆ هەموو موسڵمانان وەسەلماندی بۆیان کە مرۆڤ زۆر زۆر گەورەترە لەوەی کەویست و بیرو بۆچونی زەوت بکرێ و مافی ئازادی و ڕادەربڕین و ئارەزوی لێ بسەندرێتەوە هەرچەندە هێزو توانای ستەمکاران بێ ئەندازەبێت.بەم شێوە ئیمام دەرچوو ،وەلە وەڵامی ئەوکەسانەی پێیان ووت بۆ چی تۆش وەکو عبداللە کوری زبیر دەرنەچووی بەنهێنی ،ئیمام (س) فەرموی :(نەخێر سوێند بە خودا ڕێگای گشتی بەجێ ناهێڵم،تاکو خانوەکانی شاری مەککەم لی بەدیار دەکەوێ ،یان خودا فەرمانی خۆی لەئاستم جێ بەجێ دەکا ئەوەی پێ خۆشە و ڕازیە).

وەئیمام(س) لەکاتی دەرچونیان لە شاری مەدینە (مەڕوان کوری حەکەم) لەسەر ڕێگا وەستابوو بە ئیمامی ووت (یاأبا عبداللە) من ئامۆژگاریەکم هەیە کە بەقسەم بکەی دەگەیە ڕاستی.

ئیمام (س) فەرموی چیە ئەو ئامۆژگاریەت!!

مەڕوان ووتی: گوێڕایەڵی خۆت دەربڕە بۆ یزیدی کوری معاویە باشترە بۆ دونیاوئاینت !



Scanned with CamScanner

ئیمام (س) فەرموی:(انا لله وانا الیه راجعون) وعلى الاسلام السلام اذ قد بلیت الامه براع مثل یزید .....)[1]

واتە ئیمام (س) فەرمووی ئیمە هی خوداین و بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە ،وەدەبێ خودا حافیزی لە ئاینی ئیسلام بکرێ گەر ئومەت دوچاری خەلیفەیەکی وەکو یزید بێ ).

## ((پێشنیاری عبدالله کوری مطیع)):

لە کاتی ڕۆیشتنی ئیمام(س) و هاوەلانی بۆ شاری مەککەی پیرۆز پاش کەمێك ڕۆیشتن چاوی کەوت بە (عبدالله کوری مطیع) کە یەکێ بوو لە هاوەلانی پێغەمبەر(د.خ) ووتی بۆ کوێ دەچی ئەی (أبا عبدالله) خودا گیانم بەقوربانت کا،ئیمام(س) وەلامی دایەوە ئێستا بۆ مەککە پاشانیش خودا دەیزانێ بۆ کوێ دەچم (عبدالله) ووتی ئەی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) سوێند بە خودا گەر تۆ لە ناو بچی ئێمە هەموومان دەکرێینە بەندە لە پاش تۆ ،بۆیە ئامۆژگاری ئیمامی کرد تاکو لە شاری مەککە بمێنێتەوە چونکە ئەم پیاوە وای بۆ دەچوو کە شاری مەککە پیرۆزە لەلایەن خوداوە کەس لەوێ ناتوانێ دەست درێژی بکات و پیرۆزی ئەم شارە بشکێنێ بەلام ئیمام (س) هەر بەرەو پێش ڕۆیشت تاکو نزیك بۆوە لەشاری مەککە وەئەم ئایەتەی دەخوێند کە چاوی بە مەککە کەوت (ولما توجه تلقاء مدين قال عسى ربى أن يهديني سواء السبيل)[2]

تاکو گەیشتە ناو شاری مەککە و خەلکی شاری مەککە بە بچوك و گەورەویانەوە بە پیری وەهاتن وەخۆشحالی خۆیان بۆ دەربڕی ،ئەمەش لە شەوی هەینی ۳/شعبان /سالی (٦٠) کۆچی[3] وەئیمام تەواوی مانگی شعبان و رمضان و شەوال و ذی القعده و هەشت ڕۆژیش لە مانگی ذی الحجة لە شاری مەککە مایەوە.

---

[1] مثير الاحزان ص ١٤-١٥ واللهوف ص ٩-١٠

[2] - قصص :٢٣

[3] تاريخ طبرى جزء ٦ ص ١٩٦-١٩٧



Scanned with CamScanner

## ((ئیمامی حسین (س) لە شاری مەککە)):

والی شاری مەککە (عمر کوری سعید الاشدق) [1] نامەیەکی بەپەلەی بۆ (یزید کوری معاویە) نووسی،لە نامەکەدا بۆی روون کردەووە کە عبداللە کوری زبیر و ئیمامی حسین (س) چۆن گەیشتنە شاری مەککە ،وەپێشوازی خەلکی مەککە لەئیمام

وەکۆبونەوەی خەلك لەگەڵیان ،وەچۆن ئیمامی حسین (س) بەرێگای گشتی دا هاتووە لەپێش چاوی خەلك وەبە ئاشکرا ،وەلە نامەکەش نووسی کەمن ئێستا شاری مەککەم لە دەست رۆیشتووە ،کەس فەرمانی من جێبەجێ ناکات،کە ئەو نامەیە گەیشتە دەست (یزید کوری معاویە) دەست بەجێ یزید فەرمانی دا والی شاری مەدینە (ولید) ی لەسەر کار لابرد چونکە فەرمانی خەلیفەی موسڵمانانی جێبەجێ نەکردووە ،(ئیمامی حسین(س) ی نەکوشتووە !!

بۆیە یزید کوری معاویە بڕیاری دا کە(عمر کوری سعیدالاشدق)ببێتە والی لەسەر هەردوو شوێنی پیرۆز (مەککە و مەدینە[2])

وەیزید کوری معاویە لەگەل ئەم نامەیە نامەیەکی تری نووسی بۆ (عبداللە کوری عەباس) (ر.ض) وەداوای لی کرد کە ئیمامی حسین(س) رازی بکات بۆ مل کەچی بۆ یزید و ئاگری فتنە بکوژێنێتەوە،کە ئەم نامەیە گەیشتە دەست (عبداللە کوری عەباس) (ر،ض) نامەیەکی نووسیەوە بۆ یزید و ناردی،تێدا نووسیبوو،کە هەڵسانی ئیمامی حسین(س) فتنە نیە ،بەلکو بۆ چاکسازی هەڵساوە لەرێگای خودالانادا،بۆیە بەهیچ شێوەیەك پێمان ناکرێ ئیمامی حسین(س) رازی بکەین کە گوێرایەلیت بۆ دەربڕێ!!

بەم جۆرە دەنگوباسی ئیمامی حسین(س) بلاْوبۆوە لەناو دەوڵەتی ئیسلامی کە بەیزید رازی نابێ ببێتە خەلیفەی موسڵمانان

وەلەکاتی ئەم دەنگوباسە گەیشتە شاری(کوفە) کە ئیمامی حسین(س) دژی یزید هەڵساوە ،خەلکی شاری کوفە بەتاك و بە کۆمەڵ و سەرۆك هۆزو ناودارەکان و کەسایەتیە بەناوبانگەکان نامەیان دەنووسی بۆ ئیمامیان رەوانی مەککەی دەکرد،هەر هەموویان لە نامەکانیان دەیان نووسی

[1] تاریخ طبری جزء ٦ ص ١٩١

[2] تاریخ طبری جزء ٦ ص ١٩١



Scanned with CamScanner

که بەزووترین کات تۆ وەرە شاری کوفە والی (نعمان کوری بشیر) زۆر بێ هێزە کە نوێژی هەینی و جەژن و نوێژەکانی تریشی لەگەڵ ناکەین،گەر تۆ بێت ئێمە بەڵێن بێت والی کوفە (نعمان کوری بشیر) دەردەکەین لەم شارە[1] وەهەندیکیان لە نامەکانیان دەیان نووسی،تەنیا ئێمە دڵنیا بین کە تۆ بەرەو کوفە دێی ئێمە لێرە هەڵدەستین و والی کوفە دەردەکەین لە کۆشکی ئیمارە و چاوەڕوانی فەرمانی تۆ دەبین،بەم شێوەیە نامە بەکۆمەڵ دەگەیشتە دەست ئیمامی حسین(س) تاکو دوو کیسەی گەورە پڕ بوون لەنامەکانی خەڵکی شاری کوفە.

((ئیمام حسین(س) مسلم کوری عەقیل بۆ کوفە دەنێرێ)) [2]:

پاش ئەوەی ئیمامی حسین(س) نامەیەکی زۆری پێگەیشت لە خەڵکی شاری کوفە کە داوای ئیمامیان دەکرد بۆ ئەوەی رزگاریان بکات لە ستەم و زۆرداری والیە ئەمەویەکان ،ئیمام حسین (س) یەکێکی بۆ ناردن ئەویش ئامۆزای خۆی (مسلم کوری عەقیل کوری ابی تالب) وەنامەیەکی بۆ خەڵکی شاری کوفە نووسی و دایە دەست (مسلم) وەپێ ووت نامەکە بۆ خەڵکی شاری کوفە بخوێنەوە ،ئەگەر زانیت راست دەکەن نامەیەکم بۆ بنێرە تامنیش بێم بۆ لایان،ئەمەش دەقی نامەکەیە :

(الی الملاو من المومنین و المسلمین:(أما بعد.... قد فهمت كل الذي أقصصتم و ذكرتم ،ومقاله جلكم انه ليس علينا امام فأقبل لعل الله أن يجمعنا بك على الهدى و الحق و قد بعثت اليكم أخى وأبن عمى وثقتي من اهل بيتى وأمرته أن يكتب الى بحالكم وامركم ورأيكم،فان كتب الى انه قد أجمع رأى ملئكم وذوى الفضل منكم على مثل ماقدمت على به رسلكم و و كتبكم أقدم عليكم وشيكا أن شاء الله ،فلعمرى ما الامام الا العامل بالكتاب وألاخذ بالقسط،والدائن بالحق ،والحابس نفسه فى ذات الله ..والسلام) [3]

واتە:

[1]- تاريخ طبرى جزء ٦ ص ١٩٧ ،معالم المدرستين جزء ٣ ص ٦٣ للسيد مرتضى العسكرى .

[2] – الطبرى جزء ٦ ص ١٩٨ ،اخبار الطوال للدينورى ص ٢٣٨ معالم المدرستين للمرتضى العسكرى جزء ٣ ص ٦٥

[3]– الكامل فى تاريخ جزء ٢ ص ٥٣٤ الخطاب الحسينى /د.عبدالكاظم محسن الياسرى ص ٦٠



Scanned with CamScanner

که بەزووترین کات تۆ وەرە شاری کوفە والی (نعمان کوری بشیر) زۆر بێ هێزە کە نوێژی هەینی و جەژن و نوێژەکانی تریشی لەگەڵ ناکەین، گەر تۆ بێت ئێمە بەڵێن بێت والی کوفە (نعمان کوری بشیر) دەردەکەین لەم شارە[1] وەهەندیکیان لە نامەکانیان دەیان نووسی،تەنیا ئێمە دڵنیا بین کە تۆ بەرەو کوفە دێی ئێمە لێرە هەڵدەستین و والی کوفە دەردەکەین لە کۆشکی ئیمارە و چاوەروانی فەرمانی تۆ دەبین،بەم شێوەیە نامە بەکۆمەڵ دەگەیشتە دەست ئیمامی حسین(س) تاکو دوو کیسەی گەورە پڕ بوون لەنامەکانی خەڵکی شاری کوفە.

## ((ئیمام حسین(س) مسلم کوری عەقیل بۆ کوفە دەنێرێ)) [2]:

پاش ئەوەی ئیمامی حسین(س) نامەیەکی زۆری پێگەیشت لە خەڵکی شاری کوفە کە داوای ئیمامیان دەکرد بۆ ئەوەی رزگاریان بکات لە ستەم و زۆرداری والیە ئەمەویەکان ،ئیمام حسین (س) یەکێکی بۆ ناردن ئەویش ئامۆزای خۆی (مسلم کوری عەقیل کوری ابی تالب) وەنامەیەکی بۆ خەڵکی شاری کوفە نووسی و دایە دەست (مسلم) وەپێ ووت نامەکە بۆ خەڵکی شاری کوفە بخوێنەوە ،ئەگەر زانیت راست دەکەن نامەیەکم بۆ بنێرە تامنیش بێم بۆ لایان،ئەمەش دەقی نامەکەیە :

(الی الملاو من المومنین و المسلمین:(أما بعد.... قد فهمت کل الذي أقصصتم و ذكرتم ،ومقاله جلكم انه ليس علينا امام فأقبل لعل الله أن يجمعنا بك على الهدى و الحق و قد بعثت اليكم أخي وأبن عمى وثقتي من اهل بيتى وأمرته أن يكتب الى بحالكم وامركم ورأيكم،فان كتب الى انه قد أجمع رأى ملئكم وذوى الفضل منكم على مثل ماقدمت على به رسلكم و و كتبكم أقدم عليكم وشيكا أن شاء الله ،فلعمرى ما الامام الا العامل بالكتاب وألاخذ بالقسط،والدائن بالحق ،والحابس نفسه فى ذات الله ..والسلام) [3]

واتە:

[1]- تاریخ طبری جزء ٦ ص ١٩٧ ،معالم المدرستين جزء ٣ ص ٦٣ للسيد مرتضى العسكرى .

[2] – الطبرى جزء ٦ ص ١٩٨ ،اخبار الطوال للدينورى ص ٢٣٨ معالم المدرستين للمرتضى العسكرى جزء ٣ ص ٦٥

[3]– الكامل فى تاريخ جزء ٢ ص ٥٣٤ الخطاب الحسينى /د.عبدالكاظم محسن الياسرى ص ٦٠



Scanned with CamScanner

بۆ کۆمەڵەی موسڵمانان و ئیمانداران ،پاشان.... من تێگەیشتم هەموو ئەوەی دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن ،وەداوای زۆربەتان ئەوەیە کە ئێمە بێ ئیمامین تۆ وەرە تاکو خودا لەگەڵ ئێمەت کۆبکاتەوە لەسەر دیارمەندی و راستی ،منیش وا براو کوڕی مام و باوەڕپێکراوی خۆم بۆتان رەوان دەکەم ،وەفەرمانم پێ کردووە کە بۆم بنوسێ لەبارەی بیرو بۆچون و گوزەرانی ئێوە ،ئەگەر بۆمنی نووسی کەوا بیرو بۆچونتان هەروەکو ئەوەیە کە لەنامەکانتان دایە کە بۆمنتان ناردبوو پێش وەخت (انشاالله) لەم نزیکانە دێم بۆ لاتان ،سوێند بە تەمەنم ئیمام تەنیا کار دەکا بە کتابی خوداو دادپەروەرو وەلەسەر رێگای راستە وە لەرێرەوی خودای لانادا.

وە لەوکاتەی (مسلم کوری عەقیل) (ر.ض) گەیشتە شاری کوفە،خەڵکەکە پێشوازی گەرمیان لێ کردو لە دەوری کۆبونەوە ،ئەویش نامەکەی ئیمامی حسین(س)ی بۆ خوێندنەوە ،خەڵکەکەش بەدەم گریان و هاوارەوە رازی دڵی خۆیان دەردەبڕی داوایان لە (مسلم) کرد کە زوو بنێری بۆ هاتنی ئیمام (س) وەلەوکاتی کە مێژوو نوسان دەڵێن (١٨) هەزار کەس بەرامبەر مسلم رەزامەندی خۆیان دەربری بۆ ئیمامی حسین (س) [1]

وەئەم خەڵکە هەمووی لە دوای (مسلم) نوێژی دەکرد وە(مسلم کوری عەقیل) یش میوان بوو لە ماڵی (هانی کوری عروە) کە هاوەڵێکی ناوداری ئیمامی حسین(س) بوو لە کوفە بەم شیوەیەی گۆڕا لە پێش چاوی (نعمان کوری بشیر) کەوالی شاری کوفە بوو لەوکاتی ،بێ ئەوەی والی شاری کوفە هیچ جولەیەك بکات لەناو کۆشکی ئیمارەت نەدەهاتە دەرەوە،لەوکاتی (مسلم کوری عەقیل)نامەیەکی بۆ ئیمامی حسین(س) نارد و تێدا نووسی

" کەمن درۆ لە خانەوادەی خۆم ناکەم ،خەڵکی شاری کوفە زیاتر لە( ١٨) هەزار کەس گوێڕایەڵی خۆیان دەربڕی بۆ تۆ ،تۆش پەلە بکەو زوو وەرە کە ئەو نامەیەی منت پێ گەیشت چونکە ئەو خەڵکە هەمووی لەگەڵ تۆیە هیچ کەس بیرو بۆ چونی لەگەڵ أل معاویە نیە"والسلام[2]

بەم جۆرە بارودۆخ لەشار گۆرا لە بەرژەوەندی (مسلم کوری عەقیل) بۆیە هەندێ دڵسۆزانی ئەمەوی و خۆپێشخەران ،نامەیان نووسی بۆ یزید کوری معاویە یەکێ لەوان (عبدالله کوری

---

[1] -تاریخ الطبری جزء ٦ ص ١٩٧ ،انساب الاشراف للبلاذری ص ١٥٧ الطبری جزء ٦ ص ٢٢١

[2] - الطبری جزء ٦ ص ٢١١



Scanned with CamScanner

مسلم الحضرمی) بوو لەنامەکەی خۆیدا بۆ یزیدی نووسی: مسلم کوری عەقیل گەیشتە کوفە و خەلك بە ئیمامی حسین(س) رازی بوون ،ئەگەر تۆ شاری کوفەت دەوێ پیاوێکی بە توانا دەست نیشان بکە بۆ ئەم شارە کە فەرمانی تۆ جێبەجێ بکات چونکە (نعمان کوری بشیر)پیاوێکی بێ هێزە هیچی لەدەست نایەت ،پاشان هەندێ کەسی تریش لەم شێوە نامەیان بۆ یزید نارد وەکو(عمر کوری سعد،عمار کوری عتبە وەهەندێکی تر..) یزید (نعمان کوری بشیر)ی لادەدات وعبیداللە کوری زیاد دادەنێ لە شاری کوفە )[1]

کە( یزید کوری معاویە) دەنگ و باسی شاری کوفەی زانی بانگی راوێژکاری خوی کرد کەناوی (سرجۆن) بوو [2]

سرجۆن کاتبی معاویە بوو پرسی پێ کرد (سرجۆن) ووتی" پێت چۆنە ئەگەر معاویەی باوکت زیندوو بێتەوە و وەفەرمانت پێ بکا ئایا بە گوێ دەکەی ؟

یزید ووتی بەلێ ،چوو نوسراوێکی بۆ دەرهێنا کە تێدا نوسرابوو (عبیداللە کوری زیاد) بکرێتە والی شاری (کوفە) پێ ووت ئەمە بۆ چونی باوکتە تۆش کەیفی خۆتە.

لەوکاتی (عبیداللە کوری زیاد) والی بوو لە شاری (بصرە) بۆیە یزید نامەیەکی بە پەلەی نووسی بۆ (عبیداللە) وەدایە دەست (مسلم کوری عەمر الباهلی) پێ ووت ئەم نامەیە بگەینە (بصرە) بۆ (عبیداللە) و هەموو شتیشی پێ بلێ ئەمەش دەقی نامەکەی (یزید کوری معاویە)یە بۆ (عبیداللە) والی شاری بصرە :

(....پاشان شیعەکانی من لەشاری کوفە بۆیان نوسیووم کە (کوری عەقیل) هاتۆتە شاری کوفە و خەلك کۆ دەکاتەوە بۆ ئاژاوەنانەوە ،کە نامەی منت خوێندەوە (بصرە) بەجێ بهێلەو برۆ بۆ (کوفە) لە دوای کوری (عەقیل) بگەرێ داوای بکەو بیدۆزەوە بیگرەو بیبەستەوە یان بیکوژە یان لەناوی بەرە ،و .السلام) نامەکەی دایەدەست (مسلم کوری عەمر الباهلی ) ئەویش بە پەلە رۆیشت و نامەکەی گەیاند و لەگەل (عبیداللە کوری زیاد) کۆبۆوە،ئینجا (عبیداللە) بریاری دا براکەی خۆی (عثمان کوری زیاد)ی کردە والی شاری (بصرە)،خۆشی لەگەل هێزێکی تایبەتی خۆی کە هەر هەموویان جل و بەرگی (حجازیان) لەبەرکردوو بە پەلە بەرەو کوفە کەوتەرێ

---

[1] -الطبری جزء ٦ ص ١٩٩-٢١٥

٣- سرجۆن ابن منصور تاریخ الطبری جزء ٢ ص ٢٠٥ وابن الاثیر جزء ٤ ص ٧ ، الطبری ج ٢ ص ٢٢٨



Scanned with CamScanner

،وەلەکاتی ڕۆیشتن بەهەر ئاوەدانیەك دەم و چاوی خۆیان دەپۆشی تاکو کەس نەیان ناسێ ،بەم جۆرە نزیك بوونەوە لەشاری (کوفە) ،ئەوەی سەیرە خەڵکی شاری کوفە چاوەڕوانی ئیمامی حسین(س) وەهاوەڵانی بوون،لێرەدا وایان زانی ئەم کۆمەڵە کەسانە ئیمام و هاوەڵانیەتی ،بۆیە خەڵکی کوفە گەورەو بچوك بەرەو پێشوازی رایان کرد ،خەڵکەکە هاوارو قیژەی دەکرد ،بەخێربێت ئەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوو سەر سەرمان هاتی ،وەچەند جارێك خەڵکەکە داوایان لێ کردن کە رووپۆش لەسەر دەم و چاویان هەڵدەنەوە ،بەلام عبیداللە دەیزانی بۆیە بەم شیوەیە لەناو ئاپۆری خەڵك تاکو گەیشتە بەردەم کۆشکی ئیمارە ،ئالەوکاتی والی شاری کوفە (نعمان کوری بشیر) کەسەیری ئەم خەڵکەی کرد هەموو دەلالێنەوە ئەویش وای زانی ئیمامی حسینە(س) بۆیە دەست بەجێ دەرگای کۆشکی ئیمارەی داخست لەژوورە وە خۆشی سەرکەوتە سەر بان لەم جێگا بلندە سەیری ئەم خەڵکەی دەکرد بزانی چی روو دەدا پاش کەمێك (نعمان کوری بشیر) بینی ئەم هەموو خەڵکە هەر وەستاون بۆیە بە دەنگی بەرز ووتی:

(سوێند بە خودای گەورە من شەڕت لەگەڵ ناکەم وەهەرگیز نات کوژم بەلام ئاسودەیشت پێ نابەخشم) ئالەو کاتی (عبیداللە کوری زیاد) رووپۆشی لەسەر دەم و چاوی خۆی لاداو خەڵك بینیان کە ئیمام نیە،بۆیە رایان کرد وەدەوری چۆل بوو کەسێك لەوێ نەما هەرکەسە دەیویست خۆی بشارێتەوە،کە (نعمان کوری بشیر ) عبیداللە بینی لەسەربان هاتەخوارەوە و دەرگای کۆشکی کردەوە چوونە ژوورەوە پاش کۆبونەوەیەکی کورت یەکێ لەپاسەوانەکانی (عبیداللە کوری زیاد) بەپەلە هاتە دەرەوە ووتی (الصلاە جامعە) چەند جاریك ئەم وشەی دووبارە کردەوە تاکو خەڵك کۆبێتەوە لە مزگەوتی گەورە کە بەرامبەر کۆشکی ئیمارە بوو،پاشان هەندێ خەڵك هاتن بەترسەوە ،(عبیداللە) لەگەل (نعمان کوری بشیر) پاسەوانەکانیان پەرش و بلاو بوون لە هەموو لایەك خەڵکیان بانگەوازی مزگەوت کرد،پاشان عبیداللە بەسەر منبەری مزگەوت کەوت و وتەیەکی هەرەشەو شەران گێزی کورتی خوێندەوە، هەرەشەی کرد لەو کەسانەی کە لە گوێرایەلی (یزید کوری معاویە) دەردەچێ و ووتی (قامچی و شمشێرم دەخرێتە سەر ئەوکەسانەی کە لە فەرمانم دەردەچن و بەلێن دەشکێنن.) پاشان سەرۆك هۆزەکانی شاری کوفەی کۆکردەوە ،بۆ ئەوانیشی ووتارێکی کورتی خوێندەوە پێ ووتن (ئەی خەڵکینە گوێرایەلی خوداو پێشەواکانتان بکەن ناکۆك مەبن چونکە لەناو دەچن دەکوژرێن بێ بەش دەکرێن بەزەیمان پێتان



Scanned with CamScanner

نایەتەوە،ئەوە براتە کە لەگەڵت ڕاست بکا من ئاگادارم کردەنەوەو ئێوەش مەهانەتان نیە مەڵین نەمان زانی) پاشان (عبیداللە کوری زیاد) بانگی (عمر کوری نافع) کرد پێ ی ووت بـەخۆت و چەند کەسانیك لەناو شاری کوفە بسوڕینەوە بە دەنگی بەرز هاوار بکەن بلێن ئێمە (بەرین) لـە گشت کەسێکی لەم شارە شورتە بێت یان فەرمانبەر یان کاسب یان هەرچی بێت ئەگەر نوێـژی ئێوارە لە مزگەوتی گەورە نەکات،بۆیە خەڵك کۆبۆوە مزگەوت پر بوو،پاشان (عبیداللە کـوری زیاد) فەرمانی بە پاسەوانەکان دا کە بپارێزن لە هەموو لایەك و پەرت بن لـەناو خـەڵك ،پاشـان بەسەر مینبەر کەوت ووتی (أما بعد فان ابن عقیل السفیه الجاهل قد اتی ماقد را یتم من الخلاف والشقاق برئت ذمة الله من رجل وجدناه فی داره ومن جاء به فله دیته،اتقوا الله عباد الله والزموا طاعتکم وبیعتکم ولاتجعلوا علی انفسکم سبیلا") بەم شیوەیە تـرس و دلـەراوکێ و تۆقانـدنی خستە ناو دلی خەڵکی شاری کوفە ،وەپاشان کە هێزی بـلاو کـردەوە لـەناو شـاری کوفـە لـە هەموو کوچەو کۆلان و شەقامەکان فەرمانی دا بە گرتنی (هانی کوری عروە) چونکە ئـەو پیـاوە هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) بوو میوانداری (مسلم کوری عەقیل)کردبوو بۆیە سەرۆکی پۆلیسەکانی کوفە کە ناوی (حصین کوری نمیر) لەگەڵ پۆلیسەکانی خۆی هـانی کـوری عروەیـان دەسـتگیر کرد و هێنایانە لای (عبیداللە کـوری زیـاد)لـە کۆشـکی ئیمـارەت ،ئینجـا عبیـداللە داوای لـە (هانی)کرد کە (مسلم کوری عەقیل)بداتە دەست (هـانی) بـەم کـارە رازی نـەبوو،لـەو کـاتی عبیداللە بە قامچی لە دەم و چاوی هانی داو خوین لە دەم و چاوی هاتە خوارەوە ،هـانی لەبـەر ئەوەی پیاوێکی ئازاو دلێر بوو کە عبیداللە لێدا دا ئەویش ویستی شمشێر لە پاسـەوانێك بسـتێنێ کە لێی نزیك بوو تاکو لە عبیداللە بداتەوە ،بەلام بە کۆمەلێك پاسەوانەوە دەورەیان داو دەست و پێان بەست عبیداللە فەرمانی دا زنجیری لە ملیشی بکەن دەبێ زیندانی بکرێ بە تـەنیا لـە نـاو کۆشکی ئیمارە وپاسەوانی بۆ دانرا،پاشان هۆزی (هـانی کـوری عـروە) کۆبونـەوە کـە هـۆزی (مذحج)ە کە ژمارەیان گەلەك زۆر بوو لە پێش کۆشکی ئیمارەت و داوای ئازاد کردنی هانیان کرد چونکە سەرۆك هۆزی (خۆیان) بوو ،تاکو (عبیداللە کوری زیاد) ناچار کرا کە بـە (شـریح القاضی) بلێ برۆ بەم خەلکە بلی کە هانی ماوە ،ئەویش هاتە دەرەوە سوێندی خوارد کە هانی هیچی لێ نەهاتووە لای (عبیداللە) یە بۆکاری پێویست ،وەئەوەی دەلێ کوژراوە درۆیە!!!

پاشان خەلکەکە هێور بۆوە پێش دەرگای کۆشکیان چۆل کرد ،بەم جۆرە (مسلم کوری عەقیل)



Scanned with CamScanner

به تەنیا مایەوە لەناو شاری کوفە لە ترسی عبیداللە هیچ ماڵێك نەیتوانی بیگرێتە خۆی،تاکو خۆی گەیاندە ماڵی ژنێك کەناوی (طوعة) بوو ،لەوێ خۆی حەشار دا تاکو بەیانی.

## ((گەمارۆ دانی مسلم کوری عەقیل)):

(عبیداللە کوری زیاد) داوای لە بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی کوفە کرد کە (حصین کوری نمیر) بوو،فەرمانی پێ کرد کە (مسلم کوری عەقیلم) بۆ بگرە لە هەر ماڵێك بێت ،بەم جۆرە (حصین کوری نمیر) بە هێزی گەورەی پۆلیس ماڵ بەماڵ گەڕەکەکانی شاری کوفەی پشکنی پاشان سەرکردەیەکی تری نارد کە ناوی (محمد کوری أشعت) بوو لەگەڵ (٧٠) پۆلیس بۆ یارمەتی دانی (حصین کوری نمیر) پاشان زانیان (مسلم کوری عەقیل ) لە ماڵی (طوعة)یە ئینجا (محمد کوری اشعث) داوای کرد لە (عبیداللە کوری زیاد) کە یارمەتی دەوێ لە ئەسپ سوار و پیادەو بەرد هاوێژو تیرهاوێژ چونکە ماڵەکەیان دۆزیەوە ،دواتر هێزی ئەمەوی فێڵێکیان کرد بەم شێوەیە ،ناوەناوە بەردباران و تیر بارانی ماڵەکەیان دەکرد لەسەر بانەکانی دەوروبەر تاکو مسلم نەتوانێ سەربەرزکاتەوە ،هەندێکیش خەریکی لێدانی چاڵێك بوون لە نزیك دەرگای ماڵەکە تاکو چاڵەکەیان تەواو کرد و سەریان بە پوش و پەلاش گرت پاشان تیرباران و بەردبارانیان ڕاگرت و ئاگریان لە دوور هاویشتە ماڵەکە هەمووشیان نزیك بونەوە لە چواردەوری ماڵەکە،پاشان هەڵاتن و رایان کرد تاکو (مسلم کوری عەقیل) وایزانی لە ترسان ڕادەکەن ،بەم جۆرە (مسلم کوری عەقیل) کە ئاگر لەماڵەکە بەر بوو وەئەوانیش ڕایان کرد بە دوایان دا هاتە دەرەوە بۆ شەڕ کردن بەڵام کەوتە ناو چاڵەکە ،ئەوانیش لە هەموو لایەك گەڕانەوە چوار دەوریان گرت بەتیرو بەردو شمشێر لیان دا تاکو تەواو برینداربوو،ئینجا دەست و پێان بەست و هێنایانە لای(عبیداللە کوری زیاد) لەوکاتی مسلم کوری عەقیل (ر.ض) فەرمووی (أنااللە وأنا الیە راجعون) وەفرمێسکی هاتە خوارێ،پێان ووت بۆچی دەگری ؟

مسلم فەرمووی سوێند بە خودا بۆ خۆم ناگریم بەڵام بۆ حسین و خانەوادەی حسین(س) دەگریم.



Scanned with CamScanner

## ((ووتو ویژی نێوان مسلم کوری عەقیل و عبیداللە کوری زیاد)):

(مسلم کوری عەقیل ) یان هێنایە ژوورەوە بۆ لای (عبیداللە کوری زیاد)یەکێ لەپاسەوانەکان بە (مسلم) ی ووت سلاو بکە لە (ئەمیر) (مسلم) ووتی" بێ دەنگ بە هاوار بە مالّت سوێند بەخودا ئەو (ئەمیری) من نیە (عبیداللە) سلاوت لەسەر نیە تۆ سلاوبکەیت و نەکەیت هەر کوژراوی (مسلم) گەر بمکوژی لە تۆ خراپتر لە من باشتری کوشتووە (عبیداللە) خودا بمکوژێ گەر نەتکوژم بە کوشتنێك کە روینەدابێ لە ئیسلام (مسلم) بەراستی تۆ شایەنی ئەوەی کە (بدعە)ی والەناو ئیسلام پەیدا بکەی کە هیچ کەسێك پەیدای نەکردبێ،چونکە کاری تۆیە کوشتنی خراپ و ئەتك بە مردووکردن و پیسی دڵ و دەروونت و پیسکەیی و رەزیلیت لەوانە کەسێك نیە سەرت لێ بدا!!

(عبیداللە) ئەی سفلە،ئەی جیاوازی کەر،ئەی دەرچوو لەسەر ئیمامت،ئەی پەیدا کەری شەر و فیتنەی ناو موسڵمانان!!

(مسلم) درۆت کرد،سوێند بەخودا،ئەوەی دەرچونی لەسەر ئیمام هێنایە کایەوە یزید و باوکی بوون وەئەوەی فیتنەی هینایە کایەوە تۆو باوکت بوون،ومن داواکارم لەخودای بێ هاوتا کە شەهادەم پێ ببەخشێ لەسەر دەستی خراپترین و پیسترین بەندەکانی خۆی (عبیداللە) ئێوە داوای فەرمانێك دەکەن کە خودا بۆ ئێوەی دانەناوە (مسلم) ئەی بۆ کێ ی داناوە ،هەی کوری مەرجانە،ئەگەر بۆ ئێمە نەبێ (عبیداللە) خوا بۆ یزید کوری معاویەی داناوە!!

(مسلم) سوپاس بۆ خودا لەسەر هەموو بارودۆخێك ئێمە رازین کە خودا (حەکەم) بێت لەنێوانمان (عبیداللە) ئایا ئێوە گومان دەکەن کە بەشێکتان هەبێ لە فەرمانداری ؟(مسلم) سوێند بە خودا گومان ناکەین ....ئێمە دڵنیاین دڵنیاین!!

(عبیداللە) دەستی کرد بە جونێودان بە ئیمامی علی کوڕی ابی تالب وەئیمامی حسن و حسین و عەقیل (مسلم) تۆ و باوکت شایەنی جنێوبوون،هەرچی لە دەستت دێ بیکە ئەی دوژمنی خودا!!

(عبیداللە) لە کوێیە (بکری کوری حمران) بانگی دەکەنە ژوورەوە عبیداللە پێ دەڵێ تۆ بیبە سەر بانی کۆشك لەوێ سەری ببرە و لاشەکەی لەسەر کۆشك فرێدە خوارەوە (مسلم) بۆ سەربان



Scanned with CamScanner

دەبردرێ وەبەپایەکان هەڵدەگەڕێ بە دەنگی بەرز دەڵی الله اکبر ،استغفرالله ،وسلاوات لەسەر پێغەمبەر(د.خ) وئاڵی دەدات و دەڵێ خودایە فەرمان لەنێوانمان و نێوان ئەو میللەتە بکە چونکە درۆیان لەگەڵ کردین و یارمەتیان نەداین و ستەممان لێ دەکەن ،پاشان دوو رکات نوێژی کردوو سەری براو فرێدرا خوارەوە لەسەر کۆشکی ئیمارەت !!

(مسلم کوری عەقیل )لەرۆژی دووشەمە لە مەککە بەرێ کەوت بۆ کوفە وەلەرۆژانی سێ شەممە ۸/ذی الحجە لەرۆژەکانی عەرەفە سالی( ٦٠) کۆچی شەهید کرا واتە ئەو رۆژەی کە ئیمامی حسین شاری مەککەی بە جێهێشت بەرەو کوفە و عیراق ،پاشان عبیدالله کە (مسلم کوری عەقیل )ی کوشت (هانی کوری عەروە)ی هێنایە ناو بازاری کوفە بازاری گۆشت فرۆشان لەوێ بانگی بەندەکەی خۆی کرد کە ناوی (ترکی) بوو پێ ووت لێرە لەگەڵ ئاژەڵان سەری ببڕە ،پاشان لاشەی مسلم کوری عەقیلیان هێنا لەگەڵ لاشەی (هانی کوری عروە) بە پەت لەدوای ئەسپەکانیان خست و بەناو بازاری کوفە ڕایان دەکێشان بۆ تۆ قاندنی خەڵك .

کە یەکێ لە شاعیران دەڵێ:

فأن كنت لاتدرين ما الموت فأنظری الی هانی فبالسوق وابن عقیل



Scanned with CamScanner

## ((نامەیەك لە عبیداللە كوری زیاد بۆ یزید كوری معاویە)):

لەدوای كوشتنی (مسلم كوری عەقیل و هانی كوری عەروە) سەری هەردووكیان براو بۆ (یزید كوری معاویە ) رەوان كرا لە شام ،ئینجا عبیداللە نامەكەو هەردوو سەرەكەی دایە دەست (هانی كوری ابی حیە الوداعی و زبیر كوری اروح التمیمی) كە بۆ یزید ببەن ،ئەمەش دەقی نامەكەیە: (پاشان...سوپاس و ستایش بۆ خودا كە مافی (ئەمیر المومنین)ی سەندەوە خـودا پشـتی گـرت و سەری خست بەسەر دوژمنانی ،ئاگاداری (ئەمیر المومنین) دەكەمەوە خودا پیرۆزی كا كە (مسلم كوری عەقیل) هاتبووە میوانی (هانی كوری عروە) لە شاری كوفە ،منـیش چـاودێریم كـردن و پلانم دارشت ،تاتوانیم و خواكردی زاڵ بوین بەسەریان سەرم برین و بۆ تۆم رەوان كرد لە گەل ئەم دوو پیاوە بەڕیزە (هانی بن ابی حیـە و زبـیر بـن الاروح التمیمـی ) كـە پیـاوی چـاكن و گوێڕایەڵن وەلە خواترسن و لە قسەمان دەرناچن ،حەزدەكەم (ئەمیر المومنین) یش تاقیان بكاتەوە بزانـی چـۆن پیـاوێكن ،چـونكە خـاوەن زانسـت و زانیـارین و راسـتگۆن و لـە خواترسـن .....والسلام) .

**((وەڵامی یزید کوری معاویە بۆ عبیداللە ..والی کوفە)):**

(پاشان...تۆ ئەو کەسەی کە چۆن دڵم دەیەوێ وادەکەی ،بەراستی دلێری و کارێکی باشت کردووە ،بەراستی راستی لەگەڵ من ،زیاتر دەکەی لەوەی کە دڵم پێخۆشە ،گومانم بە هەڵە نەچووە بەرامبەرت ،وەئەو دوو کەسەشم تاقی کردەوە ،پرسیارم لێ کردن قسەکەت راستە چۆنی تۆ دەڵێ وایە،بەڵام ئێستا ئاگادار کراومەتەوە کە (حسین کوری علی) وادێت بۆ عێراق ،تۆ خۆت ئامادە بکە رێگاکان بگرە و چاودێر لە هەموو لایەك بلاوبکەوە ،لەسەر گومان خەڵك بگرە ،بەلام کەس مەکوژە تا شەڕت لەگەڵ نەکرێ وەبۆم بنوسە بە پەلە هەرچی روو دەدات،رووداو بەرووداو بە زووترین کات ).



Scanned with CamScanner

**((نامەی ئیمامی حسین (س) بۆ سەرۆك هۆزەكانی بصره)):**

ئیمامی حسین (س) پێش ئەوەی لە شاری مەككە بەرەو عیراق بێت ،نامەیەكی نووسی بۆ چەند كەسانێك كە سەرۆك هۆزو كەسایەتی ناوداری شاری (بصره) بوون،ئەمەش دەقی نامەكەی ئیمامی حسین:

(أما بعد ....فأن الله اصطفى محمدا صلى الله علية والة على خلقة،واكرامة بنبوتة ،واختارة لرسالتة ،ثم قبضه الية ،وقد نصح لعبادة ،وبلغ ماارسل بة صلى علية والة،وكنا اهلة واولياوة واوصياوة وورثته ،واحق الناس بمقامة من الناس فأستأثر علينا قومنا بذلك فرضينا ـ وكرهنا الفرقة واحبنا العافية ونحن نعلم انا أحق بذلك الحق المستحق علينا ممن تولاة وقد بعثت رسولى اليكم بهذا الكتاب وأنا ادعوكم الى كتاب الله وسنة نبية (ص)فأن السنة قد اميتت،وأن البدعة قد أحييت،وأن تسمعوا قولى وتطيعوا أمرى اهدكم سبيل الرشاد والسلام عليكم ورحمة الله )

واتە: (پاشان ....خودا پێغەمبەری هەلبژاردووە (د.خ)لەسەر هەموو بونەوەر ، وەپیرۆزی كردووە بە پێغەمبەرایەتی ،وەهەڵی بژارد بۆ فەرمایشتەكانی خۆی ،پاشان بۆ خۆی بردەوە ،ئامۆژگاری خەڵكانی كرد و فەرمایشتەكانی خودای راگەیاند

سلاوی خوای لەسەر خۆی و ئالی بێت ،وەئێمە ئەهل و لایەنگرو جێنیشین و میراتگری ئەوین،جێگای ئەو لە هەموو كەسێك زیاتر بۆ ئێمە رەوایە ،بەلام میللەتی خۆمان لێ نەگەران ئێمەش رازی بووین تا ناكۆكی و جیاوازی نەكەوێتە نێوانمان سەرەرای ئەوەی كە دەمان زانی و دلنیابووین لەوەی كە ئەوە مافی ئێمەیە نەك ئەوانەی وەریان گرت،ومن نامەو نیراوێكم بۆ ناردن وبانگەوازیتان دەكەم بۆ كتابی خوداو سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) چونكە سوننەت نەما و مرد (بدعە) زیندوو بۆوە ئەگەر گوێم لێ بگرن و گوێرایەڵم بن دیارمەندتان دەكەم بۆ رێگای راست ..والسلام).

بەم جۆرە ئیمامی حسین(س) نامەكانی بۆ ئەمانە رەوان كرد:

١-مالك بن مسمع البكرى

٢-احنف بن قيس

٣-قيس ابن الهيثم



Scanned with CamScanner

٤-منذر ابن جارود العبدی

٥-یزید بن مسعود النهثلی

ئەو پێنج کەسە لە ناودارانی شاری (بصرە)بوون لەوکاتی ،وە هەر نامەیەکی بە نێراوێك ڕەوان کرد بۆیان ،پاش ئەوەی ئیمام مۆری خۆی لە هەموو نامەکان دا ئەو پێنج کەسە هەموویان نامەکەی ئیمامیان وەرگرت وەڕێزیان لێ نا ،تەنیا (منذر کوری جارود العبدی)نەبێ ئەو گومانی لە نامەو نێراوەکە کرد ،وای زانی ئەو نامەیە (یزید کوری معاویە) نووسیویەتی وەدەیەوێ (منذر)تاقی بکاتەوە ،بۆیە نێردراوی ئیمامی حسین(س) گرت و لەگەڵ نامەکە بۆ عبیداللە کوری زیادی نارد لە کوفە ،پاشان عبیداللە نێردراوی ئیمامی حسینی کوشت،بەڵام چوار کەسەکەی تر زۆر بە ساردی وەڵامی ئیمامی حسێنیان دایەوە،کە نەیان ویست خۆیان دووچاری ئەم شەڕو پێکدادانە بکەن ،تەنیا (یزید کوری مسعود النهثلی)نەبێ کەنامەی ئیمامی حسینی پێگەیشت ،زۆر دڵی خۆش بوو ڕێزێکی زۆری لە نێردراوی ئیمام گرت و هۆزەکەی خۆی هەموو کۆکردەوە کە بریتی بوون لە (بنی تمیم،بنی حنظلة،بنی سعد) وە وتارێکی بۆ خوێندنەوە ووتی ئەگەر ئیمامی حسین(س) بەسەر نەیەخین وەڵامی بانگەوازی ئەو نەدنەوە ، موژدەتان دەدەمێ کە ئێوە بەسەر شۆری دەمێننەوە تا دونیا دونیایە ،وەمن کە سەرۆك هۆزی ئێوەم،ئامادەم بەتەنیا بچم بۆ یارمەتی ئیمام

ئەگەر ئێوە بەتەنیام بهێڵنەوە ،بەڵام هۆزەکەی وەڵامیان دایەوە کە هەموویان گیان لەسەر دەستن بۆ یارمەتی نەوەی پێغەمبەر (د.خ) بەم جۆرە پەیتا پەیتا هێزێکی گەورەی پێك هێنا لە هۆزەکەو دەوروبەری خۆی وەلە شاری( بصرە) دەرچوون بەرەو کوفە بەلام پێش ئەوەی بگەنە شاری کوفە ئاگادار کرانەوە کە ئیمام حسین(س) لە کربلاء شهید کراوە ،ئەوانیش بە ناچار گەڕانەوە بۆ شاری (بصرە).

((ئیمامی حسین(س) بەرەو عیراق دەڕوات)):

کە ئیمامی حسین(س) نامەی(مسلم کوری عەقیل) پێ گەیشت ،بریاری دا بەرەو عیراق بکەوێتە ڕێ،هەموو لایەنگرانی خۆی کۆکردەوە و وتارێکی کورتی بۆ دان وپێ ووتن دەمەوێ بڕۆم بۆ عێراق،کە خەڵکانی شاری مەککە زانیان ئیمام (س) دەیەوێ بڕوات بۆ کوفە ،هەندێك لە

کەسایەتیەکانی شاری مەککە بیرورای خۆیان دەربڕی،هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە نەچێتە عیراق ،هەندێك ووتیان (بایع یزید) مل کەچی دەرببرە بۆ یزید!!

هەندێکی تر ووتیان برۆ بۆ (یەمەن) لەوێ شۆرش بکە دژی ئەمەویەکان هەندێکی تر ووتیان هەر لێرە بمێنەوە لەشاری مەککە چونکە کەس ناتوانێ پیرۆزی ئەم شارە بشکێنێ !!

بەلاّم لە راستی دا ئیمام لە هەموو کەس باشتر دەزانێ و پێویست بە ئامۆژگاری ناکات،وەلە ماوەی ئەم چوار مانگەی کە لە شاری مەککە بوو(یزید کوری معاویە) زیاتر لە (٣٠) کەسی دەست نیشان کردبوو کە ئیمامی حسین(س) بکوژن لەناو شاری مەککە وەلەکاتی رۆژانی حەج کردن ،بۆیە ئیمام (س) کە وەلاّمی یەکێکی دایەوە کە داوای لە ئیمام کرد لە شاری مەککە دەرنەچێت ،فەرمووی (سوێند بە خوا گەر بستێك دوورتر لەدەرەوەی شاری بکوژرێم پێم باشترە نەوەك لەناو مەککە بکوژرێم،پەنا بەخوا ئەگەر خۆم لەناو حەشارگەیەکی زیندەوەران بنێم وازم لێ ناهێنن و دەرم دەهێنن تادڵی خۆیان لێم دادەمرکێنن، تاوانم بەرامبەر دەکەن هەر چۆن جولەکەکان تاوانیان کرد لە رۆژی شەممە [1]

باوکم عەلی کوری ابی تالب (س) بۆ گێراومەوە کەلەم شارەی بەرانێك پیرۆزی کەعبە دەشکێنێ،منیش نامەوێ ئەو بەرانە بم[2] بەلام (عبداللە کوری جعفر الطیار) کە لەو کاتی هەردوو چاوی کوێر بوو ،کە ئامۆزاو زاوای ئیمامی حسین(س) بوو نەیتوانی لەگەڵ ئیمام بچێت بۆ عیراق بەلاّم هەر چوار کورەکەی خۆی لەگەڵ نارد،داوای لە ئیمام (س) کرد کە نەچێ بۆ عێراق ،بۆ ئەو مەبەستە چووە لای والی شاری مەککە و نامەیەکی لە والی مەککە هێنا بۆ ئیمامی حسین(س) ئەمەش دەقی نامەی والی شاری مەککە بۆ ئیمامی حسین(س):

(....أما بعد فأنی اسأل اللە أن یصرفك عما یوبقك،وأن یهدیك لما یرشدك ،بلغنی أنك توجهت الی العراق ،وانی اعذك باللە من الشقاق فأنی اخاف علیك فیە من الهلاك.....)واتا من داوا لە خودا دەکەم کە پاشگەزت بکاتەوە لەو بۆ چونەی کە دووچاری سزات دەکا ،وەرینمایت بکات تا دیاریمەند بێت ،زانیم کەدەتەوێ بەرەو عیراق بچیت من دەمەوێ پەنا ببەیە بەر خودا لە گرتنەبەری ناکۆکی ومن دەترسم لەبەر ئەوەی ژیانت بروا لەناو بچێت).

---

[1] الطبری جزء٦ ص ٢١٧ ،ابن الاثیر جزء ٤ ص ١٦،طبقات ابن سعد ص ٢٧٨ تاریخ ابن عساكر ص ٦٦٤

[2] – الطبری جزء٦ ص ٣١٧ ،انساب الاشراف لبلا ذری ص ١٦٤



Scanned with CamScanner

((ئیمام که ئەم نامەی والی پێگەیشت بەم جۆرە بۆی نووسیەوە)):

(....أما بعد فانه لم یشاقق الله ورسوله من دعی الی الله عز وجل وقال اننی من المسلمین ،وقد دعوت الی الامان والبر والصله ،فخیر الامان أمان الله ولن یومن الله یوم القیامه من لم یخفه فی الدنیا ،فنسأل الله مخافه فی الدنیا توجب لنا اما نه یوم القیامه....) [1]

(واتا کەسێ گاڵتە بە خوداو پێغەمبەر(د.خ) ناکات گەر ئاواتی بانگەوازی بێت بۆ خودای بێ هاوتاو موسلمان بێت،وتۆش بانگم دەکەیت بۆ دڵنیای و چاکە و نزیکایەتی بەلام باشترین (أمان) دڵنیای) دڵنیای خودایە ،خودا کەسێك دڵنیا ناکات لە رۆژی دوایی ئەگەر ئەم کەسە لە دونیا لێ ی نەترسا بێ ،بۆیە داوا لەخودا دەکەین کە ترسی خۆیمان پێ ببەخشێ لە دونیا تاکو لەپاشە رۆژ دڵنیامان بکات ) کە ئیمامی حسین (س)لە شاری مەککە دەرچوو ،والی شاری مەککە هێزێکی نارد کە رێگا لە ئیمام بگرن و دووچاریان بکەن دەرنەچن،وەئەو هێزە گەیشتنە لای ئیمام (س)لە دەرەوەی مەککە ،هەرەشەو قسەی زل لە نێوانیان پەیدا بوو ،تاکو گەیشتە ئەوەی بە قامچی هەندێك یارانی ئیمام و هێزی والی لێکیان دا ،بەلام شمشێر رانەکێشرا وەکەزانیان ئیمام هەر ناگەڕێتەوە ،هێزەکە بە ناچاری گەڕایەوە مەککە،بەلاّم یەکێ لەناو هێزەکەی والی بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد و ووتی:(ئەی حسین بۆ لەخوا ناترسی جیاوازی دەخەیە نێو ئیسلام...)

ئیمام وەلامی دایەوە :(لی عملی ولکم عملکم انتم بریئون مما اعمل وأنا بری مما تعملون) .

واتە من کاری خۆم بۆ خۆمە ئێوەش کاری خۆتان بۆ خۆتانە ئێوە لەگەڵ من نین وەمنیش لەگەڵ ئێوە نیم.

بەم جۆرە ئیمام (س) رێگای گشتی گرتە بەر و لەرێگا چیرۆکی (یحیی کوری زکریا) سلاویان لەسەر بێت بۆ یارەکانی گێڕایەوە کە چۆن (یحیی) پێغەمبەر(د.خ) سەری بڕاوە وەکو بەخشیشی بۆ تاوانبارێکی جولەکە رەوانە کراوە،ئیمام بەرەو پێش چوو تاکو گەیشتە (وادی العقیق) لەم

[1] الطبری جزء ٦ ص ٢١٧،ابن الاثیر جزء ٤ ص ١٧، ابن کثیر جزء ٨ ص ١٦٦ ،انساب الاشراف البلاذری ص ١٦٤



Scanned with CamScanner

شوێنه چاوی به پیاوێك كەوت لـه هۆزی بنی (اسد) كه لەلای عیراق  دەهات بۆ مەككه ،ئیمام لی پرسی كه چیت لـه پاش خۆت به جیّ هیشتووه

خەڵكانیكم لـه پاش خۆم بەجیّ هیشتووه كه هەموویان دڵیان لـەگەڵ تۆیه بەلام بـه شمشـێر دژی تۆن!!

پاشان ئیمام رۆیشت تاكو گەیشته (الحاجر) لەویّ ئیمام نامەیەكی تری بۆ شاری (كوفه) نووسی تیّدا سوپاسی خەڵكی شاری كوفەی كردو ووتی أنشاالله بەم نزیكانه دەگەمەلاتان ،ئەم نامەیـەی دایه دەست (قیس كوری مسهر الصیداوی) كه یەكیّ لـه هاوەلانی ئیمام بوو،ئـەویش بەسـواری ئەسپ لـه پیّشدا رویّشت بۆ كوفه.



Scanned with CamScanner

**((بەدیل گیرانی قیس کوری مسهر الصیداوی)):**

که (قیس کوری مسهر) نزیك بۆوه لە شاری کوفه دیتی پیاوانێکی زۆر لە گەڵ پۆلیس ڕێگایان گرتووه،نامەکەی دەرهێنا زانی ئەمانە دوژمنن،بۆیە ناوەکانی ناو نامەکەی ڕەش کردەوە،پاشان پاسەوانەکان گرتیان و پشکنینیان بۆ کرد نامەکەیان لێ سەند !! وەلیان پرسی تۆ کێت ؟

ووتی من لایەنگری ئیمامی حسینم،پاشان دەست و پێیان بەست و زنجیریان کردە مل و بەم شێوەیە بردیانەلای (عبیداللە کوری زیاد) والی شاری کوفە عبیداللە لێ پرسی تۆ کێت ؟؟

ووتی :یەکێکم لە لایەنگرانی ئیمامی حسین(س) عبیداللە پی ی ووت بۆ ئەم ناوانەت لەناو نامەکە ڕەش کردۆتەوە؟

قیس :ووتی تاکو تۆ نەتوانی بیخوێنیتەوە ،عبیداللە کێ ئەو نامەیەی نووسیوە و بۆ کێ ی ناردووە؟

قیس"ئەو نامەیە ئیمامی حسین(س) نووسیویەتی بۆ خەڵکی شاری کوفە،عبیداللە رق و کینە دەیگرێ و سوێند دەخوا هەرئێستا دەتکوژم تەنیا ئەگەر بەسەر مینبەر بکەوی جنێو بە حسین و باوکی و براکانی بدەی و ئەو ناوانەی ناو ئەم نامەیەم بۆ دیاری بکەی ناتکوژم.

قیس"ناوەکان ناتوانم دیاری بکەم،بەلاّم دەچمە سەر مینبەر جونێو بە حسین و باوکی و براکانی دەدەم.

عبیداللە:فەرموو بەسەر مینبەر بکەوە ،قیس،بەسەر مینبەر دەکەوێ و دەڵێ :(پاش سوپاسی خوداو صلاوات لەسەر پێغەمبەر(د.خ) ،دەڵێ خەڵکی کوفە من نێراوی ئیمامی حسینم ئیستا ئەو لە (حاجر)ە بەم نزیکانە دەگاتە لاتان داواتان لێ دەکەم پیشوازی بکەن و سەری بێخن و جوێن بە (بەنی ئومەییە و عبیداللە کوری زیادیش دەدات.

عبیداللە فەرمان دەدات بیهێننە خوارەوە سەری ببڕن و لەسەر کۆشك لاشەکەی فرێ بدەن ،قیس ووتی هەرچی دەکەیت بیکە من کاری خۆم جێ بەجێ کرد ،وەقسەی ئیمامم گەیاند .



Scanned with CamScanner

## ((نامەی یزید کوری معاویە بۆ والی شاری کوفە عبیداللە)):

کە یزید کوری معاویە (خەلیفەی مووسلمان) دەنگوباسی ئیمامی حسین(س) پێ گەیشت کە بەرەو عیراق هات،نامەیەکی بە پەلەی بۆ عبیداللە کوری زیاد نارد کە ئەمە دەقەکەیەتی(انه قد بلغنی أن حسینا" قد صار الی کوفه ،وقد ابتلی به زمانك من بین الازمان،وبلدك من بین البلدان،وابتلیت انت من بین العمال و عندها تعتق أو تعود عبدأ کما تعتبد العبید) [1]

واتە زانیاریم پێ گەیشتووە کە حسین بەرەو کوفە دێت ،لەناو کاتان کاتی تۆ وەلەناو شوێنان شوێنی تۆ وەلەناو والیان تۆ دوچاری ئەم کارە دێیت،پاشان بابینم یان ئازاد دەکرێ ی تۆ ،یان دەکرێیەوە بەندە هەروەکو بەندە بوویت لە پێشدا)

((عبیداللە کوری زیاد ئامادە باشی رادەگەیەنێ)):

عبیداللە کە ئەم نامەیەی پێ گەیشت لە لایەن (یزید) و تێکرا ئەمەویەکان ،دەست بەجێ ئەم فەرمانانەی دا

١- هیزەکانی دابەش کردن لەسەر ر ێگاکانی دەورو پشتی شاری کوفە لە هەموو لایەکەوە،وەقەدەغەکردنی (سەفەر) کردن لەشاری کوفە بۆ هیچ لایەك وەهەر یەکێك بێتە شاری کووفە دەبێ ئامادە بێ لای عبیداللە

٢- سەربازگەیەکی نوێ ی دامەزراند لە دەرەوەی شاری کوفە بەناوی سەربازگەی (نخیلە) کە خەڵك تێدا کۆدەکرایەوە.

٣- چوار سەرکردەی دانا لەناو شاری کوفە کە خۆیان و سەربازەکانیان بە سواری ئەسپ بە کوچەو شەقامەکان دا بسورێنەوە وەهاوار بکەن بانگەوازی خەلك بکەن بۆ یارمەتی دانی (یزید کوری معاویە) و جونێو و قسەی ناشیرین بە ئیمامی حسین(س) بدەن،وەبەخەڵك بڵێن هەر کەسێ یارمەتی ئیمامی حسین(س) بدات موچەی دەبرێ و ئازوقەی پێ نادرێ و خانووی دەروخێنرێ و ئازارو ئەشکەنجە دەدرێت!!!!

ئەم چوار سەرکردەش ئەمانە بوون:

---

[1] -تاریخ ابن عساکر ص ٦٥٧ ص ٦٥٦،انساب الاشراف للبلاذری ص ١٦٠ ،تاریخ الاسلام للذهبی جزء٣ ص ٣٤٤ ،تاریخ ابن کثیر جزء٨ ص ١٦٥



Scanned with CamScanner

أ- كثير بن شهاب الحارثى .
ب-محمد بن اشعث بن قيس .
ت-القعقاع بن سويد بن عبدالرحمن النقرى .
پ-اسما بن خارجه الفزارى .
٤- بریاری دا هێزێکی زۆر بە توانا بنێرێ بۆ ئەم ڕێگایەی کە ئیمامی حسین(س) لەوێوە دێت بۆ کوفە ،بۆ ئەم مەبەستەش پیاوێکی زۆر ئازاو دلێری شاری کوفە هەبوو بە ناوی (حربن یزید الریاحی) ئەمە دەست نیشان کرا لەگەڵ هەزار(١٠٠٠) سواری پڕ چەك بۆ ڕێگە گرتن لە ئیمام و یارانی.
٥- فەرمانی دەرکرد ،هەرکەسێ دەتوانێ شەڕبکات با خۆی بێتە (سەربازگەی نخیلە) ئەگەر خۆی نەیەت بە زۆر دەهینرێ ،مێژوونوسان دەگێرنەوە کە (قعقاع کوری سوید) [1] پیاوێکی دیت لە ناو شاری کوفە ویستی بینێرێ بۆ (سەربازگەی نخیلە)بەلاّم پیاوەکە وتی من خەلّکی شاری کوفە نیم بەلّکو خەلّکی شاری (هەمەدان) م هاتومەتە ئێرە چونکە قەرزم لەسەر پیاوێك هەیە کە خەلّکی (کوفە)یە داوا دەکەم بم بەخشن لەم کارە ،چونکە من بۆ قەرز وەرگرتنەوە هاتووم نەوەك بۆ شەڕ کردن لەگەل ئیمامی حسین(س) ئەم پیاوە (قعقاع کوری سوید) دەستی بەست و بردیە لای عبیداللە وتی ئەم پیاوە رازی نابێ بچێتە شەڕ،عبیداللە فەرمانی دا هەرئێستا بیکوژن دەست بەجێ پیاوەکە کوژرا.
٦- بریاری کۆتای عبیداللە ئەوە بوو کە هێزێکی تایبەتی خۆی دانا کە ئابلوقەی شاری (کوفە) بدات لە دەرەوە تاکو کەسێك نە توانێ لە شاری کوفە دەربچێ بۆ یارمەتی ئیمامی حسین(س) یان بیەوێ ڕابکات و ڕزگاری بێت.
ئەمە سەرەرای ئەوەی کە زیندانەکانی شاری کوفە پڕ کرابوون لەو کە سانەی کە گومانیان لێ دەکردن کە لایەنگری ئیمامی حسین(س)ن .

((گەیشتنی ئیمامی حسین(س) بۆ زرود))

---
[1] اخبارالطوال للدینوری ص ٢٤٦-٢٤٧ ،انساب الاشراف للبلاذری ص ١٦٨



Scanned with CamScanner

ئیمامی حسین(س) و هاوەڵانی هەر بەرەو عێراق دەچوونە پێش بەرێگای گشتی بە قۆناغ دەڕۆیشت و شەوان پشوویان دەدا لەو شوێنانەی کە ئاوەدانی لێ بوو،ئیمامی حسین(س) هەموو ڕێگاکەی بڕی لە نێوان (مەککە)بۆ(کوفە) بە (٢٣) ڕۆژ،بەڵام بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری بەڕێز روون بێتەوە لێرەدا ناوی هەموو ئەم شوێنانە دەنووسم یەك لە دوای یەك لە شاری مەککەی پیرۆز تاکو کەربەلاء کە ئیمام پێدا ڕۆیشتووە ، ناوەکان بە پێ ی زاراوەی ئەو سەردەم بەم شیوەیە بوو:

(مةككة-تنعيم-الصفاح-وادى العقيق-الحاجر-زرود-الثعلبية-زبالة-بطن العقبة-شراف-البيضة-عذيب الهجانات-قصر بنى مقاتل-كربلاء ).

کە ئیمام گەیشتە (زرود) پیاویکی ناوداری بینی کە خێمەی هەڵ دابوو،خۆی وچەندەها کەسی عەشیرەتەکەی و ماڵ و منالّی ،ئەم پیاوەش (زهیر کوری القین) بوو،وەئیمام لە ڕێگا هەر کەسێکی دیبا پێ ی دەوت و بانگەوازی ئاراستە دەکرد،بۆیە هاوەڵێکی خۆی نارد کە پێ ی بڵێ وەلامی ئیمام بداتەوە،لەو کاتی کە ئەم پیاوە گەیشتە لای بینی وا (زهیر کوری القین) لەگەڵ خێزان و منالّەکانی دانیشتووە لەسەر سفرەی نان خواردن،زهیر پارووی بۆ دەمی دەبرد،دەستی رەق بوو ویستی بیرکاتەوە،بەلام ژنەکەی پێ ی ووت زهیر ئەوا بیردەکەیتەوە،ئیمامی حسین بانگت بکات کە نەوەی پێغەمبەرە(د.خ) و کوری فاتمەی زەهرایە (س) راوەستانی دەوێ؟؟

زهیر نانەکەی داناوەو بە پەلە خۆی گەیاندە ئیمامی حسین(س) ،پاش ووت و وێژێکی کورت زهیر گەڕایەوە ،ووتی هەندێ کەل و پەلی پێویستیم بۆ دانێن و ئەسپەکەم بینن لەگەڵ چەك و پێداویستیم،ئەوەی لەگەڵ من دێ بابێت وە ئەوەی نایە کەیفی خۆیەتی من گیانی خۆم دەکەمە قوربانی گیانی ئیمامی حسین(س)(١) ئیوە من نابیننەوە جاریکی تر ،وەپیش ئەوەی (زهیر کوری قین) ماڵ ئاوای لە خێزان و مندالانی بکات ووتی گوێ بگرن،ڕۆژێك لە غزابووم لە شوێنێك پێ ی دەڵێن (بلخير) کە نزیك دەریای خزری ئێران بوو لەو کاتی لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) سەرکەوتین بەسەر دوژمن و (غەنیمە) ی زۆرمان بەدەست کەوت و هەموومان گەلەك کەیف خۆش بووین لەو کاتی (سلمان الباهلی) کە لەگەڵمان بوو ،بینی ئیمە واکەیف خۆشین چونکە دەست کەوتمان زۆر بوو،سلمان ووتی ئەوا بەم دەست کەوتە دلخۆش دەبن؟



Scanned with CamScanner

ووتمان بەچی دلخۆش بین (سلمان) ووتی ئیوە ئەگەر رۆژەکتان هاتە پیش نەوەی پەمبەر(د.خ) بانگەوازیان کردن،ئەگەر وەلاٌمتان دانەوە لە گەلّیان چوون ئەوکاتی دلّخۆش بن [1] کە لەگەلّ ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) دان،ئینجا خودا حافیزی لیّ کردن و گەیشتە ناو یارانی ئیمامی حسین(س).

## ((ئیمام کوشتنی مسلم کوری عەقیلی راگەیاند )):

کە ئیمام گەیشتە (الثعلبة) رۆژ و شەویك لەویّ مایەوە ،پاشان رۆیشتن تاکو گەیشتنە (زبالە) ،لەویّ ئیمام بە هاوەلانی خۆی راگەیاند کە (مسلم کوری عەقیل) شەهید کراوە،هەروەها (عبیدالله کوری یقطر) کە برای مسلم بوو بە (شیرخۆری) ئەویش شەهید کراوە،چونکە پاش مسلم کوری عەقیل ئیمام (س) نامەیەکی تری رەوان کرد بۆ خەلکی (کوفە) بە هۆی (عبیدالله کوری یقطر)ئەویش لە پیش دا رۆیشت بۆ (کوفە) بەلام (عبیدالله کوری یقطر) لە ریگا بەدیل گیرا بە دەستی پۆلیسەکانی عبیدالله وەگەیشتە بەردەستی (عبیدالله کوری زیاد) ئەویش داوای لی کرد کە بەسەر مینبەر بکەویّ جنیّو بە علی کوری ابی تالب و وأمامی حسن و حسین بدات بلیّت من لەوان (بەریم) ،(عبیدالله کوری یقطر) ئەگەر نەم کوژی بەرامبەر خەلك من ئامادەم وابلیم!!

(عبیدالله کوری زیاد) سویّندی خوارد ئەگەر لە پیّش خەلّك وابلیّ نات کوژم!

ئەویش بەسەر مینبەر کەوت ووتی ئەی خەلّکینە من نیراوی ئیمامی حسینم(س) کوری فاتمەی زهرای کچی پێغەمبەر(د.خ) منی ناردووە تاکو داواتان لیّ بکەم سەری بیّخن پشتی بگرن دژی کوری مەرجانە [2] و کوری سمەیەی زۆل) ئینجا هیّنایانە خواریّ کوشتیان.

هەروەها ئیمام (س) پیّ ی ووتن ئەمانە هەموویان شەهید بوون لە ریّگای خودا وە بۆ خودا گەرانەوە وەئەوەی لەسەریان بوو جیّ بەجیّان کرد،ئیّمە ماینەوە لە پاشیان وە ئایا نرخی ژیان و دونیا چی یە پاش ئەوانە کەبەم جۆرە ستەمیان لی کراو شەهید کران،ئینجا ئیمام هەمووی یارانی و خەلکەکەی کۆکردەوە پیّ ووتن،ئیوە بزانن ئەم خەلکە هەمووی بۆتە دوژمن ئیّمە،ئەوەی

---

[1] ابن الاثیر ج ٤ ص ١٧

[2] مەبەستی (یزید و عبیدالله) یە



Scanned with CamScanner

دەیەوێ بگەڕێتەوە لەلایەن منەوە هیچی لەسەر نیە با بۆ خۆی بڕوات،زۆر لەم خەڵکە هاتبوون گەڕانەوە ،تەنیا ئەهل و بەیتی خۆی و خزم و برادەرانی دڵسۆز مانەوە ،کە بوونە یارمەتی دەری ئەهل و بەیت و نەیان ویست سەر شۆڕکەن بۆ هیچ زۆردارێك.

ئینجا ئیمام ڕۆیشت تاکو گەیشتە (بطن العقبە)شەو لەوێ مانەوە،لەوێ پیاوێکی دیت ناوی (عمر کوری لۆذان)بوو،ئەویش ووتی ئەی ئیمام (س)مەڕۆ بۆ (کوفە)چونکە من بە چاوی خۆم دیتم شمشێر و رمیان تیژ دەکرد وەخۆیان ئامادە دەکرد بۆ شەڕ کردن،ئیمام فەرمووی ئەی (عبدالله) ئەوەی تۆ دەیلێ ی زۆر روون و ئاشکرایە لای من بەلام ویستی خودا هەردەبێ بگاتە جێ،پاشان ئیمام بەرێ کەوت تاکو گەیشتنە (شراف) لەوێ ئیمام (س) فەرمانی پێ کردن کە زۆر ئاو لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن چونکە بەرەبەرە لە شوێنی دوژمن نزیك دەبنەوە .



Scanned with CamScanner

## ((پێکگەیشتنی ئیمام (س) لەگەڵ هێزێکی ئەمەوی)) [1]:

بە فەرمانی (عبیداللە کوری زیاد)والی کوفە هێزێکی سەربازی کە ژمارەیـان (١٠٠٠) هـەزار کـەس بوون بە سەرکردایەتی (حر ابن یزیـد الریـاحی) کـە سـەرکردەیەکی ئـازاو نـاوداری شـاری کوفـە بوو،وەئەم هەزار کەسەی لەگەڵیدا بوون هەمووی بۆخۆی هەڵبژاردبوو لـە سـوپاکانی تـر ،هـەموو بەسواری ئەسپ و چەکی باش رێگای قادسیەیان گرتەبەر و رۆیشتن بەریگای گشتی لە کوفـەوە بـۆ مەککە چونکە دەیانزانی کە ئیمام(س) رێگای گشتی بەرنادات –ئەرکی ئەم هێزە ئەوە بوو کە ئەگەر گەیشتنە لەشکەری ئیمام(س) چواردەوریان بگرن و نەیەلن بۆ هیچ لایەك برۆن تاکو گەیشتنە نزیك دەوروبەری (شراف)،ئیمام حسین(س) لەوکاتی کـەنزیك نیـوران بـوو تـازە لـە ناوچـەی (شـراف) دەرچووبوون لەسەر رێگای گشتی ،لەوکاتی یەکێ لەهاوەلانی ئیمام (س) بەدەنگێکی بەرز هـاواری کرد(الله اکبر)،ئیمام پێی ووت چی روویداوە؟

پیاوەکە ووتی ئەو هەموو دارخورمایانە لە دوور دیارن نابینن،کە ئیمـام تەماشـای کـردوو فـەرمووی ،ئێرە دارخورمای لێ نیە، چونکە بیابانە ئەوا هـەمووی ملـی ئەسـپ و رمەکانـە لێتـان دیـارن،بۆیـە ئیمام(س) پرسی هیچ ئارامگەیەك لەم نزیکانە هەیە، یەکێ لەیارەکانی ووتی بەلێ،شوێنێك زۆر نزیکـە پێ ی دەلێن(ذوحسم) لە لای چەپی ئەم رێگایە،ئیمام فەرمانی داو خۆیان گەیاندە ئەم شوێنە و لەوێ دابەزین و خێمەیان هەڵدا،لەوکاتی هێزی ئەمەوی بەسەرۆکایەتی (حر کوری یزید الریاحی) گەیشتە نزیکیان،بەلام هەرهەموویان تینوو ماندوو شەکەت بوو بوون لە رێگا ،ئیمام فـەرمانی دا کـە ئاویـان بدەنێ!

بەم جۆرە زۆربەی سەربازەکانی ئیمام (س)ئاویان دابەش کرد بۆ ئەم هێزە ،تاکو تێر ئاو بوون،پاشـان ئیمام (س) هاتە پێشەوەو لە سەرکردەکەیانی پرسی،ئایا ئێوە لەگەڵ ئێمەن یان دژی ئێمەن؟؟

(حر الریاحی) وەلامی دایەوە .ئێمە دژی ئێوەین ئەی ئەبا عبداللە!!

ئیمام (س)فەرمووی:(لاحول ولا قوه الا بالله العلی العظیم).لـە هـەمان کـات ئیمـام رووی خـۆی وەرگێرا لـە (حر الریاحی) وەیەکێ لە هاوەلانی ئیمام (س) ووتی:ئـەی نـەوەی پێغەمبـەر(د.خ)کـاتی نوێژی نیوەرۆیە،ئینجا ئیمامی حسین(س) فەرمووی (حجاج کوری مسروق الجعفی) بانگ بدە،ئەویش

---

[1] الکامل فی التاریخ ابن الاثیر ،ج ٤ ص٤٦ بیروت ١٩٦٥ م



Scanned with CamScanner

بانگی دا تاکو تەواو بوو ،هەردوولا هەر بەپێوە وەستاون،ئیمام رووی لە (حر الرياحی)کردوو ووتی تۆ نوێژ بە هێزەکەی خۆت دەکەی؟؟

(حر الرياحی)ووتی نەخێر....ئێمە هەموومان لەدوای تۆ نوێژ دەکەین،ئیمام حەزی کرد کە هەموو پێکەوە نوێژ بکەن ئیقامە کراو ،ئیمام حسین(س) پێش نوێژی بۆ هەموویان کرد،کە لە نوێژ بوونەوە ،هەموو هەر دانیشتبوون،ئیمام هەڵساوە سەر پێ ووتارێکی بۆ خوێندنەوە ،ئەمەش دەقەکەیەتی:

(ايها الناس انها معذرة الى الله عزّ وجل واليكم،انى لم أتكم حتى اتتنى كتبكم و قدمت على رسلكم ان اقدم علينا فانه ليس لنا امام لعل الله يجمعنا بك على الهدى فان كنتم على ذلك فقد جئتكم فان تعطونى ما ا طمئن اليه من عهودكم ومواثقكم اقدم مصركم وان لم تفعلوا وكنتم لمقدمى كارهين انصرفت عنكم الى مكان الذى قبلت منه اليكم،ايها الناس فانكم ان تتقوا الله و تعرفوا الحق لاهلة يكن ارضى الله عنكم ونحن اهل بيت محمد(ص) أولى بولاية هذا الامر عليكم من هولاء المد عيين ماليس لهم والسائرين فيكم بالجور والعدوان،وان ابيتم الا الكراهة لنا والجهل بحقنا وكان رأيكم الان غيرما اتتنى به كتبكم وقدمت به على رسلكم انصرفت عنكم) [1]

واتە:ئەی خەڵکینە داوای لی بووردن دەکەم لە خوداو لە ئێوە،من نەهاتووم بۆ لاتان تاکو نامەکانی ئێوەم پێگەیشت لەگەڵ نێراوەکانتان کە داواتان کردبوو وەرە لامان ئێمە بێئیمامین تاکو خودا لەگەڵ ئێمەت کۆبکاتەوە بۆ رێگای راست،ئەگەر ئێوە لەسەر قسەو بەڵێنی خۆتان ماوون من واهاتم وەگەر ئێوە وابکەن کە دڵم ئۆقرە بگرێ لەسەر پەیمان و بەڵێنەکانتان دێمە وولاتی ئێوە،وەئەگەر پێتان ناخۆشە منیش دەگەرێمەوە ئەو شوێنەی کە لێ ی هاتووم ،ئەی خەڵکینە گەر ئێوە لە خودا بترسن ماف دەگەرێننەوە بۆ خاوەنەکەی ئەوەی کە خودا پێ ی خۆشە وەئێمە ئەهل و بەیتی محمد(د.خ)ین ،ئێمە خاوەنی ئەم ئەرکەین نەخۆ ئەوانەی خۆیان دەڵێن ئێمە هەوین،هەویش نین!! فەرمان دەکەن لەنێوانتان بە ستەم و زۆرداری ،وەئەگەر ئێوە رازی نین بە ئێمەو تێناگەن لە مافەکانمان وەبیروبۆچونتان ئێستا گۆڕاوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم هەموو نامانەتان بۆ من نارد بەدەستی نیراوەکانتان ،من دەڕۆم بە جێتان دەهێلم لەو کاتی (حر کوری يزيد الرياحی) :هەڵساوە ووتی :

---

[1] -تاريخ الطبرى جزء٥ ص ٤٠ الخطاب الحسينى،د.عبدالكاظم محسن الياسرى ص ٧٥



Scanned with CamScanner

سوێند بە خودا ئێمە هێچ زانیاریەکمان نیە لە بارەی ئەو نامانەی کە تۆ باسی دەکەی؟؟
ئیمام حسین(س)فەرمووی :ئەی (عقبە کوری سمعان)برۆنامەکان بێنە پێشیان!!
(عقبەکوری سمعان) کە هاوەلێکی ئیمام بوو ،بە پەلە دووکیسەی گەورەی پڕ نامەی خەڵکی ناوداری شاری (کوفە)ی هێناو بلآوی کردەوە لەنێوانیان،سەربازەکانی (حرکوری یزید الریاحی) نامەکانیان ناسیەوە و خەڵکەکانیان دەناسی و دەیان هێنا نیشانی (حر کوری یزید الریاحی) یان دەدا،ئینجا (حر کوری یزید الریاحی) ووتی:من خۆم نامەم بۆت نەناردووە ،بەلآم فەرمانم پێ کراوە کە تۆو ئەم هێزەی لەگەڵت دایە بدەمە دەست (عبیداللە کوری زیاد) ئیمام فەرمووی گەر ئەو کارە بکەی مردن زۆر باشترە بۆ تۆ !!! ئیمام(س) ویستی بڕوات،(حر الریاحی) رێگای لێ گرت ئیمام (س) فەرمووی (ثکلتك امك!!ماذا ترید منا) واتە دایکت تۆی بمرێ(یان رۆرۆ کابۆت) چیت لێمان دەوێ (حر الریاحی)ووتی سوێند بە خودای گەورە ،هەر کەسێکی تر ئەم قسەیەی بە من ووتبا ووەلآمم دەدایەوە ،بەلآم ناتوانم ناوی دایکی تۆ بهێنم مەگەر بە چاکە نەبێت،
ئیمام (س)فەرمووی چیت لە ئێمە دەوێ؟(حر الریاحی) ووتی دەبێ تۆ و لەشکرەکەت بدەمە دەست کوری زیاد!!
ئیمام(س) کەواتە سوێند بە خودا لەگەڵت نایەم (حر الریاحی) کەواتە سوێند بەخوا وازت لێ ناهێنم!!
بەم جۆرە شەرە قسە لەنێوانیان درێژەی هەبوو،پاشان کە (حر الریاحی)زانی ئیمام(س) لەگەڵی نایەت،بۆ خۆبەدەستەوەدان بۆ لای (عبیداللە) بەبێ شەرکردن،داوای لە ئیمام کرد تۆ لەنزیك رێگا برۆ ئێمەش بەرامبەرت لە لایەکەی تری رێگا دەرۆین،
هەر ئیستا نامەیەکی دەنووسم بۆ والی (کوفە)(عبیداللە)بزانم چی دەڵێ ،تاکو نامەکە دێتەوە بەم شێوەیە دەڕۆین هەردوولامان ...!!
ئیمام رازی بوو بەم پێشنیارە ،وە ئیمام (س)لەو کاتی ئەو هەلەی قۆستەوە ،رووی لەلەشکری (حر الریاحی)کردوو فەرمووی:
(ایها الناس ان رسول اللە (ص)قال (من رأی ساطانا" جائرا"مستحلا لحرام اللە،ناکثنا لعهداللە ،مخالفا لسنه رسول اللە(ص) یعمل فی عباداللە بالاثم و والعدوان،فلم یغیر علیه بفعل او قول ،فکان حقا علی اللە ان یدخله مدخله) الا وان هؤلاء قد لزموا طاعة الشیطان وترکوا طاعة الرحمن،واظهروا



Scanned with CamScanner

الفساد،وعطلوا الحدود،واستاثروا بالفى ،واحلوا حرام الله،وحرموا حلاله، وانا احق من غير ،وقد اتتنى كتبكم وقدمت على رسلكم ببيعتكم،انكم لاتسلمونى ولا تخذ لونى ،فان تممتم على بيعتكم تصيبوا رشدكم فانا الحسين بن على وابن فاطمة بنت رسول الله (ص) نفسى مع انفسكم ،واهلى مع اهلكم ،فلكم فى اسوه، وان لم تفعلوا وانقضتم عهدكم وخلعتم بيعتى من اعناقكم فلعمرى ماهى لكم بنكير،لقد فعلتموها بابى واخى وابن عمى مسلم ابن عقيل والمغرور من اغتربكم،فحظكم اخطاكم ونصيبكم ضيعتم،ومن نكث فانما ينكث على نفسه،وسيغنى الله والسلام عليكم ورحمته الله وبركاته) [١].

[١] الكامل فى التاريخ جزء ٣ ص ٢٨٠ مقتل الامام الحسين،الخوارزمى جزء ١ ص ٣٣٥ الخطاب الحسينى ،ص ٨١-٨٢

واتە ئەی خەلکینە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی :

(هەر یەکێك لە ئێوە سەرۆکێکی ستەم کاری بینی ،قەدەغەکراوەکانی خودای بەرەوا زانی ،بەلێنی خودا بشکێنێ،پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەر(د.خ) کاربکا،تاوان و ستەم ئەنجام بدات لەناو کۆمەڵ کەسێك بەر هەڵستی نەکات بە کردەوە و بەقسەی، خودا تونترین سزای بۆ ئامادە دەکات).

وەئێوەش دەزانن ئەو سەرکردانەتان گوێڕایەڵی شەیتانن،وپشتیان لە گوێڕایەڵی خودا کردووە خراپەکاری بلاودەکەنەوە ،یاساکانی خودایان پەك خستووە،بۆ خۆیان شتی زیادە دەبەن،ئەوەی خودا قەدەغەی کردووە لایان رەوایە،ئەوەی رەوایی یە لایان قەدەغەیە،وەئێوە دەزانن من شیاوترم بۆ ئەم کارە ،ئێوە نامەتان بۆ ناردم ،نێردراوتان رەوانەی لام کردو منتان هەلبژارد و بەلێنتان دا کە سەر شۆڕم نەکەن و رادەستی ئەوانم نەکەن ،ئەگەر بەلێنەکانتان بگەیننەجێ بۆ من ئەوا ئێوە دیار مەند دەبن بزانن من حسینم کوری علی وەکوڕی فاتمەی کچی پێغەمبەر(د.خ) منیش لەگەل ئێوەم،ماڵ و منالم لەگەڵ ماڵ و منالی ئێوەیە،وەمن بۆ ئێوە باشترین پێشەوام ،وەئەگەر واش نەکەن پاشگەزببنەوە ،من بە پێشەوای خۆتان دانەنین ،سوێند بە تەمەنم ئەوە لێتان چاوەڕوان کراوە،چونکە هەر واتان کرد لەگەڵ باوکم (علی کوری ابی تالب) و (حەسەنی برام) و (مسلم کوری عەقیل) ی ئامۆزام،هەلخەلەتاوە ئەوەی شانازیتان پێوە بکە،ئێوە لە چانسی خۆتان هەلەتان کردووە،بەشی خۆتان بزر کردووە،وەئەوەی بەلێن شکێن بێت ،بۆ خۆی دەگەرێتەوە،وەخوا باکی بەوانە نیە هی تر هەن کە پشتیان پێ ببەستێ والسلام)

کە ئیمام (س)لەم وتارە بۆوە ،هەمووی کڕوکپ و دەت ووت کەڕولاڵن !!

ئینجا یەکێ لە یارانی ئیمام(س) کەناوی(زهیر کوری قەین) بوو هاتە قسەو ووتی گوێمان لە فەرموودەکانت بوو خودا دیارمەندت کات ئەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ) سویند بە خوا،گەر ژیان بە نەمری بوایە هەتا هەتایە بمابایینەوە لە دونیا،وەکۆتای ژیانمان بوەستابا سەر یارمەتی دانی تۆ ،ئێمە ژیانمان نەدەویست بەلکو یارمەتی دانی تۆمان دەویست.ئیمام دوعای چاکی بۆ کرد،پاشان ئیمام(س) رۆیشت و (حر کوری یزید الریاحی) بەرەبەرە لە ئیمام دەهاتە پێش و ریگەی پێ تەنگ دەکرد ،پاشان (حر کوری یزید الریاحی) بەئیمامی(س) ووت:



Scanned with CamScanner

من بەیادت دەێنمەوە گەر تۆ شەڕ بکەی شەڕت لەگەڵ دەکەن و شەڕیش بکرێ تۆ لەناو دەچی ،ئیمام (س) فەرمووی تۆ بەمردن من دەترسینی؟؟
ئایا ئێوە لەمردن رزگارتان دەبێ؟؟
بەلاّم نازانم چیت پێ بلێم ...تەنیا ئەوەت پێ دەلێم کە یەکێ لەهۆزەکانی (أوس) بە ئامۆزاکەی خۆی گوت مەرۆ بۆ شەر دەکوژرێ ی ،کە ئەویش لەگەڵ هاوەلآنی پێغەمبەر(د.خ) بوو،هاوەڵەکەی پێغەمبەر(د.خ) بەم جۆرە وەلامی ئامۆزاکەی دایەوە منیش هەر ئەمە وەلامە بۆ تۆ:

| | |
|---|---|
| سأمضي وما بالموت عار على الفتى | اذا ما نوى حقا وجاهد مسلما |
| وأسى رجال الصالحين بنفسة | وفارق مثبورا و ودع مجرما |
| أقلم نفسي لا اريد بقاء ها | لتلقى حميا في الوغى وعر مرما |
| فأن عشت لم أندم وأن مت لم ألم | كفى بك ذلا ان تعيش وترغما |

(حر کوری یزید الریاحی) لە وەلامەکە گەیشت کە تەنیا لە دێری کۆتای دەلێ –پاش ئەوەی کە دەلێ ناگەڕێمەوە من دەچم،دەلێ گەر بژیم پەشیمان نابمەوە وە ئەگەر بشمرم ئازار ناچێژم بەسە بۆ هەر کەسیك سەر شۆری کە بژی لە دونیا بەبێ ئازادی،بۆیە لەو کاتی گوێ ی لەو هۆنراوەیە بوو لە ئیمام (س) تەواو دوور کەوتەوە چیتر قسەی نەکرد.



Scanned with CamScanner

## ((گەیشتن بە قصر بنی مقاتل)):

کە هەر دوو لەشکر گەیشتنە (قصر بنی مقاتل)ئیمام (س) دیتی خیوەتێك هەڵدراوە هەندێ کەسی لێە،ئیمام (س) پرسی ئەوە کێ یە لێرە؟

وتیان ئەوە (عبیداللە کوری حر الجحفی)یە کە پیاوێکی ناودارو ئازایە لە شاری (کوفە) ،ئیمام (س) یەکێکی نارد بۆ لای کە بێتە لای ئیمام بۆ یارمەتی دان،ئەویش ووتی سوێند بە خودا من لە (کوفە) دەرچویمە تاکو دووچاری ئەم شەرە نەبم،پاشان ئیمام(س) بەخۆی هاتە لای و داوای لێ کرد کە یارمەتیم بدە؟

ئەویش ووتی دەبێ بم بووری ناتوانم،ئیمام(س) فەرمووی (سوێند بەخوا کەسێك بانگەوازی ئێمەی گوێ لێبێت و یارمەتیمان نەدات خوودا لە ناوی دەبات) ئەم پیاوە کە گوێ ی لە قسەکانی ئیمام(س) بوو ووتی باشە ئەم ئەسپە ببە بۆ خۆت پێشکەشت دەکەم،ئەسپێکی رەسەن و باشە ئیمام(س) فەرمووی پێویستمان بە ئەسپەکەت نیە ،رووی لێ وەرگێرا و فەرمووی (وما كنت متخذ المضلين عضدا) [1]

[1] سورة الكهف ٥١



Scanned with CamScanner

## ((گەیشتنی نامەی عبیدالله كوری زیاد بۆ حر الریاحی)):

ئیمام دەیزانی هەروا نزیك دەبنەوە لەناو جەرگەی دوژمن بۆیە هەوڵی دەدا شوێنێك بدۆزیتەوە کە ئاوی لێ بێت تاكو دابەزن،لەوكاتی نامەی (والی كوفە)عبیدالله كوری زیاد گەیشتە لای (حر كوری یزید الریاحی) كە سوار ئەسپێك هێنا بووی،لەوكاتی هەردوو لەشكر وەستان و چاوەڕوانی فەرمانی نوێ بوون ئەمەش دەقی نامەكەیە:

((أما بعد....فجعجع بالحسين عين يبلغك كتابي،ويقدم عليك رسولي فلا تنزله الا بالعراء وفي غير حصن وعلى غيرماء،وقد امرت رسولي أن يلزمك ولا يفارقك حتى يأتيني بأنفاذك امري.....والسلام))

واتە(پاشان....كە نامەكەی منت پێ گەیشت جێ بە حسین تەنگ بكە ،وەنیراوم گەیشتە لات ،لیمە گەرێ دابەزێ ،تەنیا لە شوێنێكی چۆل و بێ پەناو پێچ و بێ ئاو نەبێ ،وەمن فەرمانم داوە بەنێراوەكەم تا چاودێریت بكاو نەڕوا تاكو بزانم فەرمانی من جێ بەجێ دەكەی یان نا ....والسلام))[1]

لێرەدا ئیمام(س) ولەشكرەكەی لە ناوەڕۆكی ئەم نامەیە ئاگادار نەبوون،بۆیە یەكێ لەیارانی ئیمام كەناوی(ابو الشعثاء ) بوو،بانگی كردە نیراوی(عبیدالله كوری زیاد)،واتە ئەو كەسەی كە نامەكەی هینا بوو ،پیێ ی ووت:ئەرێ تۆ ناوت (مالك كوری نسیر البدی) نیە؟؟

پیاوەكە ووتی بەلێ هەوم ،یارەكەی ئیمام (ابو الشعثاء ) ووتی ئەو نامەیەی هێنات چی تێدایە ،سوارەكە ووتی هەرچی تێدابێت من گوێرایەڵی ئیمامی خۆم كردووە و بە وەفا بوومە بۆی و بەڵێنم نەشكاندووە،(ابو الشعثاء ) پیێ ی ووت لە خودا یاخی دەبی و گوێرایەلی ئەو ئیمامەت دەكەی كە لەسەری لەناو دەچی و دەخرێیە ناو ئاگرو ئابڕوت دەچێ چونكە خودا دەفەرمووی (وجعلناهم أئمه يدعون الى النار ويوم القيامه لاينصرون) [2]

ئائەوە پێشەواتە ،پاشان ئیمام(س) ویستی بروات بەرەوپێش ،بەلاَم (حر كوری یزید) و لەشكرەكەی تەواو هاتنە پێش و جێیان بە ئیمام تەنك دەكرد،ئیمام (س) فەرمووی ئەی(حر) تۆ نەت ووت لە لای ریًگا برۆن،ئێستا بۆ وادەكەی ،(حر كوری یزید الریاحی) ووتی بەلێ بەلاَم ئێستا ئەم نامەیەم بۆ هات

---

[1] الدينوری في اخبار الطوال ص ٢٥٢-٢٥٣ ،مجمع الزوائد للهيثمی جزء ٩ ص ١٩٢

[2] سورتی القصص ٤١



Scanned with CamScanner

بەم جۆرە فەرمانم پێ کرا،ئینجا یەکێ لە پیاو ماقولانی ئیمام(س) کە (زهیر کوری قین)بوو،داوای لە ئیمام کرد کە مۆڵەتمان بدە ئێستا شەریان لەگەڵ بکەین باشترە بۆمان ،نەخۆ هەر چاوەڕێ بکەین تا ئەوان زیاتر بن،ئیمام فەرمووی نابێ من دەست پێشخەری شەڕ بم پاشان رۆیشتن بەم شێوەیە تاکو گەیشتنە گوندێك (دێ) کەناوی (نینوی)بوو،ئیمام ویستی دابەزێ بەلام(الریاحی) لێ نەگەرا دابەزن،پاشان گەیشتنە دێ یەکی تر کە ناوی(الغاضرية) بوو،لەوێش نەیان هێشت لەشکری ئیمام دابەزن،هەمووی لەترسی ئەوەی کە نێردراوی(عبیداللە کوری زیاد)وەکو چاودێرێك وەستا بوو،سەیری دەکردن بزانێ (حر کوری یزید)فەرمانەکە جێبەجێ دەکات یاخود نا ،پاشان گەیشتنە شوێنێك لەوێ (حر کوری یزید) خۆی و لە شکرەکەی هاتنە پێش ئیمام (س) وەبەتەواوی رێگایان لێ گرت نەیان هێشت چیتر برۆن بۆ پێشەوە ،ئیمام (س) فەرمانی دا دابەزن.... لەشکری ئیمام هەمووی دابەزین و لەوێ خێمەیان هەڵدا و لەشکری (حر کوری یزید) یش کەمێك لێیان دوور کەوتنەوە کەزانیان ئەوانە هەمووی دابەزین بەلاّم هەر چاودیریان دەکردن.

ئیمام(س) فەرمووی ئەم شوێنە چی پێ دەڵێن ووتیان کەربەلاء ئیمام فەرمووی (ذات کرب و بلاء )

پاشان ئیمام (س) فەرمووی رۆژێك باوکم علی کوری ابی تالب (س) بەم شوێنە دا رۆیشت لە شەری (صفین) ئەویش پرسی ئێرە چی پێ دەڵێن ووتیان (کربلاء)

باوکم فەرمووی (هاهنا محط رکابهم ،هاهنا مهراق دمائهم،قالوا له اصحابه ماذا تقول یا امیر المومنین!! قال (ع) ثقل لال محمد (ص) ینزلون ها هنا،لە (طبری) دا هاتووە دەڵێ کە ئیمامی حسین (س) گەیشتە (کەربەلاء ) دەستی درێژ کردوو ووتی ئەوە شوێنی دەردوو بەلایە،وەرنە خوارەوە ئائێرە شوێنی سوار ئەسپەکانمانە،ئێرە شوێنی دەرچونمانە،ئەوە شوێنی کوشتنی پیاوەکانمانە و رشتنی خوێنەکانمانە) وەمێژوونووسان دەڵێن کە ئیمام (س) لەگەڵ یارەکانی گەیشتنە( کربلاء ) ،ژمارەیان (٧٢) سوار ئەسپ بوو کە چەکدار بوون.

ئەمە جگە لە ژن و مندالّ و نەخۆش،ژن و منالّ و هەندێ لە یارەکانی ئیمام خێمەکانیان دادەکوتی رێکیان دەخست ،بەلاّم ئیمام (س) مستێکی لە خۆلی (کربلاء ) هەڵگرت و بۆنی کرد ،ئیمام (س) فەرمووی سوێند بە خودا ئەوە ئەو خۆڵەی ئەو شوێنەیە کە حەزرەتی جبرائیل(س) بە پێغەمبەری(د.خ) ووتبوو کە من لێرە دەکوژرێم،ئەو فەرموودەیەش (ام سلمە) خێزانی پێغەمبەر(د.خ) بۆی گێرامەوە،ووتی رۆژێکیان تۆ بچووك بووی ،پێغەمبەر(د.خ) هاتە ژوورەکەی من و پێ ی ووتم (ام



Scanned with CamScanner

سەلەمە) تۆ لەبەر دەرگا دانیشە و مەیەلە کەس بێتە ژوورەوە چونکە حەزرەتی جبرائیل دێتە لام لەم ژوورەدا!!

منیش لەبەر دەرگا دانیشتم و پاش کەمێك تۆ (ئیمامی حسین) هاتیت و منیش تۆم گرت نەم هێشت خۆت بکەی بە ژوورەکە تۆش گریای و دەنگت بەرز بۆوە پێغەمبەر(د.خ) گوێی لەگریانی تۆ بوو فەرمووی (ام سلمە دعی ابنی) واتە : (ام سلمە لێ ی گەرێ بابێت ،منیش چوومە ژوورەوە ،پێغەمبەر(د.خ) منی لەسەر رانی خۆی دانا و ماچی کردم،حەزرەتی جبرائیل (س) فەرمووی ئەی محمد (ص) ئەوەت زۆر خۆش دەوێ ؟ پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی بەلێ گەلێك زۆرم خۆش دەوێ !!

جبرائیل فەرمووی ئومەتی تۆ ئەوە دەکوژێ ،گەر حەز دەکەی شوێنەکەت نیشان بدەم،پێغەمبەر(د.خ) بەلێ نیشانم بدە؟

جبرائیل (س) خۆی کێشاو دەستی درێژ کرد و لەگەلێ پێغەمبەر(د.خ) شوێنەکەیان دیت وەمشتێك خۆلی هێناو دایە دەست پێغەمبەر(د.خ) (ام سلمە) دەلێ پاشان دیتم پێغەمبەر(د.خ) هاتە دەرەوە و فرمێسکی لە چاوان دەهاتە خوارەوە وە خۆلەکەی لەناو دەستی بوو ،فەرمووی (ام سلمە) ئەمە بۆ فاتمەی کچم مەگێرەوە ،ووتم بەلێ[1] بەم شێوەیە ئیمام(س) لەگەلێ یارانی کە دابەزین لە کەربلاء رۆژی پێنج شەمە بوو رێکەوتی ٢ محرم ٦١ کۆچی کاتێ دەستیان لە هەلدانی خێمەکان بڕا ،ئیمام رووی تێ کردن و فەرمووی (خەلك بەندەی دونیایە،ئاین بە زمانیان شۆڕبۆتەوە،ئەو کاتەی حەز بکەن کە لەگەلێ بەرژەوەندیان بگونجێ کاری پێ دەکەن،وەلەکاتی تاقی کردنەوە پیاوانی لەخودا ترس زۆر کەمن) .

پاشان ئیمام (س) ووتارێکی کورتی بۆ خوێندنەوە تێدا فەرمووی:

(پاشان...... ئێوە دەزانن چیمان بەسەر هات لە پێش چاوی خۆتانە،وەئەو دونیایە گۆڕاوە و بزرە،چاکە پشتی تێ کردووین ،ژیانمان بە ئەندازەی چۆرە ئاوێك ماوە کە لەپاش خواردنەوەی کەسێك بەجێ دەمێنێ،یان ئەو پنجە گیایەی کە لە پاش خواردنی مەرو مالات پەی بۆ نابرێ،ئێوە دەبینن کە راستی (حق) کاری پێ ناکرێ وەکەس لە خراپەکاری سل ناکات ،بۆیە پێویستە خاوەن

---

[1]- مستدرك الصحيحين جزء ٣ ص ١٧٦ ،مجمع الزوائد للهيثمى ج ٩ ص ١٧٩ تاريخ ابن كثير جزء ٦ ص ٢٣٠ ،الفصول المهمة لابن صباغ المالكى ص ١٤٥ مسند احمد ابن حنبل جزء٣ ص ٢٤٢ طبع االميمنة –مصر ،السبط ابن الجوزي في تذكرة خواص الامة ص ١٤٢



Scanned with CamScanner

بڕواو ئیمانداران بۆ لای خودا بگەڕێنەوە چونکە من مردن لە پێش چاومە تەنیا خۆشیە وەژیان لەگەڵ ئەم ستەمکارانە ئازارو ئەشکەنجەیە) .

کە ئیمام (س)لەم وتارە کورتە بۆوە ،یەکێ لە یارەکانی هەڵساوە کەناوی (زهیر کوری قەین) بوو ئەویش دڵی ئیمامی داوە پێ ی وتن کە ئێمە پشت و پەناگەی تۆین سوێند بە خوا تا گیانمان نەسپێرین نایەڵین دوژمن لێت نزیك بێتەوە ،پاشان (یارێکی تری ئیمام ) بە ناوی (بریر کوری خضیر) کە قورئان خوێنێکی ناوداری شاری (کوفە) بوو یەکێ بوو لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی ئیمامی علی (س) ئەویش هەستاوە ، وورەی یارانی ئیمامی بەرزکردەوە ،پاشان یەکێکی تر لە یارە دڵسۆزانی ئیمام (س) کە ناوی (نافع کوری هلال الجمیلی) ئەم پیاوە تەمەنی (٧٠) سال بوو ووتی (ئەی ئیمام (س) فەرمان بدە هەرچی پێمان دەڵێ ی بۆ رۆژهەلا بۆ رۆژئاوا ،سوێند بە خوا لە قەزاو قەدەری خودا ناترسین و مردنمان پێ ناخۆش نیە ،وەئێمە لەسەر هەست و ویست و رازی ناو دڵمان لایەنگیری تۆ دەکەین ،دوژمنی ئەو کەسانەین کە دژی تۆ دەوەستن ) ئیمام دوعای چاکی بۆ کرد .

پاشان ئیمام چاوی بریە ئەهلی بەیتی خۆی و ئامۆزاکانی فەرمووی ((اللهم انا عترە نبیك محمد (ص) وقد أزعجنا وطردنا واخرجنا عن حرم جدنا،وتعدت بنو امیە علینا ،اللهم فخذ لنا بحقنا وانصرنا علی القوم الضالمین)) واتە (خودایە ئێمە اهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) ین،وەئێمە تورە کراین،دەرکراین،دەربەدەرکراین ،لە شوێنی پیرۆزی باپیرانمان،وەنەوەی ئومەیە ستەممان لێ دەکەن ،خودایە مافی ئێمەیان لێ بسێنەوە وئێمە سەر بێخە بەسەر ئەو ستەمکار و زۆردارانە)



Scanned with CamScanner

## ((نامەی حر کوری یزید الریاحی بۆ والی کوفە (عبیداللە)):

(حر کوری یزید الریاحی) نامەیەکی نووسی بۆ عبیداللە کوری زیاد (والی کوفە) کە ئیمامی حسین(س) ئێستا لە کەربلاء دابەزیوە و چاوەڕێ فەرمانی تۆین.

نامەی عبیداللە کوری زیاد (بۆ ئیمامی حسین)(س):

کە عبیداللە کوری زیاد (والی کوفە) نامەی (حر الریاحی) پێگەیشت ،نامەیەکی کورتی بۆ ئیمامی حسین (س) نووسی ئەمەش دەقەکەیەتی ((اما بعد ....فلقد بلغني یاحسین نزولك بکربلاء وقد کتب الی أمیر المومنین (یزید ابن معاویە) أن لا اتوسد الوثیر ولا أشبع الخمیر أو الحقك باللطیف الخبیر أو أن ترجع الی حکمي وحکم یزید والسلام)).

واتە:(پاشان.... زانیم کە تۆ ئەی حسین لە کربلاء دابەزیوی ،وە امیر المومنین (یزید کوری معاویە) نامەی بۆ من نووسیوە،تێر نەنووم و(پاڵ نەکەوم) وە تێر نەخۆم لە نان،تاکو دەتگەڕێنمەوە لای خودا (لطیف الخبیر) دەت کوژم یان تۆ دەست بەرداری بۆ چونەکەت دەبی و دەگەڕێیتەوە سەر فەرمان و دان نان بە سەرکردایەتی من و یزید والسلام).

ئەو نامەیەی بە سوار ئەسپێك نارد بۆ ئیمامی حسین(س) کە پیاوەکە نامەکەی دایە دەست ئیمام(س) خوێندیەوە و ،فڕێ ی دا ئیمام فەرمووی (لا افلح قوم اشتروا مرضاة المخلوق بسخط الخالق) واتە (ئەو گەلە سەرفراز نابێت گەر ڕەزامەندی خەڵکانی لا پەسند تر بێت لە ڕەزامەندی خودای گەورە) ئینجا پیاوەکە ووتی ئەی ئیمام(س) وەڵامم بدەوە ،تا بۆ (عبیداللە) ببەم ؟

ئیمام فەرمووی:وەڵام لای من نیە ! (لأ نە حقت علیە کلمة العذاب) چونکە خۆی دوچاری ئەشکەنجەو ئازاری خودا کرد بەم نامەیە !!



Scanned with CamScanner

((عمر كوری سعد بۆ شەڕی ئیمام (س)هاتە كربلاء)):

عبیدالله كوری زیاد (والی كوفە) نامەیەكی بەپەلەی نووسی بۆ (عمر كوری سعد كوری ابی وقاص) داوای كرد بە زووترین كات بێتەوە ،بە خۆی و (٤٠٠٠)چوار هەزار كەس كە لەگەڵی بوون چونكە ئاژاوەیەك رووی دابوو لە ناوچەی (دەستەبا) دژی دەیلەم ،وەبەڵینان پێ دابوو ئەگەر سەركەوت و ئەوێی ئارام كردەوە بیكەنە والی لەسەر (ری و جرجان)و كە ناوچەیەكی بەر فراوانی ئێرانە بەلام (عمر كوری سعد) كەمێك بوو بەرەو دەیلەم چوو بوو ،هەموو هێزەكەی خۆی لە (حمام أعین) كۆكردبۆوە،كە نامەی (عبیدالله كوری زیاد) پێ گەیشت بەپەلە گەڕایەوە بۆ (كوفە) لە شكرەكەشی بە دوایدا گەڕایەوە!!

(عبیدالله) پێ ووت :دەبێ تۆ ببیتە فەرماندەی گشتی هەموو سوپا بۆ لە ناوبردنی ئیمامی حسین(س) (عمر كوری سعد كوری ابی وقاص) كە خۆی خزمایەتی هەیە لەگەڵ نەوەی پێغەمبەر(د.خ) ووتی داوادەكەم بم بوورە لەم كارە ،پیاوی ئازاو دلێر گەلێك زۆرە لە شاری كوفە،یەكێكی تر دانێ بیكە فەرماندە،داوات لێ دەكەم من ببەخشە لەم كارە؟؟

عبیدالله ووتی بەڵێ دەتبەخشم بەلام بە مەرجێ بەڵێنەكەی بۆ تۆمان نووسی بمان دەیەوە (واتە نابێ ببیتە والی لەسەر (ری و جرجان) ئینجا (عمر كوری سعد ) ووتی مۆڵەتێكم بدەنێ تاكو بەیانی بیر دەكەمەوە ،بەیانی بۆ چونی خۆم دەردەبرم،ئەویش

مۆڵەتی دا تاكو بەیانی لە هەندێ راوێژكارانی خۆی پرسی بۆ ئەم كارە ...هەر هەموویان ئامۆژگاریان كرد كە نەچێ بۆ شەڕی ئیمامی حسین(س) ،پاشان خوارزاكەی (حمزە كوری مغیرە كوری شعبە) هاتە لای پێ ی ووت خالە (داوات لێ دەكەم ...تۆ ئەو خودایەی كە دەیپەرستی نەكەی بچی بۆ شەری ئیمامی حسین(س)گوناح باردەبیت لەلایەن خوداو خزمایەتی خۆشت لەناو دەبەیت،سوێند بەو خودایە من حەزدەكەم گەر لە هەموو ماڵ و سامان و منالّ و هەرچی هەتە لەگەڵ هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لەگەڵیان بەستووی تاكو ببیە والی و سەركردە،هەموو لەلایەك دانێ و بیركەوە رۆژی دوایی بەرامبەر خودای بووەستی تۆ تاوانباریت بە كوشتنی ئیمامی حسین(س)!!!

(عمر كوری سعد)بە خوارزاكەی ووت نا كورِم بە قسەی تۆ دەكەم نابێ بچم بۆ شەڕی ئیمامی حسین(س) انشاالله پاشان (عمر كوری سعد) پرسی بە (عبیدالله كوری یسار الجهنی) كرد،كە پیاوێكی



Scanned with CamScanner

ژیر بوو پێ ی ووت تۆ چی دەڵێ ی بچم بۆ ئەم کارە یان نەچم،من بریارم داوە نەچم ،تۆ چی دەڵێ ی (عبیدالله کوری یسار الجهنی) ووتی ئەوە بۆ چونی راستە ،من حەز ناکەم تۆ ببیە سەرکردەی ئەم شەڕە دژی ئیمامی حسین(س) ،ئەم کارە نەکەی چونکە خۆت دووچاری تورەی خوداو پێغەمبەر(د.خ)دەکەی بەم کارە ،(عمر کوری سعد)پێ ی ووت زۆر باشە منیش وادەکەم نابێ هەرگیز بچم بۆ ئەم شەرە!

بەلام (عبیدالله کوری یسار)دەڵێ لە رۆژی دووەم بینیم کە (عمر کوری سعد) واخۆی ئامادە دەکات و لەشکرو سوپا رێك دەیەخێ بەلام کە چاوی بە من کەوت رووی خۆی وەرگێڕا لە شەرمان چونکە لە پێش من بەڵێنی دابوو کە نەچێتە ئەم شەڕە!!!

لێرە مێژوو نووسان باسی ئەم دڵە راوکێیەی (عمر کوری سعد) دەکەن لە وانەش (ابن الاثیر) کە دەلی (عمر کوری سعد) وتویەتی :

| | |
|---|---|
| فو الله ما أدري وأني لحائر | افكر في أمري على خطرين |
| أأترك ملك الري والري منيتي | ام ارجع مذموما بقتل الحسين |
| وفي قتلة النار التي ليس دونها | حجاب وملك الري قرة عيني |

واتە :لەمانای ئەم هۆنراوەیە دەردەکەوێ کە (عمر کوری سعد) دوو دڵ بووە لەم کارە نابەجێیە ،بۆیە سوێند دەخوا کە نازانێ چی بکات بۆ بیرکردنەوە لەم دوو کارە گرینگە (کوشتنی ئیمام و والی رەی ) ئایا سامانی (ری) جێ بێلم کە گشت ئارەزوومە یان بگەرێمەوە بۆ کوشتنی ئیمام وبۆ کوشتنی ئیمام ئاگرێك چاوەرێمە کە هیچ پەردەی لەسەر نیەو بەلام (رەی) رووناکی چاومە پاشان بۆ بەیانی (عمر کوری سعد)هاتەوە لای (عبیدالله کوری زیاد) و پێ ی ووت ناکرێ بم بەخشی یەکێکی تر لەجیاتی من راسپێری بۆ ئەم کارە ،چونکە ناودار و پیاو چاك گەلێك زۆرن لە (کوفە) (عبیدالله کوری زیاد) پێ ی ووت تۆ ئازاو دلێرانی شاری (کوفە)بە من مەناسێنە!!

من داوا لەتۆ دەکەم یان بۆ ئەم کارە دەچی یان نووسراوەکەمان بدەوە کە بریارمان داوە تۆ بکەین بە والی (ری و جرجان) ئینجا (عمر کوری سعد)کە زانی (عبیدالله) سورە لەسەر فەرمانەکەی خۆی ووتی من دەچم بەم جۆرە (عمر کوری سعد) لەگەڵ (٤٠٠٠)هەزار کەس گەیشتە (کربلاء)



Scanned with CamScanner

(۱۰۰۰)هەزار کەسەکەی (حر کوری یزید)هاتنە ژێر فەرماندەی(عمر کوری سعد) بەم جۆری فەرماندەی گشتی (عمر کوری سعد) بوو.

((عمر کوری سعد نیراویك بۆ لای ئیمامی حسین(س) دەنێری)):

(عمر کوری سعد) داوای کرد کە یەکێکی زیرەکم بۆ بانگ بکەن تاکو بینێرم بۆ لای حسین کارم پێ یە ؟

کە پیاوێکی ژیریان هێنایە لای کە ناوی(عزرە کوری قیس الاحمسی) بوو،(عمر کوری سعد) پێ ی ووت هەر ئێستا برۆ لای ئیمامی حسین و پێ ی بلێ بۆ چی هاتیتە ئێرەو چیت دەوێ ،ئەو پیاوە داوای کرد بیبورن لەم کارە ووتی من زۆر شەرم دەکەم ناتوانم ئەم کارە بکەم وچونکە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە نامەی بۆ ئیمامی حسین(س) ناردبوو تا بێتە کوفە یەکێکی تر بنێرن ،(عمر کوری سعد) ووتی پیاوێکی بێ شەرمم بۆ بانگ بکەن کە بتوانێ قسە بکات بەرامبەر سەرکردەکان ،پاسەوانەکان پیاوێکیان هێنا کە ناوی( کثیر کوری عبدالله الشعبی) بوو،هاتە لای (عمر کوری سعد) و ووتی چیتان دەوێ(عمر کوری سعد) پێ ی ووت برۆ لای حسین(س) وپێ بلێ بۆ چی هاتویتە ئێرە و چیت دەوێ ؟

(کثیر کوری عبدالله) ووتی هەر ئێستا دەچم ،ئەگەر دەتەوێ ئەتکیشی دەکەم ئەوجا دێمەوە (عمر کوری سعد) ووتی نامەوێ شتی زیادو کەم بکەی ،تەنیا ئەم پرسیارەی لێ بکەو وەلآمەکەم بۆ بێنەوە!!

(کثیر کوری عبدالله) کە خۆی پێچا بوو لە چەك و رم و شمشێر و تیر،سواری ئەسپ بوو،بە قۆشمەو غاردان رووی کردە لەشکری ئیمامی حسین(س) هەر چەندە نێوانیان زۆو کورت بوو پێویست بە غاردانی نەدەکرد،بەلام (کثیر) وای کرد یەکێ لە یارانی ئیمامی حسین(س) کە ناوی(ثمامة الصائدی) بوو،بە ئیمامی ووت ئەی ئیمام ئەو سوارەی بۆ لامان هات من دەیناسم ،پیسترین کەسە ،لێم گەرێ بچمە پێش چونکە لێی دلنیا نیم ،ئیمام(س) مۆلەتی دا....(ثمامة الصائدی) هاتە پێش و لێ پرسی ئەی (کثیر) تۆ چیت دەوێ (کثیر) ووتی دەمەوێ هەندێ پرسیار لە حسین بکەم؟

(ابو ثمامة الصائدی) شمشێرەکەت دانێ لێرە برۆ لای!!



Scanned with CamScanner

(کثیر) سوێند به خوا شمشێرم دانانێم (ابو ثمامة) من لەگەڵت دەڕۆم بۆ لای ئیمام بادەستی هەردوکمان لەسەر شمشێری تۆ بێت تاکو پرسیارەکانت دەکەی؟

(کثیر) سوێند بەخوا نابێ کەس دەستی لەسەر قامکی شمشێرم دانێ . (ابو ثمامة) پێ ی ووت :پرسیارەکان بە من بلێ تۆ لێرە بوەستە ،من دەچم وەڵامت بۆ دێنمەوە و پێت دەڵێم،چونکە تۆ پیاوێکی خراپی من دەتناسم لە تۆ دڵنیانیم بچیتە لای ئیمام (س) بە تەنیا (کپیر کوری عبدالله) دەستی کرد بە جنێودان و قسەی پەتك و ناڕەوا بە غاردان گەڕایەوە لای (عمر کوری سعد) و بۆی گێڕایەوە ئەوەی روویدا!!

(عمر کوری سعد) ئینجا خۆی بانگی (قره کوری قیس الحنظلی) کرد ووتی ئەی (قره) هاوار بە ماڵت تۆ بڕۆ لای حسین و وەڵامەکەم بۆ بێنەوە ئینجا (قره کوری قیس) لەسەر خۆ ڕۆیشت بۆ لای ئیمام (س) ،یەکێ لە یارانی ئیمام(س) کە ناوی (حبیب کوری مظاهر) بوو،لە دوورەوە بینی ووتی ئەی ئیمام(س) ئەوە پیاویکی باشە لێ ی گەڕێن بابێتە لامان بزانین چی دەوێ ؟

(قره کوری قیس) هاتە پێش و سلاوی لە ئیمام(س) کرد و پرسیارەکانی لی کرد کە بۆ چی هاتووەو چی دەوێ؟

ئیمام فەرمووی (پێ ی بلێ خەڵکی ئەم شارە نامەیان بۆ ناردووم تا بێمە لایان وەئەگەر ئێستا پاشگەز ببنەوە پێیان ناخۆشە من دەڕۆم بۆ لایەکی تر).لەوکاتی (حبیب کوری مظاهر) ووتی هاوار بە ماڵت ئەی (قره) دەگەڕێیەوە ناو ئەو زۆردارانە!!

وەرە مەڕۆ ئەو پیاوە بەسەر بێخە کە ئێمەو ئێوە بەو پیاوە و باوك و باپیری دیارمەند بووین و ڕێگای راستمان زانی ،(قره) ووتی :باوەڵامەکەی بگەیەنمەوە لای (عمر کوری سعد) پاشان بیری لی دەکەمەوە ،پاشان گەڕایەوە و وەڵامەکەی گەیاند (عمر کوری سعد) ئەویش ووتی من تکام وایە خوا لەم شەڕە دوورم خاتەوە.



Scanned with CamScanner

## ((نامەی عمر کوری سعد بۆ عبیداللە کوری زیاد (والی کوفە)):

(عمر کوری سعد) نامەیەکی بۆ عبیداللە نووسی،ووتی من پرسیارم لـە ئیمـامی حسـین(س) کـردووە دەڵێ خەڵکی ئەم شارە

نامەیان بۆ ناردووم بۆیە هاتووم وئەگەر ئەم خەڵکە پاشگەز بێتەوە،من بۆ لایـەکی تـر دەڕۆم،جـا تـۆ فەرمانت لەسەر چی یە ؟؟

کە والی(کوفە) نامەکەی خوێندەوە،ئەم دێرە هۆنراوەی شاعیرانی دووبارە کردەوە:

| | |
|---|---|
| الان اذعلقـــــــــت مخالبنا به | یرجـــــو النجاة ولات حین مناص |
| واتە:ئیستا کەوا کەوتە ژێر چەنك و نینۆکمان | ئومیدی ئەوەی هەیە کە دەرباز بێت لە دەستمان |



Scanned with CamScanner

((نامەی عبیداللە کوری زیاد بۆ عمر کوری سعد)):

عبیداللە کوری زیاد نامەیەکی وەڵامی ناردەوە بۆ (عمر کوری سعد) ئەمـەش دەقەکەیـەتی :(....أما بعد بلغنی کتابك وفهمت ما ذکرت فاعرض علی الحسین أن یبایع (یزید ابـن معاویـة) هو وجمیع اصحابه فاذا فعل ذلك راینا .. والسلام)

واتە:(نامەکەی تۆم پێ گەیشت و تیگەیشتم لە مەبەستت،بـە حسـین بلـی کـە مـل کەچـی خـۆی دەربڕی بۆ (یزید کوری معاویە) لـەگەڵ هەموو یارەکـانی ،ئەگـەر وای کـرد ئێمـە خۆمـان دەزانیـن والسلام) کە نامەکە گەیشتە دەست (عمر کوری سعد) ووتی:

دەم زانی کوری زیاد لـە چاکە ناگەرێ .



Scanned with CamScanner

## ((هێزەکانی ئەمەوی بەرەو کەربلاء دێن)):

(عبیداللە کوری زیاد) خۆی سەرپەرشتی سەربازگەی (نخیلـە) ی دەکـرد کـە لـە دەرەوەی شـاری (کوفە) بوو،وەخۆی لەوێ دادەنیشت و رۆژی پێنج جاران دەبوایە دەنگوباسی کربلاءی بۆ هاتبایـە بەهۆی چەند کەسانێکەوە – چەند سوار ئەسپی بە پەلە و خێرا رەو وە ئەم خەڵکە کۆدەکرایەوە لە شاری کوفە و دەوروبەر،رەوانەی سەر بازگەی (نخیلە) دەکرا،ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠) کەس رەوان دەکران بۆ مەیدانی شەڕ،ئەم خەڵکەش گفت و بەڵێنی وایان پێ درابوو کە مووچەیان (١٠٠,١٠٠) بەرز دەکرێتەوە ئەگەر سەرکەوتن بەسەر ئیمامی حسین،وەلەلایەکی تر زیندانەکانی شاری(کوفە) پـڕ بوو بوون لە هاوەڵان و خۆشەویستانی ئیمامی علی (س) وە ئیمامی حسین(س) نەوەك ڕابکەن و بگەنە یارمەتی ئیمامی حسین(س) هەندێ لە خەڵکانیش بە کیف و خۆشیەوە دەهات بۆ ئەم شەڕە بـە هـۆی زیاد کردنی مووچەکەی و بێ ئەوەی گوێ بداتە بایەخ و ئەنجامی ئەم شەرە و بزانێ شەڕ لەگەڵ کـێ دەکات .



Scanned with CamScanner

## ((ژمارەی هێزەکانی سوپای ئەمەوی لە کربلاء)):

ناوی سەرکردەو ژمارەی سەر بازەکان.

کەتیبەی (حر کوری یزید الریاحی التمیمی) (١٠٠٠) هەزار جەنگاوەر.

کەتیبەی(عمر کوری سعد کوری ابی وقاص) فەرماندەی گشتی (٤٠٠٠) چوار هەزار کەس.

کەتیبەی(شمر کوری ذی الجوشن) (٤٠٠٠) جەنگاوەر .

کەتیبەی(یزید کوری رکاب الکلبی) (٢٠٠٠) هەزار جەنگاوەر .

کەتیبەی(الحصین کوری نمر التمیمی) (٤٠٠٠)هەزار کەس .

کەتیبەی(مغایر کوری رهینە المازنی) (٣٠٠٠) سێ هەزار کەس .

کەتەی(کعب کوری طلحة) (٣٠٠٠) هەزار کەس .

کەتیبەی(نضر کوری حرثة) (٢٠٠٠)هەزار کەس .

کەتیبەی(شبث کوری ربعی الریاحی) (١٠٠٠)هەزار کەس.

کەتیبەی(حجار کوری ابجر) (١٠٠٠) هەزار کەس.

کۆی گشتی (٢٥٠٠٠) هەزار جەنگاوەر،ئەمە جگە لەوەی رۆژانە لە سەربازگەی (نخیلە) کۆمەڵ کۆمەڵ جەنگاوەر ڕەوان دەکران بۆ کربلاء ، میژوونووسان دەڵێن تاکو رۆژی ١٠ محرم ژمارەی سەربازانی ئەمەوی گەیشتە (٣٠٠٠٠) سی هەزار سەرباز .



Scanned with CamScanner

## ((ژمارەی سەربازانی ئیمامی حسین(س) )):

جیاوازی لەنێوان مێژوونووساندا هەیە لە بارەی ژمارەی تەواوی سەربازانی ئیمامی حسین(س) ،وهۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە سەرەتا ئیمام(س) لە شاری مەککەی پیرۆز دەرچوو ژمارەیان کەم بوو ،بەلآم لە ڕێگا ڕەوەند و کۆچەرو خەڵکانی تر لەگەڵی هاتن وە ئەمانە زۆربەیان بۆ ئەوەی بوو کە لە پاشەڕۆژ دەستەلآت و ماڵ و سامانیان زۆر بێت ،بەلام لە ڕێگا کە ئیمام (س ) هەڵسانی خۆی بۆ ڕوون کردنەوە زۆربەیان گەڕانەوە بەجێ یان هێشت ،تەنیا هاوەڵ و یارانی دڵسۆزی خۆی نەبێ کە بەویست و ئارەزووی خۆیان ڕێگای ڕاستیان هەڵبژاردوو گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەهل و بەیتی بەڕێزی پێغەمبەر(د.خ) ،بۆیە لە کاتی دابەزینیان لە (کربلاء ) ژمارەیان (٧٢) سەربازی چەکدار بوو،ئەوانەش (٣٢) کەسیان سوار ئەسپ بوون،و (٤٠) کەسی چەکداری پیادەڕۆ،بەلآم پاش ئەو هەموو ووتارانەی ئیمامی حسین(س) بەرامبەر لەشکری ئەمەوی ،هەندێ کەسی دڵ زیندوو توانیان رابکەن لەناو لە شکری ئەمەوی خۆیان گەیاندە لای ئیمامی حسین(س) ئەمانەش تای ڕۆژی کۆتای ژمارەیان(٣٠) سەربازی سوار ئەسپ بوون،کەواتە ژمارەی هەموو سەربازانی ئیمام(س) لە ڕۆژی ١٠ محرم لە(١٠٠) سەد کەس تێنەدەپەری،لەوانەش (١٦) کەسیان لە (نبی هاشم) بوون ،ئەمە جگە لە منداڵ و ژن و نەخۆش.



Scanned with CamScanner

## ((قەدەغەکردنی ئاو لە سەربازانی ئیمام(س) لە رۆژی ٧ محرم)):

لەرۆژی ٧ محرم ٦١ کۆچی ئەم نامەیە گەیشتە لای (عمر کوری سعد) فەرماندەی گشتی ئەمەویەکان،نامەکە لەلایەن والی کوفە (عبیدالله) نووسرابوو،ئەمەش دەقەکەیەتی:(أما بعد فحل بين الحسين واصحابه و بين الماء،ولا يذ قوا منه قطرة كما صنع بالتقى الزكى المظلوم امير المومنين عثمان ابن عفان والسلام).

واتە:(بەربەستێك دانێ لەنێوان حسین وهاوەڵانی و لەنێوان ئاو ،نابێ یەك دڵۆپ ئاو بخۆنەوە هەر چۆن ئاو قەدەغە کرا لەم پاك و لە خوا ترس و ستەم لێ کراوەکە عثمان کوری عەفانە[1] والسلام).

کە (عمر کوری سعد) نامەکەی پێ گەیشت ،دەم و دەست سەرکردەیەکی دانا بەناوی(عەمر کوری حجاج)لەگەل (٥٠٠) کەس تاکو ئاوەکە لە ئیمامی حسین و هاوەڵانی بگرن.

[1] تاريخ ابن الاثير سنة ٦١ ك



Scanned with CamScanner

## ((پوچایەتی عبدالله کوری ابی الحصین الازدی)):

یەکێ لە سەربازانی (عمر کوری حجاج) کە قەدەغەکردنی ئاویان لە ئەستۆ دابوو ،ئەم سەربازە ناوی (عبدالله کوری ابی حصین) ،چەند جاریك هاواری کرد یاحسین ......یا حسین !!

ئیمام (س) ئاوڕی لێ دایەوە :عبدالله ووتی:تۆ تەماشای ئەو ئاوەبکە دەڵێ ی ناوجەرگەی ئاسمانە شین دەچێتەوە،سوێند بەخوا نابێ ئێوە یەك دلۆپی لێ بخۆنەوە تاکو لە تینیان دەمرن!!

ئیمام (س) دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی (اللهم اقتله عطشا ولا تغفرله أبدا) وە (ابن الاثیر) لە مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە کە ئەم پیاوە هاتە سەرەمەرگ هەر داوای ئاوی دەکرد و ئاویان پێ دەدا دیسان هەر داوای دەکرد ئاوم بدەنێ!!

پاشان تینویەتی چەنگی هەڵچنی بە ئیمام(س) و لەشکرەکەی ،ئینجا ئیمام(س) فەرمووی (عباس) چەند کەسانێك لەگەڵ خۆت ببە و هەندێ ئاومان بۆ بهێنە،ابو فضل (العباس) کە برای ئیمامی حسینەو پێ ی دەوترا (قمر بنی هاشم) لەبەر جوانی و لێهاتووی خۆی،(٣٠) سواری لەگەڵ خۆی برد لەگەڵ (٢٠)سەربازی پیادە،توانی لایەکی ئاوەکەیان پێ چۆڵ بکات و هەرچی پێیان بوو پڕی کردن لە ئاو بۆ ئیمامی هێنایەوە.



Scanned with CamScanner

## ((ووت و ویژێك لە نێوان ئیمامی حسین(س)و عمر کوری سعد)):

ئیمامی حسین(س) هاوەڵێکی خۆی کە ناوی(عمر کوری قرضة الانصاری) نارد بۆ لای (عمر کوری سعد) و پێ ی ووت ئەم شەو حەز دەکەم بێ ی لەگەڵم دانیشین لە نێوان هەردوو لەشکر ،(عمر کوری سعد) رازی بوو.

کە شەو چوونە لای یەك ،ئیمامی حسین(س) فەرمووی هاوار بەماڵت ئەی کوری سعد ئایا تۆ لە خوا ناترسی کە هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ،ئایا شەڕ لەگەڵ من دەکەی ،وەتۆ باش دەزانی من کێم؟؟ وەرە ئەمانە بە جێ بهێڵە باشترە بۆ تۆ لایەنی خودا بیت!!

(عمر کوری سعد) دەترسم خانووەکانم بڕوخێنن ،ئیمام(س) من خانووت بۆ دەکەمەوە (عمر کوری سعد) من ماڵ و منالم هەیە لەبەر ئەوان دەترسم ئیمام(س) وەلاَمی نەدایەوە و هەستا رۆیشت و ووتی (چیتە خودا بتکوژێ لەسەر جێگای خۆت بەپەلە،وەلێت خۆش نەبێت لە رۆژی دوایی) سوێند بەخوا من دەزانم پاش من زۆر نانی گەنمی عیراق ناخۆی (واتە زوو دەمری) ،عمر کوری سعد ووتی:من لەجیاتی نانی گەنم ،نانی جۆ دەخۆم (بە گاڵتەوە وەلاَمی ئیمامی دایەوە).



Scanned with CamScanner

## ((نامەی عبیداللە كوری زیاد بۆ عمر كوری سعد)):

ئەمە دەقی نامەكەی (عبیدالە كوری زیاد) ە بۆ عمر كوری سعد فەرماندەی گشتی سوپای ئەمەوی (اما بعد...فانی لم ابعثك الی الحسین لتكف عنه ولا لتطاوله لتمنیة السلامة و البقاء ،ولا لتقعد لة عندي شافعا،انظر فان نزل حسین واصحابة علی الحكم واستسلموا فابعث بهم الي سلما وأن أبو فازحف اليهم حتی تقتلهم وتمثل بهم فانهم لذلك مستحقون فان قتل حسين فاوطأ الخيل صدره وظهره فانة عاق شاق قاطع ظلوم ،وليس دهري في هذا أن يضر بعد الموت شيئاً ولكن علي قول لوقتلته فعلت هذا بة ،أن انت مضيت لامرنا فية جزيناك جزاء السامع المطيع وأن انت ابيت فاعتزل عملنا وجندنا وخل بين شمر بن ذی الجوشن.. والسلام ) واتە:(پاشان ....من تۆم نەناردووە تا واز لە حسین بهێنی یان كاتی بۆ درێژ كەیتەوە یان ئاوات و خۆزگەی پێ ببەخشی و یان مانەوەو سەلامەتی بدەیتێ ،وەنەم ناردووی تا لای من بۆی بپارێیەوە تاكو ببیەخشم ،بروانە ئەگەر حسین و هاوەڵانی هاتنە سەر فەرمانی ئێمە وەخۆیان دا بەدەستەوە ،هەرهەموویان بەزیندووی بۆ من رەوان بكە ،وەئەگەر رازی نەبوون تۆ بە هێزەكانت بۆیان بخشە تاكو هەموویان دەكوژی پاشان لاشەكانیان ئەتك بكە چونكە ئەوانە شایەنی ئەو كارەن،وەئەگەر حسین كوژرا ئەسپ بەسەر سنگ و پشتی بێخە،چونكە تاوانبارە،جیاوازی كەرە،بێ رحمە،ستەم كارە،وەمن دەزانم مردوو ئازاری نیە ئەگەر لاشەكەی ئازار بدرێ،بەڵام ئەوە شتێكەو من لە خۆم گرتووە،ئەگەر حسینم كوشت دەبێ وا لەلاشەكەی بكەم ،ئەگەر تۆ ئەی (عمر) وات كرد ئێمە پاداشای پیاوێكی گوێرایەلت ئەدەینەوە،وەئەگەر تۆش رازی نی ئەم كارەم بۆ ئەنجام بدەی ،تۆ لە فەرماندەی هێزەكانم وازبێنە ،من (شمر كوری ذی الجوشنم) داناوە ئەم كارانەم بۆ دەكا چونكە من فەرمانم پێ داوە بیكا والسلام))ئەو نامەیەی دایە دەست (شمر كوری ذی الجوشن) تابۆ (عمر كوری سعد) بهێنێ،چونكە شمر لەكاتی شەو خۆی گەیاندبووە (عبیداللە) وەپێ وتبوو ،كە (عمر كوری سعد) شەو لەگەڵ ئیمامی حسین كۆبۆتەوە وەنایەوێ شەڕی لەگەڵ بكات، كە(شمر كوری ذی الجوشن) نامەكەی دایە دەست عمر كوری سعد و خوێندیەوە ،ووتی هاوار بەماڵت،شمر چی قەباحەتێكت بۆ من هێنا ،سوێند بەخوا من دەزانم ئەو نامەیە هەردوكتان بەیەكەوە نووسیوتانە!!

هەموو كارێكت لە من خراپ كرد كە ئومێدمان وابوو رێكەوتنێك رووبدات،من حسین دەناسم ،ئەو دەروون بەرزە هەرگیز خۆ بەدەستەوە نادات.



Scanned with CamScanner

((ڕۆژی نۆیەمی محرم)):

که نامەی(عبیدالله کوری زیاد) گەیشتە لای عمر کوری سعد ڕۆژی ٩/محرم بوو،دەست بەجێ عمر کوری سعد فەرمانی دا ،ئەی ئەسپەکانی خودای سواربن بڕۆنە پێش ،موژدە بۆتان شەڕە،ئەم لەشکرە لەهەموو لایەك خشین و نزیك بوونەوە لە هێزەکەی ئیمامی حسین(س) وەلەو کاتی پاش نوێژی عەسر بوو ،ئیمام (س) لە دەرەوەی خێمەکەی خۆی لەسەر چنچکان دانیشتبوو،خۆی بەستبوو،چەکی پێ بوو،سەری بە هەردوو چۆکی کردبوو،وەکو ئەوەی کە بۆرژابێ بۆ خەو،ئینجا (زینەب) خوشکی ئیمامی حسین(س) بەپەلە هاتە لای ئیمام و پێ ی ووت،براکەم گوێت لێیە ئەم دەنگە دەنگە و نزیك بونەوەی سوارەکان لێمان !

ئیمام حسین (س) هەڵساوە سەر پێ و تەماشای زەینەبی کردوو فەرمووی (ئێستا پێغەمبەرم(د.خ) لە خەو بینی پێ ی ووتم حسین تۆ دێیە لامان ئینجا (زینەب) لە ڕومەتی خۆی داو ووتی هاوار بۆ ئێمە !!

ئیمام (س) فەرمووی خوشکم هاوار بۆ ئێمە نیە ،وامەڵێ خوا ڕەحمت پێ بکاً!

پاشان(ابو فضل العباس) هاتە لای ئیمام (س)ووتی برام ئەو قەومە هاتنە پێش چی فەرمان دەدەی؟

ئیمام فەرمووی تۆ سواری ئەسپەکەت بەو لەگەڵ هەندێ یاران و بڕۆ پێشیان بزانە چیان دەوێ؟

(عباس) لەگەل (٢٠) لە یارەکانی ئیمام(س) بە چەکەوە هاتنە پێشیان و پرسی چیتان لە ئێمە دەوێ؟

ووتیان:فەرمانمان بۆ هاتووە لە (والی کوفە) یان خۆتان دەدەن بە دەستەوە و ڕازی دەبن بە فەرمانی ئێمە یان شەڕ!

(ابو فضل العباس) ووتی مۆڵەتێکم بدن تاکو بە ئیمام (حسین) دەڵێم بزانم چی دەڵێ؟

ووتیان ئێمە چاوەڕوانین برۆ پێ ی بلێ!

ئیمامی حسین(س)فەرمووی پێیان بلێن ئەم شەو مۆڵەتمان بدەن تاکو بیربکەینەوە ،بەیانی ڕاوبۆچونی خۆمان دەردەبڕین!

(ابو فضل العباس) ئەم پێشنیارەی ئیمامی پێ ڕاگەیاندن ،کە ڕاستەوخۆ بە (عمر کوری سعد) ی ووت،بەڵام (عمر کوری سعد) (شمر کوری ذی الجوشن) ی لێ نزیك بوو پێ ی ووت تۆ چی دەڵێ ی بۆ ئەم پێشنیارەی ئیمام،(شمر)ووتی:تۆ فەرماندەی گشتی بە هەوەستی خۆت چی دەڵێ ی



Scanned with CamScanner

وادەکەین،بەلاَم (عمر کوری سعد) هێشتا نەی وێرا ئەم مۆڵەتە بۆیەك شەو راستەوخۆ بداتە ئیمام حسین(س) ،بۆیە بانگی هەموو سەرکردەکانی کرد و کۆبونەوەیەکی کورتی پێ کردن کە چی دەڵێن بۆ ئەم مەبەستە!!

یەکێ لە سەرکردەکان کە ناوی(حیجاج کوری سلمە الزبیدی)ووتی "(سبحان الله) سوێند بەخوا ئەگەر ئەوانە (دەیلەم) بوونایە و ئەم داوایەیان بکردایە،پێویست بوو جێ بەجێ بکەی ،کەچی ئەوانە ئال و بەیتی پێغەمبەر محمد(ص) ،مۆڵەتیان بدە بەڵکو بەیانی بۆ چونیان دەگۆرێ و کارەکە بەلایەکی تردا دەڕوات؟

ئینجا (عمر کوری سعد)بە (ابو فضل العباس) ی ووت مۆڵەتمان دا تاکو پاش نوێژی بەیانی و لەشکرەی ئەمەویەکان گەڕایەوە جێگای خۆی.

## ((ئیمام هاوەڵانی تاقی دەکاتەوە)):

ئیمامی حسین(س) کە دڵنیا بوو،ئەم شەو شەوی کۆتاییە،ویستی یارەکانی تاقی کاتەوە،بۆیە هەمووی کۆکردنەوە و ووتارێکی کورتی بۆ دان فەرمووی (پاشان.....من ئەم زانیوە نەم بیستوە هاوەڵێك هەبێ لە هاوەڵەکانی من باشتر وە ئەهل و بەیتێکیش هەبێ لە ئەهل و بەیتی من باشترو بە وەفا تر ،خودا پاداشتی هەمووتان بەباشی بداتەوە،من وای بۆ دەچم کە رۆژی ئێمە لەگەل دوژمنان بەیانی یە ،وەمن هەر ئێستا ئێوەم هەموو ئازاد کرد لەو مافەی کە لە سەر ئێوەم هەیە و گەردەنتان ئازاد بێت لەلایەن من دوژمن تەنیا چاوی بڕیوەتە من تەنیا خوێنی منیان گەرەکە ،ئێوە بۆ خۆتان بەم شەوە تاریکە تەنیا تەنیا یان دوو دوو یان زیاتر بۆخۆتان بڕۆن بارزگار بن لەلای من هیچتان لەسەر نیە ،وابزانم دوژمن گەر منی دەست کەوێ بە دوای ئێوە دانایەت)) [1]

---

[1]-تاریخ الطبری جزء ٣ ص ٣٦٥



Scanned with CamScanner

## ((وەلام دانەوەی ئەهل و بیت بۆ ئیمام س)) :

کە ئەهل و بەیتی ئیمام(س) ووتەکانی ئیمامیان گوێ لێ بوو،قوڵ و باسکی خۆیان هەڵکردو شمشێریان بەرز کردەوە و ووتیان ئێمە لەبەر چی هۆیەك وابکەین هەر بۆ ئەوەی چەند رۆژێك پاش تۆ بژین ،خوا ئەو رۆژانەمان نەکاتە بەش کە پاش تۆ بژین لە دونیا ئینجا ئیمام ڕووی لە بنەماڵەی عەقیل کردوو فەرمووی بابۆ ئێوە بەس بێ مسلم شهید کرا،ڕێتان پێ دەدەم ئێوە برۆن با رزگار بن،وتیان (سبحان الله) ئێمە بە چ ڕوویێك بەجێت بێلین چ وەلامی خەڵك بدەینەوە،کە بلێین سەرکردەو گەورەی خۆیان لەناو دوژمن جێ هێشت ئەوانیش ڕایان کرد،سوێند بەخوا واناکەین تاکو شمشێر و تیرو ڕمان لە لاشەیان نەچەقێنین و خۆمان و ماڵ و منالمان نەکینە قوربانی تۆ خوا ئەو ژیانەمان پیس کات کە پاش تۆ بژین!!



Scanned with CamScanner

## ((یارانی ئیمام وەلام دەدەنەوە)):

(مسلم کوری عوسەجە)کە یەکێ بوو لە یارانی پێغەمبەر(د.خ) ووتی ئایا ئێمە بە جێت بێلین،وە دوژمن بەو شێوەیە دەوری داوی سوێند بەم خودایەی دروستی کردووم تا شمشێرم لە سنگیان نە نێکێنم واز ناهێنم شمشێرو رمیشم پێ نەمێنێ ،بە دارو بەرد شەڕیان لەگەڵ دەکەم تا پێش تۆ بمرم.

(زهیر کوری قین) ووتی:سوێند بەخوا ئەی کوری پێغەمبەر(د.خ) گەر لەم شەڕە بکوژرێم پاشان زیندوو ببمەوە پاشان بکوژرێم بەم شێوەیە (١٠٠٠)جار زیندوو ببمەوە لەپاش کوشتن وازیان لێ ناهێنم دەبێ خۆم بکەمە قوربانی تۆ ؟

(سعید کوری عبدالله الحنفی) سوێند بەخوا ئەی کوری پێغەمبەر(د.خ) گەر لەم شەڕە بکوژرێم و زیندوو بوومەوە بم سوتێنن بە زیندووی،بەم شێوەیە (٧٠) جاران بەجێت ناهێلم،چۆن وانەکەم کە مردن تەنیا یەك جارەو کوشتن کوشتنێکە؟

بەم شێوەیە ئیمام سوپاسی کردن و دوعای خێری بۆ کردن،ئەم شەویان کردەوە بە نوێژو پەرستن و پارانەوە لە خوا و قورئان خوێندن و گەردەن ئازاد کردنی یەکتر،هەمووی دلخۆش و بێ ترس،پاشان ئیمام (س) فەرمانی دا کە کەندێك (خندق) لێدەن

لەلای پشتەوەی خێمەکان هەندێ داری بخەنە ناو،تاکو لە کاتی شەر کردن دوژمن نە توانێ لە پشتەوە بۆمان بێت.



Scanned with CamScanner

## ((١٠ محرم /٦١ كۆچی ڕۆژی پێك گەیشتنی هەردوو لەشكر )):

كە نوێژی بەیانیان بوو،ئیمام(س) نوێژی بە كۆمەڵی بەیارانی كردوو،پاش نوێژكردن هەڵساوەو ڕووی تێ كردن و فەرمووی:

(....خودای بێ هاوتا ڕێ ی پێ داین بۆ كوشتنی ئێوەو كوشتنی من لەم ڕۆژەدا ،پێویستە ئارامگرو خۆڕاگربن لە شەڕكردن).

((ئیمام حسین(س) هیزی خۆی ڕێك خست ))

ئیمام كە تەماشای لە شكری خۆی كرد كە زۆر كەمن لە ژمارەو گەڵەك زۆرن لە بیروباوەر،دابەشی كردن بۆ سێ بەرە(جیهە)

بەرەی لای ڕاست ـ فەرماندەكەی (زهیر كوری قین) بوو.

بەرەی لای چەپ ـ فەرماندەكەی(حبیب كوری مظاهر)بوو.

بەرەی ناوەند (دڵ) خۆی و ئەهل و بەیت و هەندێ یاران،ئاڵای دایە دەست (ابو الفضل العباس) ی برای .



Scanned with CamScanner

((هیزی ئەمەوی خۆی ڕێك دێخێ )):

(عمر کوری سعد) بەم جۆرە لە شکری خۆی ڕێك خست:

لای ڕاستە ـ فەرماندەکەی (عمر کوری حجاج الیزدی ) بوو.

لای چەپە ـ فەرماندەکەی (شمر کوری ذی الجوشن)بوو.

پیادە ـ فەرماندەکەیان(شبث کوری ربیعی)بوو .

سوار ئەسپەکان ـ فەرماندەیان(قرە کوری قیس الاحمسی) بوو.

بەرەی مەدینە ـ فەرماندەیان(عبدالله کوری زهیر کوری سلیم الازدی) بوو.

بەرەی مذحج و امد ـ فەرماندەیان (عبدالرحمن کوری ابی سبرە الحنفی)بوو.

بەرەی ربیعەو کندەـ فەرماندەیان(قیس کوری اشعث)بوو.

بەرەی تمیم و همدان ـ فەرماندەیان(حر کوری یزید الریاحی) بوو.

پاشان ئالآی دایە دەست (ذوید).

هەندێ لەم فەرماندانەی (عمر کوری سعد) نامەیان بۆ ئیمام حسین(س) نووسیوە وەکو (قیس کوری اشعث کوری ربیعی).



Scanned with CamScanner

((ئیمام (س) ووتاریك بۆ هێزی ئەمەوی دەدات)):

ئیمام (س) كە تەماشای ئەم هەموو هێزە سەر گومڕاییەی كرد،كە بیر لـەدوارۆژی خۆیـان ناكەنـەوە ویستی ووتارێكیان بۆ بدات تاكو دڵ و دەرونیان بجولێنێ ،لـەگەڵ مردوو جیاوازیان نیە،بۆیە سـواری حوشترەكەی بوو،بۆ نزیك لەشكرەكەیان ڕۆیشت دەنگی خۆی بەرز كـردەوە تـا زۆربـەی زۆریـان گوێیان لێ بێت ووتاری یەكەمی خوێندەوە بەم شێوەیە:

(......ئەی خەڵكینە گوێ بگرن لە قسەكانم پەلە مەكەن ،تاكو ئامۆژگاریتان دەكەم كە مافی ئێوەیـە لەسەر من،تاكو هۆی هاتنم بۆ لای ئێوە ڕوون كەمەوە،ئەگەر مافی خۆم بـوو قسـەكانم ڕاسـت بـوو وەئێوە لە دەرونی خۆتان بپرسن و بڕیاری ڕاست بدەن دڵخۆش دەبن وەهـیچ مەهانـەتان لەسـەر مـن نامێنێ ،گەر قسەكانیشم لێ وەرنەگرن وەئێوە ڕاستی نەڵێن،بێ خەم بن باكم پێتان نیە و لایەنگری من ئەو خودایەیە كە قورئانی دابەزاندۆتە خوارەوە و هەرئەویش پشتی پیاو چـاكان دەگـرێ ،سـوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی كە دونیای كردۆتە ژیانی لەناو چوون و كۆتای هاتن،خەڵك تێدا دەگـۆڕێ بە جۆرەها شێوە،پیاوی خراپ گەر بەدونیا لاف و لـە خـۆ بـایی بێـت و دونیـا هـەڵی دەخەڵـەتێنێ ،چونكە ئەم ژیانە ئەوەی بیكاتە هیواو ئومێدی خۆی پشتی پێ دەشكێ ،وەهیـوای نایەتـە دی،وەمـن دەبینم ئێوە كۆبونەوە لەسەر فەرمانێك كە خودای بێ هاوتا لە خۆتان تووڕە دەكەن،وەلە بەزەیی خۆی بێ بەشتان دەكات،خودامان پایە بەرزە و ئێوە خراپترین بەندەكانی ئەون!!

بڕیارتان دا بە گوێڕایەڵی بۆ خودا و بڕواتان بە پێغەمبەر(د.خ) هێناوە،پاشان ئێوە وا دەخشن بۆ لـەناو بردنی ماڵ و منالّی پێغەمبەرتان(د.خ) ،دەتانەوێ بیانكوژن!!

ئێوە شەیتان دەستی لێ سەندوون،یادی خودای لەبیر بردوونەتەوە،هەی لەناو چن بۆ ئەم كـارە و بـۆ ئەم ئارەزوەتان،ئێمە بۆ خوداین وهەر بۆ ئەویش دەگەڕێینەوە،ئەوەی وابكا هەڵ گەڕانەوەیـە لـە ئـاین پاش ئیمان هێنانتان یا خوا هەر دوور بین لە قەومی ستەم كار،ئەی خەڵكینە دەبزانن من كـێم،تـۆزێ بگەڕێنە لای ناخ و دەرونتان ،گلەیی لێ بكەن و بیربكەنەوە،ئایا بۆتان هەیە من بكوژن وە ئەتەكی ماڵ و منداڵ و خێزانم بكەن؟

ئایا من كوری كچی پێغەمبەری(د.خ) ئێوە نیم،ئایا من كوری جێگری ئەو نیم؟



Scanned with CamScanner

ئایا من کوری ئامۆزای ئەو نیم، کە یەکەم کەس بڕوای بە خوداو پێغەمبەر(د.خ) هێنایە بە هەموو ئەوەی کە خودا ناردویتە خوارەوە ،ئایا همزە کە گەورەی شەهیدانە مامی باوکم نیە،ئایا (جعفر الطیار) مامم نیە؟

ئایا ئێوە ئەو فەرموودەی پێغەمبەرتان(د.خ) گوێ لێ نەبووە بۆ من و حسنی برام کە دەفەرمووێ(ئەو دوو گەورەی گەنجانی بە هەشتن)؟

ئەگەر دەڵێن ڕاست دەکەی ،((کە ڕاستەو هەر واشە،سوێند بەو خودایەی منی دروست کردووەوجارێکیش لە ژیانم درۆم نەکردووە لەو کاتەی کە زانیومە خودا پێ ی ناخۆشە؟

وەئەگەر دەڵێن ئەم قسانەت ڕاست نیە ئێوە مرۆڤن بپرسن لەناو ئەو کۆمەڵەی وا لەگەڵتانن بپرسن لە (جابر کوری عبدالله الانصاری) وەلە (اباسعید الخدری)و(سهل کوری سعد الساعدی) وە (زید کوری ارقم)و (انس کوری مالك) ئەوان پێتان دەڵێن کە ئەم فەرموودەیان لە پێغەمبەر(د.خ) گوێ لێ بووە بۆ من و برام؟

ئایا ئەوەندە بەس نیە تاکو خوێنم نەڕێژن؟

(شمر کوری ذی الجوشن) ووتاری ئیمام دەبڕێ و دەڵێ حسین بەخۆی نازانێ چی دەڵێ (حبیب کوری مظاهر) وەلامی شمری دایەوە من شایەدی دەدەم کە تۆ تێناگەی ئەو چی دەڵێ چونکە خودا دڵی داپۆشتوی (طبع الله علی قلبك)؟

ئیمام دەستی بە ووتارەکەی کردەوە و فەرمووی:ئەگەر ئێوە لە هەرچی شتێك گومانتان هەیە ،ئایا کەستان هەیە گومان لەوەی بکات کە من کوری کچی پێغەمبەر(د.خ) ی ئێوەم؟

سوێند بەو خودایە لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کوڕە کچێکی پێغەمبەران لە دونیا نیە،تەنیا من نەبم،هاوار بەماڵتان بەچی داوام لێ دەکەن،کەسێکم کوشتووە لەناوتان،یان ئازاری یەکێکتانم داوە،یان تۆڵەی خوێنم لێ دەکەنەوە ،بێ دەنگ بوون،کەس وەلام ناداتەوە،پاشان بانگی کرد:ئەی (شبث کوری ربعی) ،ئەی (حجار کوری ابجر)،ئەی( قیس کوری اشعث)،ئەی (زید کوری حارپ) ئەی ئێوە نامەتان بۆ من نەنارد لەناو نامەکەی نەتانووسیبوو کە وەرە لامان بەپەلە بەر پێ گەیبووە،ئێمە دەست لەسەر دەست مل کەچ و سەربازی تۆین؟

ووتیان :نەخێر وامان نەگوتووە!



Scanned with CamScanner

ئیمام (س) فەرمووی :(سبحان الله)بەڵێ سوێند بە خوا واتان گوتبوو ،پاشان فەرمووی ئەی خەڵکینە ئەگەر هاتنی منتان پێ ناخۆشە و ڕکتان لێمە لێم گەڕێن بابۆخۆم بڕۆم بۆ لایەك لەم خاکە پان و بەرینە تاکو تێدا ئاسوودەبم،(قیس کوری اشعپ) وەڵامی ئیمامی دایەوە :تۆ وەرە سەر فەرمانی کوڕە ئامۆزاکانت، چونکە ئەوان ستەمت لێ ناکەن و چی دڵت بیەوێ وادەکەن ئیمام(س) فەرمووی:تۆ برای ئەوانی!

ئایا دەتانەوێ نەوەی هاشم زیاتر لەخوێنی مسلم داواتان لێ بکات [1]

نابێ سوێند بەخوا هەرگیز نابێ!

دەستی مل کەچیان لەناو دەست نانێم و بڕیاری بەندایەتیشیان بۆ نادەم من پەنا دەبەمە بەر ئەو خودایەی کە خودای هەمووانە گەر بتانەوێ تیر باران و بەرد بارانمان بکەن،پەنا دەبەمە بەر خودامان لە ئاستی هەموو ئەوانەی کە خۆ بەزل دەزانن و بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە!

---

[1] -قیس کوری اشعث براکەی لەلای (عبیدالله کوری زیاد) بوو کە عبیدالله فەرمانی دا مسلم کوری عەقیل بکوژن براکەی قیسی مسلمی کوشت؟

## ((زهێر كوری قین ئامۆژگاری لەشكری ئەمەوی دەكات))

(زهێر كوری قین) كە فەرماندەی هێزی لای راستی ئیمام بوو ،خۆی بەستبوو لە چەك و بە سواری ئەسپ لێیان هاتە پێش و ووتی:

ئەی خەڵكی شاری كوفە،ئاگادارتان دەكەمەوە لە ئازاری خودا،مافی هەموو موسلمانێكە ئامۆژگاری یەكتری بكەن،ئێمە تاكو ئێستا براین و لەسەر یەك ئاینین وە یەك میللەتین،تاكو شمشێر دەكەوێتە نێوانمان!

وەئەگەر شمشێر كەوتە نێوانمان و خوێنی یەكترمان رشت،پەیوەندی دەپچڕێ،ئێمە ئومەتێكین و ئێوە ئومەتێكی تر،خودا ئێمەو ئێوەی تاقی كردۆتەوە بە نەوەكانی پێغەمبەر(د.خ) تا ئاشكرا بێت ئێمەو ئێوە چی دەكەین!!

ئێمە داوا دەكەین كە یارمەتیان بدەن،وە یزید و عبیدالله سەر شۆڕ بكەن،چونكە ئێوە لەم سەركردەتان هیچ نابینن تەنیا خراپەكاری بە چاو كوێر كردن و دەست بڕین و پێ بڕین بە ئەتك كردنی مردوو،ئازارتان دەدەن لە دارتان دەپێچن،وەپیاوانی وەك (حجر كوری عدی) دەكوژن،خوێنەرانی قورئان دەكوژن وەك(هانی كوری عروە) و یارەكانی ،پاشان كۆمەڵێك لە سەربازانی ئەمەوی بە چاكە ناوی (یزید و عبیدالله)یان هێناو ووتیان ئێمە لێرە ناڕۆین تاكو ئێوە و ئیمامەكەتان نەدەینە دەست عبیدالله كوری زیاد ،(زهێر كوری قین) ووتی:ئەی بەندەكانی خودا ،كوڕی فاتمە(س) باشترە خۆشتان بۆی سەری بێخن لەسەر كوڕی (سمیەی) وە ئەگەر هەرواش ناكەن،ئێوە و خودا مەی كوژن لێ گەڕێن تاكو یزید دەی بینێ،چونكە لەوانەیە رازی بێت لێتان بەبێ كوشتنی ئەو (شمر كوری ذی الجوشن) تیرێكی لە (زهێر كوری قین) گرت و ووتی بەسە بێ دەنگ بە خوا بێ دەنگت بكا مێشكت بردین بەم هەموو قسە زۆرانەت (زهێر كوری قین) ووتی:ئەی كوڕی میز كەری سەر جێگا ،من ئەم قسانەم بۆ تۆ نیە!!

چونكە تۆ ئاژەڵی سوێند بە خوا دوو ئایەت لە كتابی خودا نازانی مژدەت دەدەمێ بە ئابڕوچونت و سەختترین ئازار لە رۆژی دوای (شمر كوری ژی الجوشن) ووتی:هەر ئێستا دەتكوژم؟



Scanned with CamScanner

(زهیر) ئایا به مردن من دەترسێنی سوێند بەخوا مردن لەگەڵ ئیمام گەڵەك خۆشترە لە ژیانی دوانەهاتوو لەگەڵ ئێوە پاشان (زهیر) ڕووی لە خەڵکە کە کردوو ووتی :بەندەکانی خودا ،لەم پیس و بۆ گەنەو وێنەی ئەمانە ئاگادار بن لە خشتەتان نەبەن

سوێند بەخوا پێغەمبەر(د.خ)شەفاعەت بۆ ئەو کەسانە ناکات کە خوێنی نەوەکانی بڕێژێ و ئەهل و بیتی ئەو بکوژن

ئیمامی حسین(س) فەرمووی:زهیر بگەڕێوە ،ئەگەر (مومن ال فرعون) هەوڵی دا ئامۆژگاری بکات تۆش ئامۆژگاریت کردن گەر سوودی هەبێ!



Scanned with CamScanner

## ((بریر کوری خضیرئامۆژگاریان دەکات)):

(بریر کوری خضیر) یەکێ بوو لە (تابعین) و شیخی قورئان خوێنانی شاری کوفە بوو،بە خوا پەرستی و نورانی ناسرابوو، هاوەلێکی خۆشەویستی ئیمامی علی (س) مۆڵەتی لە ئیمامی حسین(س) وەرگرت و ،بەرامبەر لەشکری ئەمەوی وەستاو بە دەنگی بەرز ووتی:(ئەی کۆمەلانی خەلك خودا پێغەمبەر(د.خ)ی نارد،کە موژدە دەرو ئاگادار کەرەوەیە (بشیر ونذیر) وەبانگەوازی خوای کردو رۆژی روناکە بۆ هەمووان ،ئێوە بروانن ئەوە ئاوی فرات دیارە کە پڕی سەگ و بەرازە بەلام نەوەی ئەم پێغەمبەرە(د.خ) ئاوەکەیان لێ قەدەغەکرا ئایا ئێوە بیرناکەنەوە لەخۆتان ناپرسن؟

بلێن ئایا ئەوە پاداشتی محمد المصطفایە (د.خ) ووتیان ئەی(بریر) چیتر قسەمان بۆ مەکە سوێند بە خوا ،نابێ بیخواتەوە تاکو لەتینان دەمرێ ،پاشان (بریر) ووتی ئەی قەوم ئەوە ئال و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) تانە،وەنەوەکانیانە ،وەماڵ و خێزانیەتی ئێوە چیتان دەوێ بەتەمای چین،ووتیان دەمانەوێ (عبیداللە کوری زیاد)بەسەریان دا زاڵ بێت ،ئەو خۆی هەرچی لێیان بکە ئێمە رازین بە کردەوەی (عبیداللە) بریر ئایا رازی نابن بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێ ی هاتووە؟

هاوار بۆتان ئەی خەلکی کوفە نامەکانی خۆتان لەبیر چوو ،پەیمان و بەلێنەکانتان هاوار لە بۆتان بانگەوازی ئەهل و بەیت دەکەن وەپێیان دەلێن خۆمان دەکەینە قوربانی بۆتان ئێستا،هەموو هەولەکانتان ئەوەیە بیاندەنە دەست (عبیداللە کوری زیاد) وە ئاوی فراتتان لی قەدەغە کردووە ، بە پیسترین شێوەو کردەوە کەچی دەلێن شوێن کەوتەی پێغەمبەرین(د.خ) خودا ئاوتان لێ قەدەغە بکا لە رۆژی دوای ووتیان ئەی (بریر) ئێمە تێناگەین تۆ چی دەلێیت (بریر) سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە زانستی زیاد کردوم لەسەر ئێوە خودایە من (بەریم) لەوقەومە خودایە ناکۆکیان بخە نێوان،خودایە رك و قینەی خۆت برژێنە بەسەریان،ئینجا ئیمامی حسین(س) سور بوو لەسەر ئامۆژگاری کردنیان ،بە نیازی ئەوەی کاری لەیەك کەسیش کردبایە باش بوو ،بۆیە بەرامبەر ئەو قەومە نەفامە وەستا قورئانی بەرزکردەوە بۆیان و فەرمووی:(هەی لەناوچن ئەی کۆمەلەی نەزان،ئایا ئەو کاتەی بانگەوازی ئێمەتان کرد کە بەهاناتانەوە بێین ،ئێمە هاتین،ئێستا لەباتی چاکەمان و گوێڕایەلیتان ،شمشێرمان بۆ بەرز دەکەنەوە وە ئاگرێکمان بۆ دەکەنەوە کە ئێمە بۆ دوژمنانی ئێوە و خۆمان کردبومانەوە ،ئێستا یەك دەگرن بۆ یارمەتی دانی دوژمنانتان وەدژی لایەنگرانی خودایی رادەوەستن ئایا سەرکردەکانتان چ



Scanned with CamScanner

دادپەروەریەکیان کردووە بۆتان، ئایا دەزانن چۆن پەپولە کۆدەبنەوە بۆ رووناکی و ئاگر ،ئێوەش بەم شێوەیە کۆبونەوە بۆ ئێمە،بەلاّم هەرچی بێ نەچوو پاشگەز بوونەوە بەڵێنتان شکاند لەگەڵمان هەی وردو خاش بن ئەی بەندەی بەندان ئەی وەلانراوی حیزبەکان ئەی تێهەڵدەری کتابی خودا (ئەی کۆمەلانی تاوانبار ئەی فووی شەیتان) ئەی سونەت کوژێنەوە هاوار بەماڵتان بۆ ئەوانە دەچن وەئێمە سەر شۆڕ دەکەن و سەرمان نایەخن بەلاّم وەیە سوێند بە خوا هەروایە ،ئێوە لە کۆنەوە هەر (غەدر) دەکەن دڵ و دەرونتان راهاتووە لەسەری وە لەسەر ئەم ستەمە گەشەتان کردووە ،ئێوە پیسترین بەرن خۆتان ناگونجێنن بۆ پیاوی باش بۆ خراپەکارانیش خواردنی نەرم و نیانن بڕوانن ئێوە کە زۆڵی کوری زۆڵ دووشت لە ئێمە داوا دەکاو بەس یان شمشێر راکێشان لێ ی ،یان خۆبە دەستەوەدان و مل کەچی بۆی بەلاّم (هییات) هەرگیز نابێت خۆبەدەستەوە دان و مل کەچی لەلایەن ئێمەوە،خودا رازی نابێ بۆ ئێمە وابکەین ((پێغەمبەر(د.خ) و ئیماندااران ڕازی نابن بۆ ئێمە وابکەین))

ئێوە بڕوانن،ئەو دڵە گەورانە ئەو پیاوە گەورانە،ئەو دەرونە پاکانە ،هەرگیز نابێ ناکرێ ئێمە گوێڕایەڵی ئەم پیسکانە هەڵبژێرین لەسەر لاشەی ئەم پیرۆزانە کوشتنی ئەم پیرۆزانە باشترە لەوەی خۆمان بدەینە دەست ئەم بێ نرخانە!!

باش بزانن من وادەخشم بۆتان بەم خێزانە پیرۆزە،هەرچەندە ژمارەیان کەمە وە خەڵکان پشتمان ناگرن،پاشان چەند دێرە هۆنراوەیەکی شاعر (فروە کوری میسك) ی ووتەوە:

| | |
|---|---|
| فان نهزم فهزامون قدما | وأن نهزم فغير مهزمينا |
| وما ان طبنا جبن ولكن | منايانا و دولة أخرينا |
| فقل للشامتين بنا افيقوا | سيلقى الشامتون كما لقينا |

لە دێری سێ یەم دەڵێ:بلێ ئەو کەسانەی کە ئێمەیان پێ خراپە و جنێومان پێ دەدەن- ئەوانەی وامان لێ دەکەن با تێبگەن هەمان شتیان بەسەر دێ وەکو ئێمە .

سوێند بەخوا پاش ئێمە زۆر نامێننەوە وەلەم ژیانە بۆتان دەسوڕێتەوە ئەوەی بەسەرمان دێ بەسەرتان دێت لە ماوەی کەم پاش من چونکە ئەوە پەیمانێکە باوکم علی کوری ابی تالب (س) پێ ووتم کە لە پێغەمبەر(د.خ) گوێ لێبووە !!

ئێستا ئێوە هەرچی لەدەستان دێ بیکەن بەرامبەرم!!



Scanned with CamScanner

من پشت بەو خودایە دەبەستم کە خودای من و ئێوەیە ،هیچ بونەوەرێك نیە مەگەر لە ژێر فەرمانی خودا نەبێ خودامان لەسەر رێگای راستە

پاشان بەرامبەریان دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان ،فەرمووی خودایە بارانیان لێ قەدەغەبکە ،خودایە وەکو سالانی حەزرەتی یوسف (س) یان بەسەر بێنە،خودایە گەنجێکی هۆزی (ثقیف) یان بەسەر دا زال بکە بیان کوژێ و بیان برێ چونکە درۆیان لەگەڵ ئێمە کرد،خودایە تۆ پەروەردگارمانی و هەر بۆ تۆ دەگەڕێینەوە ،پشتمان بە تۆ بەستووە،وە دەزانین تۆ ئەی خودایە مافمان وەردەگری لێیان،کوشتین بە کوشتن لێدان بە لێدان تۆ لەمان دەکەیتەوە ئەی خوداوەند تۆڵەی من و ئەهلی بەیتم و شیعەکانم. [1]

((حر کوری یزید الریاحی پەشیمان دەبێتەوە و دێتە لای ئیمام(س) ))

کە (حر الریاحی) گوێی لەم هەموو ووتە بەنرخانەی ئیمامی حسین(س) بوو بەرامبەر لەشکری ئەمەوی دەری برین،زۆر کاری تێ کردوو دڵی هەژا بۆ ئەم ووتە راست و رەوانە !!

بۆیە هاتە لای (عمر کوری سعد)پێ ی ووت:ئەی فەرماندە تۆ چی دەڵێ ی بۆ ئەم هەموو پێشنیارو ووتانەی ئیمامی حسین(س) ؟

ئایا شەڕی لەگەڵ دەکەی ؟

(عمر کوری سعد)ووتی:بەڵێ سوێند بەخوا شەڕێکی لەگەڵ دەکەم کە بچوکترین شتی دەست پەڕین و لاق پەڕین و سەر پەڕین بێت

ئینجا (حر الریاحی) موچڕکێك سەراپا گیانی داگرت و زانی دەیانەوێ ئیمام و ئەم کۆمەڵە یارەی لەناو ببەن !!

بۆیە گەڕایەوە دواوە و کەمێك بیری کردەوە لەپاشە رۆژی خۆی و لەگەڵ دڵ و دەرونی خۆی کەوتە لێك دانەوە !

پیاوێك لە نزیکی وەستا بوو کە ناوی (مهاجر کوری الاوی) ی بوو ،تەماشای (حر الریاحی) ی کردوو ،بینی سروشتی نیە بۆیە لێ ی پرسی،ئەی کوری یزید نازانم سەرم لەتۆ سوڕ ماوە!

---

١ -الفتوح ،لابن الاعثم جزء ٥ ص٢١٣،الاحتجاج جزء ٢ ص ١٢ ،مناقب ابی تالب جزء ٤ ص ١١٩ الخطاب الحسینی ،د.عبدالكاظم محسن الیاسری ص ١١٣



Scanned with CamScanner

سوێند بەخوای گەر لێم بپرسن بلێین کێ لەهەموو کەسی ئازاو دلێر تره لەشاری کوفە من بەبێ راوەستان دەلێم(حر الریاحی) بەلاّم که سەیری تۆ دەکەم تۆ وا بەم شێوەیه دەلەرزی و رەنگت تێك دەچێ و نازانم چی بلێم؟

ئایا تۆ له شەڕ دەترسی (حر الریاحی)ووتی:سوێند به خودا من له شەڕ ناترسم و باکم له شەڕ نیه بەلاّم من وابیر دەکەمەوه که له نێوان بەهەشت و دۆزەخ کامیان هەڵبژێرم؟

سوێند به خوا له بەهەشت زیاتر چی تر هەڵنابژێرم ئەگەر پارچه ضارچەم بکەن و بەزیندوی بم سووتێنن!

پاشان ئەسپەکەی تاوداو بەرەو لەشکری ئیمام رۆیشت ،تاکو نزیك بۆوه له ئیمامی حسین(س) و دابەزی،به چاوی پر فرمێسکەوه ووتی،خودا بەقوربانی تۆم بکات ئەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ) دەزانی من کێم !!

من ئەو کەسەم که یەکەمجار گەیشتمه تۆ و ئازار و ئەشکەنجەم دای ترس و دلّه راوکێم خسته ناو دلّی تۆ ئەهل و بەیتی (پێغەمبەر(د.خ) .وازم لێتان نەهێنا تاکو ئێوەم هێنایه ئەم جێگا چۆل و بێ ئاوه ،ئێستاش پەشیمانم لەو هەموو کارەی کردووم

دەگەڕێمەوه بۆ لای خودا ،داوای لێ بوردن له تۆ دەکەم ،ئامادەم خۆم بکەمه قوربانی ئێوه،سوێند بەخوا هەرگیز من نەمدەزانی ئەو لەشکره ئەوەنده نەفامن که هەموو پێشنیاره راستەکانی تۆیان رەت کردەوه،کەزانیم شەڕت له گەڵ دەکەن،هاتوومه لات گیانی خۆم بکەمه قوربانی تۆ،بەلاّم حەز دەکەم مۆڵەتم بدەیت بەرامبەریان بوەستم هەندێ قسەیان بۆ بکەم[1] (حر الریاحی) به سواری ئەسپ هاته پێش له شکری ئەمەوی ووتی(ئەی خەلّکی شاری کوفه) ئێوه ئیمامتان بانگ نەکرد تاکو بێته لاتان نەتان ووت خۆمان به کوشتن دەدەین له پێناوت ئەی بۆ ئێستا دەتانەوێ بیدەنه دەست(عبیدالله کوری زیاد) و دەتانەوێ بیکوژن دەورەتان داوه له هەموو لایەك رێتان لێ قەدەغه کردووه لەم خاکه پان و بەرینەی خودا که خۆی و ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) شوێنێك نیه تێدا ئاسووده بن!

[1]. ئیمام پێی ووت تۆ ناوت ئازاده (حر ) وه ئازادی له دونیا و قیامەت بەڵێ گەر بگەڕێیتەوه خودا لێت وەردەگرێ ،انشاء الله وه لێت خۆش دەبێ ،فەرموو مۆڵەتم دای هەندێ ئامۆژگاریان بکه



Scanned with CamScanner

وەکو ( دیل ) کەوتۆتــە دەستان چــی لــە دەست نایـەت ،مـاڵ و منـداڵ و خێـزان و ئاویـان لــێ قەدەغەکراوە ،ئەو ئاوەی فرات کە جولەکە و مجوسی و فەلە دەیخۆنـەوە سـەگ و بـەرازی لـەناوە ،بەڵام ئالی پێغەمبەر (د.خ) لێ یان قەدەغە کراوە ئەی خودا تێنووتان بکات لە رۆژی دوایـی ئەگـەر تۆبە نەکەن و نەگەڕێنەوە لای خودا لەم رۆژە و لەم کاتە ،سەربازانی ئەمەوی تیرباران و ئاگر بارانیان کرد ئینجا ئەویش گەڕایەوە پێش ئیمام (س ) .



Scanned with CamScanner

## (( دەست پێکردنی شەر لە نێوانیان )) :

ئیمامی حسین (س) پێش دەست پێکردنی شەر دیسان ویستی بە هیچ جۆرێك بیانوویان نەمێنێ خۆی هاتە پێشەوە بەرامبەر (عمر کوری سعد ) ڕاوەستا و فەرمووی "ئەی عمر تۆ وا دەزانی من دەکوژی و کوڕی زۆل ( عبیدالە ) دەتکاتە والی (ری و جرجان) ، سوێند بەخوا دڵت ئاسوودە نابێت پاش من هیچ ئیشت پێنادات ،ئەوە بەڵێنە بەمن دراوە سوێند بە خوا کەیف خۆش نابی پاش من نە لە دونیا نە لە پاشە رۆژدا ئێستا لە بەر چاومە منداڵانی شاری کوفە لەقە لەسەرت هەڵدەدەن و لەسەر دار بەرزی دەکەنەوە بەڵام دڵی رەق و مردوو ،هزر و بیری گەندەڵ ، کەی لە پەیمان و بەڵێنی خودا و پێغەمبەر (د.خ ) دەگات ،بۆیە (عمر کوری سعد ) تیرێکی هاوێشتە ناو کەوان و بۆ ئیمامی حسین (س) هاویشت و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد ( اشهدوا لی عند الامیر انی اول من رمی )

واتە " شایەدیم بۆ بدەن لای سەرکردە (عبیداللە کوری زیاد ) کە من یەکەم کەس بووم تیرم تێگرتووە بەم جۆرە فەرماندەی گشتی تیری هاوێشت بۆیان ،هەموو تیر هاوێژەکانی ئەمەوی وەکو باران تیریان لە ئیمام و یارانی گرت ،تاکو مێژوونوسان دەڵێن کەسێك نەما لە یارانی ئیمام (س) گەر چەند تیرێکی پێنەکەوتبێ ئینجا ( عمر کوری سعد ) بانگی کرد (ذوید) ئاڵاکە بێنە پێش ،ئەویش ئاڵاکەی هێنا پێش لەشکری ئیمام (س) پاشان ئیمان حسین (س) بە یارەکانی خۆی فەرمووی ( ئەوا ئەو تیرانە نێردراوی ئەو قەومەن بۆ ئێمە هەڵسن رەحمەتی خواتان لێبێت من مۆڵەتم دان بۆ شەڕ کردن) وە ئیمام (س) فەرمانی دا کە (عەباس )ی برای ئاڵاکەی بێنە پێش ،ئەویش ئاڵاکەی هێنا بەرامبەریان لەوێ وەستا .

لەناو لەشکری (عمر کوری سعد ) پیاوێکی ئازا هەبوو بەناوی سالم کە خزمی (عبیداللە کوری زیاد) بوو ،ئەو پیاوە (سالم ) هاتە مەیدان و داوای لە ئیمامی حسین (س) کرد کە یەکێکی ئازای بۆ بنێری تاکو بیکوژێ ، (زهیر کوری قین کە فەرماندەی لای ڕاستی لەشکری ئیمام بوو ، ویستی بڕوات بۆی بەڵام ئیمام (س) فەرمووی زوهێر بگەڕێوە پاشان ( حبیب کوری مظاهر ) کە فەرماندەی لای چەپی لەشکری ئیمام بوو بۆی ڕۆی ئیمام (س ) ئەویشی گێڕایەوە ئینجا لەناو لەشکری ئیمام (س ) پیاوێك بەناوی (عبدالله کوری عمیر الکلبی ) بوو داوای مۆڵەتی لە ئیمام کرد تا بۆ سالم بچێتە میدان ئیمام (س) مۆڵەتی دا (عبدالله کوری عمیر ) شمشێری ڕاکێشا و چووە



Scanned with CamScanner

بەرامبەر ( سالم ) ،(سالم ) ووتی تۆ کێیی ،گوتی من (عبداللە ی کوری عمیر الکلبی )م بگەڕێوە من دەمەوێت یەکێکی ئازا و بەناو بانگ بۆم بێتە میدان تا بیکوژم با (زهیر ) بێت یان (حبیب کوری مظاهر )یان (بریر) بێت ، (عبدالله کوری عمیر ) گووتی کوڕی زیناکەر تۆ هاتوویتە میدان و یەکێکت دەوێ شەڕت لەگەڵ بکات ، منیش پیاوم هاتووم و بەرامبەرت ئەگەر تۆ ئەوەندە ئازای بمکوژە ، سوێند بەخوا ناگەڕێمەوە هاتووم شەڕت لەگەڵ بکەم ئینجا ( سالم ) زۆر بێ باکانە لێی هاتە پێش بەڵام هەردوو لەشکر تەماشا دەکات کە چەند چرکەیەکی پی نەچوو کە دیتیان ( عبدالله کوری عمیر ) لەسەر سینگی (سالم ) دانیشتوە بە شمشێر لێیدا تاکو کوشتی ، پاشان (عبدالله کوری عمیر ) چەند کەسێکی تری بۆ هاتن تەنیا تەنیا هەموویانی کوشت ئەمجارە بە نامەردی دوو کەسی بەیەکەوە بۆ هاتن کە ناویان (هانی کوری حبیب الحضرمی) و ( بکیر کوری حی تمیمی ) بوون لەسەر دەستی ئەو دوو کەسە شەهید کرا .



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی ( مسلم کوری عەوسەجە )) :

ئەو کاتەی ( عمر و کوری حجاج الزبیدی ) فەرماندە لای ڕاستی لەشکری ئەمەوی هێرشی کردە سەر لەشکری ئیمام حسین (س) ،پاش ڕەوینەوەی تۆز و خۆڵ و لێك جیا بوونەوەیان چەند یارێکی ئیمام (س) شەهید بوون لەوانە (مسلم کوری عەوسەجە ) کە زۆر ئازاو ناودار بوو ئیمام حسین (س) وە(حبیب کوری مظاهر)چوونە سەری کە تۆزێك گیانی تێدا مابوو ئیمام (س) فەرمووی ڕەحمەتی خودات لێبێت ئەی (موسلیم کوڕی عەوسەجە) ( منهم من قضاء نحبةومنهم من ینتظر و ما بدلواتبدیلا ) وە (حبیب کوری مظاهر ) گوتی " ئەی موسلیم مژدەت دەدەمێ بەهەشتیت " (مسلیم) ووتی " خودا مژدەت بە چاکە بداتەوە ( حبیب ) ووتی " حەزم دەکرد پێت بلێم ئەگەر وەسەتێکت هەیە پێم بلێی بەڵام سوێند بەخوا منیش لە دواتم (مسلیم کوری عەوسەجە ) گووتی هەرچەندە دەزانم لە دوامی بەڵام وەسەتێکم هەر هەیە بۆت ( حبیب کوری مظاهر ) ووتی " بلێ چیت هەیە " (مسلیم ) ووتی " وەسیەتت دەکەم بە ئەوەی پەنجەی بۆ ئیمام درێژ کرد کە خۆت بکەیتە قوربانی پێش ئەوەی ئەو هیچی لێبێت " (حبیب کوری مظاهر ) ووتی " وا دەکەم سوێند بەخوای کەعبە " یارانی ئیمام (س ) غەمبار بوون بە کوشتنی ( مسلم کوری عەوسەجە ) بەڵام کە ( عمر کوری حجاج ) فەرماندەی ئەمەوی بەدەنگی بەرز هاواری کرد ( مسلم کوری عەوسەجە ) مان کوشت کەیف خۆشی کەوتە ناو لەشکری ئەمەوی ، ئینجا فەرماندەیەکی تری ئەمەوی کە ناوی ( شبث کوری ربعی ) بوو ،ووتی ئەوە کەیف خۆش دەبن نەفامینە بە کوشتنی ( مسلم کوری عەوسەجە ) سوێند بە خودای گەورە من بە چاوی خۆم دیتم لە شەڕی ئازەربایجان لەگەڵ کافرەکان شەڕمان دەکرد پێش ئەوەی ئێمە ئەسپەکانمان کۆ بکەینەوە ( مسلم کوری عەوسەجە) مان دیت لە پێش ئێمە شەڕ دەکات و (٦) کافری کوشت پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ناو شەڕەکە ئایا ئێوە بە کوشتنی ئەو پیاوە کەیف خۆش دەبن ؟



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی ( بریر کوری خضیر )) :

بریر کوری خضیر یەکێك بوو لە ( تابعین وە لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی ئیمامی علی کوری ئەبی تالب (س) بوو ، پیاوێکی بەتەمەن و پیر و قورئان خوێن بوو لە مزگەوتی کوفە وانەی قورئانی بە خەڵك دەوت ، نێوچاوانی خۆی بەستبوو لەبەر پیری ، هاتە مەیدانی شەڕ و داوای کرد یەکێك بۆی بێتە مەیدان ( یزیدکوری معقل ) بۆی هاتە میدان کە دەیناسی ( یزید ) گوتی ئەی بریر خودا چی لەگەڵ تۆ کردوە ( بریر ) گووتی " خودا لە چاکە زیاتر هیچی لەگەڵ من نەکردوە بەڵام من وا دەبینم تۆ لەناو خراپە کاری و ئاژاوەی " (یەزید ) گووتی " ئەی( بریر) درۆ دەکەی هەرچەندە نەم دیوە لە ژیانم تۆ درۆت کردبێ بەڵام ئێستا درۆدەکەی (بریر)ووتی"بۆچی درۆ دەکەم؟

(یزید)ووتی"چونکە تۆ ئێستا لەگەڵ( ئیمام حسین) ی ،ئایا لە بیرت دێت لە شەڕی (بنی لوذان)کە تۆ دەت ووت (علی کوری ابی تالب پیشەوای حەق و دیارمەندە)(بریر) ووتی" بەڵێ لە بیرمە من وام ووتوە وە خوا دەیزانێ ئێستاش هەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕەم ماووم ( یزید ) ووتی " منیش شایدی دەدەم  کە ئێستا تۆ لەسەر چەوتی ( باطل ) چونکە لەگەڵ حسین دای (بریر ) ووتی " تۆ ئەی یزید ڕازی دەبی ( مباهلە ) بکەین ( هەردووکمان لەپێش ئەم لەشکرە دەستمان بەرز دەکەینەوە بۆ خودا داوای لێدەکەین کە کاممان لەسەر چەوتین و سەر گومڕاین ) خودا ئێستا ڕووی ڕەش بکا و ژێر کەوێ ، وە ئەوەی دیار مەند و ڕاستە سەر کەوێ ( یزید ) ووتی " من ڕازیم " بەم جۆرە ئەم دوو لەشکرە هەموو گوێیان لێ ڕاگرتوون و تەماشایان دەکەن وە ئەوانیش دەستیان بەرز کردەوە هەردووکیان ، داوایان لە خودا کرد هەر ئێستا کامە ڕاستە سەرکەوێ بەم جۆرە لە پاڕانەوە بوونەوە ، هەردووکیان شمشێریان بەرز کردەوە بۆ یەکتر هاتن ، مێژوونووسان دەڵێن " سوێند بەخودا چەند چرکەیەك پێنەچوو کە دیتمان ( یزید )کەوت و ( بریر ) لەسەر سینگی دانیشتو بە شمشێر لە سینگی دەدا پێی دەوت " ڕوو ڕەش ئێستا زانیت کێ ڕاستەو کێ درۆزنە کێ ئیمانی ڕاستە و کێ ئیمانی چەوتە تاکو کوشتی " پاشان (بریر) هەڵساو وە داوای کرد یەکێکی تری بۆ بێتە مەیدان ئینجا پیاوێکی تر هات کە ناوی (رضی کوری منقض العبدی ) بوو ،(بریر) ئەوی خستە سەر زەوی دایە بەر شمشێران ،بەڵام پیاوێکی تر لە ناو  لەشکری ئەمەوی کە ناوی ( کعب کوری جابر ) بوو بەپەلە هاتوو لە پشتەوە ڕمێکی توندی لە پشتی ( بریر ) دا لەو کاتی (بریر)لەسەر سینگی (رضی کوری



Scanned with CamScanner

منقض ) بوو که (برير) ئاورێکی دایەوە بینی کە (کعب کوری جابر ) بە نامەردی لە پشتەوە لێی داوە بۆیە شمشێری خۆی بۆ راوەشاند وە توانی لووتی ( کعب ) ببڕێ وە (برير ) بەم ڕمە شەهید بوو ( کعب کوری جابر) یش پاشان بە لووتی بڕاو هات سەری (برير) ی لێکردەوە و لای خۆی دانا پاشان کە سەرەکانیان هێناوە بۆ کوفە چونکە پاش عصر بوو سەرەکانیان بردەوە ماڵەوە تاکو بەیانی کە ( کعب کوری جابر ) سەری ( برير)ی بردەوە ماڵی خۆی خێزانەکەی ( نوار ) ووتی " ئەی کعب تۆ چوویتە شەڕ دژی ئیمامی حسین (س) وە ئەوەش سەری (برير) ت بڕیوە کە گەورە و قورئان خوێنی کوفەیە سوێند بە خودا تاکو مردن من لەگەڵت نادوێم .



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی حر كوری یزید الریاحی )):

(حر كوری یزید الریاحی ) ئەو پیاوە بوو كە ( عبید الە كوری زیاد ) كە لەگـەڵ (١٠٠٠ كـەس ) ناردبووی بۆ ڕێگرتن لە ئیمام پاشان هەر ئەوە بوو كە ئیمام (س) وە لەشكری ئیمامی هێنا ئەو جێگا چۆڵ و بێ ئاوە پاشان لە ڕۆژی ١٠ محـرم خـۆی گەیانـدە لای ئیـمـام حسـین (س)پەشـیمان بـۆوە ، مێژونووسان دەڵێن لە كاتی ( حر الریاحی ) كە ڕۆیی بۆ لای ئیمام (س) یەكێك لە سەركردەكانی ئەموی كە ناوی (حەسەین كوری تمیم ) بوو دەڵێت پیاوێكی ئازا كە (یزید كـوری سـوفیان ) بـوو لەلای من وەستا بوو بە دەنگی بەرز هاواری كرد من ( حر كوری یزید الریاح ) م نەبینی كە چووە لای ئیمام نەخو بەدوای دەكەوتم و لە ڕێگا دەمكوشت و نەمدەهێشـت بگاتـە لای ئیمـام (س) ، وە هەركاتیٚ بێتە مەیدان من بۆی دەچم ( حەسەین ) دەڵێت " ئەوەنەی پێ نەچوو (حر الریـاحی) هاتـە میدان و داوای كرد كێ ئازایە با بۆم بێتە دەرێ كەس نەوێرا بۆی بچی منیش ووتم " ئەرێ ( یزیـد ) تۆ نەت ووت من دەچمە میدان بـۆ (الریـاحی) دەڵـی ( یزیـد ) لـە شـەرمان بـەڵی مـن وا دەچـم (حەسەین) دەڵێ " من بینیم چۆن یەكێك گیانی خۆی لەسەر دەسـت دابنـێ و لەشـی بلـەرزێ بـەم جۆرە (یزید) چووە بەرامبەر ( الریاحی ) هەر ئەوەندە بوو ( حر الریاحی ) ئاورێكی لێدایەوە خستیە سەر خاك و سەری بڕی هەستاوە و ڕۆیی داوای كرد یەكێكی تری بۆ بێتە میدان بەڵام لەبەر ئـەوەی كەس نەوێرا ( حر الریاحی ) هێرشی كردە ناو لێشاوی لەشكر و چەند جارێك لەشـكرەكەی دابـڕ دابڕ دەكرد و چەند كەسانێكی كوشت بەڵام لەناو قوڵای لەشكر لە هەموو لایك بە تیر و ڕم لێیـان دەدا تاكو شەهید كرا لەسەر دەستی كۆمەڵە كەسانێك.



Scanned with CamScanner

## ((نوێژی ترس (صلاه الخوف )):

که نوێژی نیوەڕۆ هات ( ابو ثمامة) (عەمرو کوری عبدالله الصائد) که یەکێك لە یارانی ئیمام بوو ،ووتی یا اباعبدالله حسین (س) گیانم به قوربانت بێت نوێژی نیوەڕۆ کاتی هـات ،وه منـیش سوێندم خواردووه دەبێ پێش تۆ بکوژرێم بۆیه حەز دەکەم ئەو نوێژه بکـەم لەگـەڵ تـۆ کـه نوێـژی کۆتایمـه ،چونکه حەز دەکەم بچمەوه لای خودای ئەو نوێژەشەم کردبێ ،ئیمام (س) فەرمووی " خودا لە نوێژ خوانانت دانێ لەیادکەرەوانی خۆی بەڵێ کاتی هاتووه ، پێیان بڵێن با تۆزی لێمـان گـەڕێن تـا نوێـژ دەکەین بەڵام (حەسەین کوری تمیم ) فەرماندەی ئەمەوی ، گوێی لە قسـەکانیان بـوو ووتـی بۆچـی "نوێژ دەکەن که خودا لێتان قەبول ناکات " (حبیب کوری مظاهر ) وولامی دایەوه و ووتی " نوێژی ئێمه قبول نابێ ئایا نوێژ لە ئالی پێغەمبەر (د.خ) قەبول نابێ بەڵام لە تۆی کـەر قـەبول دەبـێ " بۆیـه ( زهیر کوری قین ) وه ( سعید کوری عبدالله ی الحنفی ) هاتنه پێش ئیمام (س) ووتیـان ئـەی ئیمـام " ئێوه نوێژ بکەن ئێمەش تیرەکان بەلاشەی خۆمان دەگێڕینەوه تاکو لێ دەبنـەوه " بـەم جـۆره نوێـژی ترسیان کرد (نوێژی نیوەرۆ) که لە نوێژ بوونەوه ( سعید کوری عبدالله ی الحنفـی ) ئەوەنـدەی تـیر پێکەوت تاکو به پێوه کەوته سەر خـاك ، خـوێن لـه هـەموو لاشـەی دەچـۆڕایەوه ووتـی "خودایـه لەعنەلەتیان لەسەر بێت وەك لەعنەتی عاد و ثمود " خودایه سلاوی من بگەینه پێغەمبـەر (د.خ) وه پێی بلێ چیم بەسەر هات ، چونکه من تەنیا پاداشتم دەوێ کەوا ئالی پێغەمبەر (د.خ ) بەسەر دێخم ، پاشان ئاورێکی لە ئیمامی حسین (س) دایەوه و ووتی " ئایا بەوەفا بووم بۆت ئـەی کـوڕی پێغەمبـەر (د.خ)ئیمام فەرمووی تۆ لە پێش منی بۆ بەهەشت .



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی حبیب کوری مظاهر )):

حبیب کوری مظاهر یەکێك لە ناوداران و ئازایانی شاری کوفە بوو ،کە بەسواری ئەسپ هاتە پێشەوە لە لەشکری ئەمەوی ،بۆ هەرلا دەچوو ڕایان دەکرد بە کۆمەل داوای کرد بۆی بێنە مەیدان کەس نەوێرا خۆی ڕابگری بۆیە چی پێنەماو هێرشی کردە ناو لەشکری ئەمەوی ،کە مێژوونوسان دەڵێن " هەموو ئەو کەسانەی کە بەدەستی ( حبیب کوري مظاهر ) کوژراون لە ڕۆژی ١٠ محرم ژمارەیان (٦٣) کەس بوون بۆیە لە هەموو لایەك بە تیر و ڕم و بەرد تێیان گرت ئەویش هەر هێرش و پەلاماری بۆ دەبردن و دەست و قاچی دەپەڕاندن ،تاکو لەسەر ئەسپ کەوتە خوارەوە ، ئینجا دەوریان داو بە ڕم و شمشێر کوشتیان و یەکێك سەرەکەی لێکردەوە و بلندی کرد ، ئینجا ( حسین کوری تمیم ) سەرەکەی وەرگرت و بەرزی کردەوە لەناو لەشکری خۆیان دەسورایەوە دەیگووت " ئەوە سەری (حبیب کوری مظاهر)ە قارەمانی کوفە " ئینجا سەرەکەی دایەوە خاوەنەکەی کە بڕی بوری ،مێژوو نوسان دەڵێن" کە سەرەکەیان هێنایەوە کوفە مێرد منداڵێك هەر لەدوای ئەم پیاوە بوو کە سەری ( حبیب کوری مظاهر)ی پێبوو پیاوەکەش پێی وتی بۆچی ئەوەندە لە دوای منی ؟ منداڵەکە وتی "هیچ " ووتی " ئەی بۆچی ئەوەندە چاودێری من دەکەی و سەیرم دەکەی ، ئایا بەس من سەرم پێیە ؟ مێر منداڵەکە ووتی ئاخرمن ناوم قاسمە و ئەوە سەری باوکمە لای تۆ حەز دەکەم ئەم سەرەم بدەیتەوە تاکو لەناو قەبر بینێژم پیاوەکە ووتی"کوڕم عبیداللە قەبول ناکات،ئەم سەرانە بنێژرێن،من دەبێ بەخشیشی پێ وەربگرم لای عبیداللە (والی کوفە) منداڵەکە ووتی"بەلام خودا پاداشتی چاکت ناداتەوە؟

بەم جۆرە پاش چەند ساڵێك ئەو منداڵە کە گەورە بوو،هەر لەدوای ئەم پیاوە بوو کە باوکی کوشتووە،تاکو ڕۆژێك بینی ئەم پیاوە چۆتە ناو لەشکری (مصعب کوری زبیر کوری عەوام)ئەو منداڵە گەنجە خۆی گەیاندە ناو ئەم لە شکرە و بینی لە کاتی نیوەڕۆ پیاوەکە چووە ناو خێمە ئینجا قاسم شمشێری ڕاکێشاو لێ چووە ژوورەوە پێ ی ووت"هەڵسەوە دەزانی من کێم ؟

ووتی"نەخێر ........ووتی"من (قاسم) م کوری( حبیب کوری مظاهر) کەسەری باوکمت هێناوە (کوفە) ئێستا بۆ کوێ دەڕۆی لە دەستم بە توندی هەڵی کوتا سەری و لەناو خێمە کوشتی و تۆڵەی باوکی خۆی کردەوە .



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی زهیر کوری قین)):

(زهیر کوری قین)یەکێ بوو لە ناو داران و دلێرانی یارانی ئیمامی علی(س) ،زانایەکی لە خوا ترس بوو،کە سواری ئەسپ بوو وەشمشێری بەرزکردەوە ،کەسیك نەیتوانی بۆی بخزێتە مەیدان،چونکە چەندەها جاران زهیریان دیبوو کە لەگەل حەبیب و هەندێ جار لەگەڵ عباس بەجووتە شالاویان دەهێنا بۆ ناو جەرگەی لێشاوی هێزی ئەمەوی و دڕیان پێ دەداو ،یارێکی خۆیان رزگار دەکرد ئەگەر ئابلۆقە درابا لەناو دوژمن!

بۆیە هەرچەندە هاواری کرد،کە بۆی بێن کەسێك وەلامی نەدایەوە بریاری دا هێرش بکاتە ناو لەشکری تاکو کۆلی دڵی خۆی لێیان دامرکێنێ !

وەئەم هۆنراوەی ووت و شالاوی برد:

أقدم هديت هاديا مـــهديا | فـاليــــوم تـلـقى جدك نـبيا
وحسنــــا والمرتضي عليها | وذا الجنــــاحين فـتى الكميا

وأسـد الله الـشهيـد الـــــحيـا

پاش هێرش کردنێکی زۆر بۆ هەموو لایەك وە کوشتنی خەلکی زۆر لێیان ،دوو کەس لەهەمان کات بۆی هاتن،ئەوانیش (کثیر کوری عبدالله الشعبی،مهاجر کوری اوس) بوون لەسەر دەستی ئەم دووە شەهید کرا !



Scanned with CamScanner

## ((نافع کوری هلال بەدیل دەگیرێ)):

نافع تیر هاویژێکی باش بوو،تیرەکانی بە هەڵە نەدەچوو،زیاتر لە (١٠٠) تیری پێ بوو،هەر هەمووی لێدان و پاشان شمشێری هەڵکێشا و داوای کرد کە بۆی بێنە مەیدان ،چەند کەسانێك خۆیان تاقی کردوە !! بەڵام کەسیان بە پێی خۆی نەگەڕایەوە ، هەموو کوژران ئینجا (عمر کوری حجاج) یەکێ بوو لە سەرکردەکانی لەشکری ئەمەوی ، هاواری کرد ، ئەمە نەفامیە !ئەی گەمژەینە!ئێوە دەزانن شەڕ لەگەڵ کێ دەکەن ؟ئێوە شەڕ لەگەڵ سوارچاکانی میسر دەکەن!ئێوە شەڕ لەگەڵ ئەوانە دەکەن لە ژیان بێ ئومێد بوونە !کەستان ناتوانێ خۆیان بۆ رابگرێ !

بۆیان مەچونە پێش ،تەنیا بە بەردو دار و تیرو رم شەڕ بکەن لە دوور تێیان بگرن و بیانکوژن ،دەوریان بگرن بە کۆمەڵ ،گەر یەك یەك بچنە مەیدان ئێوە کۆتاییتان پێ دێ !ئینجا (عمر کوری سعد) فەرماندەی گشتی گوێ لەم قسەیە بوو!ووتی"بەراستی بۆ چونەکی باشە بە گوێی بکەن ئینجا (عمر کوری حجاج)زیاتر کەیفی هات کە (عمر کوری سعد) هەمان قسەی کرد ،بۆیە بە دەنگی بەرز،زیاتر ئامۆژگاری لە شکری خۆی کرد،ووتی"یەکتر بگرن بە کۆمەڵ دەورە لەکەسێکیان بدەن تا دەیکوژن وەئێوە هیچ گومانتان نەبێت لەوەی کە ئیمامی حسین وهێزەکەی سەر گومڕان و لە ئاین دەرچوون چونکە دژی ئیمامی ئێمە (یزید کوری معاویە) وەستاون!ئیمامی حسین(س) گوێ لە قسەکانی (عمر کوری حجاج) بوو،فەرمووی ئەی عمر ئایا ئێمە لە ئاین دەرچوین و ئێوەش ماونەوە لەسەر ئاینی ئیسلام تۆ چی  دەکەیت و چی دەڵێ ئایا دەتەوێ ئەو قەومە لەوەش زیاتر دوژمنایەتیمان بکات و رکمان لێ هەڵگرێ سوێند دەخۆم بە خودای مەزن ،پاش مردن دەزانن کە کێ لەسەر ئاین ماوەو کێ لەم ئاینە دەرچووە و دەخرێتە ناو ئاگر ئینجا (نافع کوری هلال) هێرشی کردە ناو لەشکر،پاش تیرلێدانێکی زۆر کەوتە خوارەوە ،کۆمەڵێك لێ ی نزیك بوونەوە و هەردوو دەستیان بری ،بەدیل گیرا لەلایەن (شمر کوری ذی الجوشن) و هێنیایە لای (عمر کوری سعد) (عمر کوری سعد)ووتی"ئەی (نافع) بۆ وات لەخۆت کرد (نافع) ووتی"خوا شاهدە(١٢) کەسم لە ئێوە کوشتووە ئەمە جگە لەوانەی برینداری کردوون ئێستاش ئەگەر یەك دەستم مابایەوهیچ کەسێك نەی دەتوانی بمگرێ بەم شێوەیە وەمن هیچ پەشیمان نیم لەو کارەی کردوومە ئینجا (عمر)ووتی"ئەوە دیلی تۆیە،تۆ گرتوتە ،کەیفی خۆتە ،چۆنی دەکوژی ٠شمر کوری ذی الجوشن) شمشێری بەرزکردەوە بۆ نافع هات



Scanned with CamScanner

نافع ووتی"سوێند دەخۆم بە خودای بێ هاوتاو مەزن ،گەر تۆ موسلمان بای ،ئێستا نەتـدەتوانی ئێمـە بکوژی لە ترسی دوا رۆژ ،بەڵام سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە کوشتنی ئێمـەی خستە سـەر دەسـتی پیسترین و خراپترین دروسکراوانی خۆی ئینجا (شمر) کوشتی و سەری بڕی.

## ((شەهید بوونی ئال و بەیتی پێغەمبەر (د.خ) )):

(علی الاکبر ) [1]:ئەو کوڕە گەورەی ئیمامی حسینە(س) ،لەو کاتی تەمەنی (٣٣) سـاڵ بـوو دایکـی ناوی (لیلی کچی مەیسونە کچی ابی سفیان)ە،بۆیە یەکێك لەناو لەشکری ئەمەوی بانگی کرد،ئـەی (علی) تۆ خزمی ئەمیر المومنین(یزید)ی گەر دەتەوێ ئاسوودە بی بۆتۆ هەیەو ناتکوژین!

علی الاکبر:وەڵامی دانەوە،ئاسوودەی(ئەمان)بۆ خزمایەتی پێغەمبەر(د.خ) ڕاسترە گەر بدرێ،شاڵاوی بۆ لەشکری ئەمەوی برد!

ئیمامی حسین(س):خۆی پێ نەگیراو،چاوی پڕ فرمێسك بوو ،پاشان دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی:خودایە تۆ شایەد بە لەسەر ئەو قەومە ،کەکەسێك بۆیان چۆتە مەیدان لە هەموو کەس زیاتر بە پێغەمبەر(د.خ) دەچێ لە شێوەو ڕەوشت و قسەکردنی ،وەئێمە گـەر حـەزمان بکردایـە تەماشـای پێغەمبەر(د.خ)بکەین ،سەیری (علی الاکبر) مـان دەکـرد،خودایـە بەرەکـەتی زەویـان لەسـەر بـبڕە وەجیاوازی بێخە نێوانیان پارچە پارچەیان بکەی،جیاوازیان بکەی لە بیرو بۆچوون سەرکردەکانیان لێ ڕازی مەکە چونکە بانگەوازی ئێمەیان کـرد تـا سـەرمان بـێخن ،پاشـان بەرامبـەرمان وەسـتانەوە وا دەمانکوژن!

پاشان ئیمام فەرمووی"(ان الله اصطفى أدم ونوحا وال ابـراهيم وال عمـران علـى العلمـين ذرية بعضها من بعض والله سميع عليم) ئینجا (علی الاکـبر) هێرشـی کـردە سـەر لێشـاوی دوژمن ،بێ ئەوەی یەکێك بۆی بێتە مەیدان،چەند جار چووە ناو قوڵاوی لەشکرو ،چەندانی لێ لەت و پەت کردن،دواتر گەرایەوە لای ئیمامی حسین(س) ووتی"زۆر تینووم چی بکەم ئیمامی حسـین(س)

[1] یەکەم شەهیدی ئەهل و بەیت بوو مقاتل الطالبين ص ٨٠ تاريخ الطبرى –طبع اوربا –جزء ٢ ص ٣٥٦-٣٥٧



Scanned with CamScanner

فەرمووی"کورەکەم زۆر نەمایە هەر ئێستا دەگەینە باپیرت پێغەمبەر(د.خ) بەدەستی خۆی تێر ئاوت دەکا کە هەرگیز تێنوو نابیت ئینجا گەڕایەوە ناو دوژمن ،هاواری کرد:

أنا علي ابن الحسين ابن علي — نحن و بيت اللة اولى بالنبي
والله لا يحكم فيناابن الــدعي — اطعنكم بالرمـــح حتى ينثني
أضربكــم بالسيف حتى يلتوي — ضرب غلام هاشمـــي علوي

دوژمن بەرد باران و تیر بارانیان کرد وەچوار دەوریان گرت،تاکو (مرە کوری منقـذ) رمێکی لـە پشتی دا ،یەکێکی ترشمشێرێکی لەسەری داو ،لەسـەر ئەسپەکەی کەوتـە خـوارەوە ،ئینجـا ئیمـامی حسین(س) هاتە لای و فەرمووی خودا ئەو قەومە بکـوژێ کـە تۆیـان کوشـت رۆڵەکـەم ئەوانـە چ غیرەتێکیان هەیە دژی خودا،کە ئالی پێغەمبەر(د.خ) ئەتك دەکەن،دونیا چ بایـەخێکی هەیـە پـاش تـۆ رۆڵەکەم (عبدالله کوری مسلم کوری عـەقیل[1]) مۆڵـەتی لـە ئیمـامی حسـین(س) وەرگـرت ،پـاش شەڕێکی سەخت (عمر کوری صبیح الصائدی) تیرێکـی ژەهـراوی لـە نێـوان هـەردوو چـاوی داو ،لەسەر ئەسپ کەوتـە خـوارەوە ،دەوریـان داو سـەریان بـری(جحفـر کـوری عـەقیل کـوری ابـی تالب)و(عبدالرحمن کوری عەقیل کوری ابی تالب) هەردوو کیان بە جووتە مۆڵـەتیان وەرگـرت و بەرنگاری دوژمن بوونەوە ،(عثمان کوری خالد الجهنی) توانی (جحفر کوری عەقیل) بکوژێ ،بەڵام عبدالرحمن کەوتە ناو لێشاوی لە شکر بە کۆمەل دەوریان داو شەهید بوو .

(محمد کوری عبدالله کوری جعفر الطیار)،ئەویش پاش شەڕێکی سەخت،شەهید کرا لـەسەر دەسـتی (عامرکوری نهشل التمیمی) (عون کوری عبـدالله کـوری جعفـر الطیـار) ئـەوەش پـاش شـەڕێکی گەرم،شەهید کرا لـەسەر دەستی (عبدالله کوری قطبة الطائی )

عبدالله کوری ئیمامی حسن(س) ئەوەش پاش خۆراگرتنێکی زۆر شەهید کرا لـەسـەر دەسـتی (هـانی کوری شبیب الحضرمی) .

[1] مناقب ابن شهر اشوب جزء ٢ ص ٢٢١ معالم المدرستین للعلامة السید مرتضی العسکری جزء ٣ ص ١٥٧



Scanned with CamScanner

((قاسم كوری ئیمامی حسن س)):

ئەوەش گەنجێك بوو تازە پێ دەگەیشت،شارەزای كەم بوو لە شەڕ،بۆیە زۆر زۆر پاڕایەوە لە ئیمامی حسین(س) كە مۆڵەتی بدات ،ئینجا ئیمام مۆڵەتی دا ،بەم هۆنراوە هاتە مەیدان:

أني انا القاسم من نسل علي نحن و بيت الله اولى بالنبي
من شمر ذي الجوشن أو ابن الدعي

لەناو شەر نەعلەكەی پێی پیسا هاتە خوارەوە تاكو بخاتەوە پێی لەوكاتی (عمر كوری نفیل الازدی)شمشێرێكی لەسەری دا ،ئەویش هاواری ئیمامی حسینی كرد ئیمام بە پەلە گەیشتە سەری شمشێرێكی لە (عمر كوری نفیل)دا قۆڵی لێ كردەوە پاشان لەسەر لاشەی قاسم وەستاو فەرمووی :دوور بن لێمان ئەو قەومەی تۆی كوشت،وەدوژمنیان رۆژی قیامەت باپیرتە پێغەمبەر(د.خ ئەی قاسم،تۆ بانگت كردم چۆن وەلامت نەدەمەوە ،پاشان ئیمام(س) فەرمووی"((خودایە ئەژماریان بكە كەسیان رزگار مەكە وەلەكەسیان خۆش مەبە خودایە گەر سەركەوتنت نەكردۆتە بەشمان لە دونیا خودایە لە پاشە رۆژ پشت و پەنامان بە،وەتۆڵەی ئێمەیان لێ بكەوە پاشان قاسمی هەلگرت و بەرەو خێمە و رووی لە ئەهل و بەیتی خۆی كرد و فەرمووی"ئارام بگرن كورە مامەكانم ،ئارام بگرن ئەهل و بەیت،لەو مەرگە ساتە گەورەتر نابینن پاش ئەمڕۆ.(ابو بكر كوری علی كوری ابی تالب ):كە هاتە شەڕ بە هۆنراوە ،بە كۆمەڵ دەوری گیرا،بەلام لەسەر دەستی (زهیر النخعی)شەهید كرا (عمر كوری علی ابی تالب):كە هاتە شەڕ داوای كرد كە (زهیر)بۆی بێتە مەیدان ،(زهیر)بۆی هات ،زۆر بەئاسانی توانی (زهیر)بكوژێ و تۆڵەی ابوبكر بكاتەوە ،بەلام پاشان بە كۆمەل دەوریان داو بە هەمووان شەهیدیان كرد.

(عثمان كوری علی كوری ابی تالب)و(جعفر كوری علی كوری ابی تالب)و(عبدالله كوری علی ابی تالب) هەرسێكیان برا گچكەی (ابو الفضل العباس)ن،كە برای ئیمامی حسین(س)نن بەلام دایكیان ناوی (ام البنین)ە،هەموویان لەناو لێشاوی دوژمن شەهید كران.



Scanned with CamScanner

## شەهید بوونی ابو الفضل (العباس)کوری امیر المومنین علی (س) :

عباس: کـوری ئیمـامی (علـی)یـە و لـەسـالی (٢٦) کۆچـی لـە دایـك بـووە،پێیـان دەووت ابـو الفضل،وەدیسان دەیان ووت (قمر بنی هاشم)[1] ،زۆر ئازاو نەبەرد بوو،سوارچـاکێکی کارامـە بـوو ،گران و بە هەیبەت بوو ،دایکی ناوی(ام البنین) ە،هـەڵگری ئـاڵای ئیمـامی حسـین(س) بـوو،تـەنیا لەکۆتای مایەوە لـەگەڵ ئیمامی حسین(س) تاکو بچێتە شەڕ بەڵام ئیمام(س) مۆڵـەتی نەداو دەیووت تۆ بڕۆی پشتم دەشکێ و دوژمن بەسەر من دا زاڵ دەبێ (عباس)کە گوێ لـە دەنگـی ژن و منداڵـەکانی دەبوو،قیرەیان لێ هەڵسابوو لـە تینان،داوای لـە ئیمام کرد کە مۆڵەتی بـدات ،تۆزێـك ئـۆقرەی دڵـی خۆی دامرکێنێ لـەوقەومە نەفامە و بچێتە شەڕیان!

ئینجا ئیمامی حسین(س) مۆڵـەتی دا،بەڵام فەرمووی هەندێ ئاو پەیدا بکە پێش ئەوەی بچێتە مەیـدانی شەڕ بۆ ئەو منداڵانە.

(عباس):رووی کردە ئاوی فرات ،توانی ئەوانەی سەر ئاوەکە پەرش و بلاو بکاو خۆی گەیاندە ئـاوو (دێمکەکەی) پرکرد لـە ئاو، پاشان هەردوو دەستی خۆی پر کرد تا بیخواتـەوە،بـەڵام ئیمـامی وەبـیر هاتەوە کە چەند تینووە!

بۆیە ئاوەکەی لـە دەستی خۆی فرێدایەوە و سوێندی خوارد تا ئیمامی حسین(س) ئاو نەخواتەوە منیش ناخۆم سواری ئەسپ بۆوە بەرەو خێمە کەوتە رێ ،بەناو لـەشکری ئەمەوی،هاواری کرد:

لا ارهـب الـموت اذا الـموت رقـا  حتـى اواری فـي الـمصالـيت لـقى
نفسى لنفسى المصطفى الطهر وقـا  أنـى أنـا الـعـبـاس اغـدوبـالسقا
ولا اخـاف الـشـر يـوم الـمـلـتـقـى

بە شەڕکردن بۆ لای خێمەکان دەهاتەوە ،بەڵام(حکیم کوری طفیل) خۆی حەشار دابوو لە پـەنا دار خورمایەك،شمشـێرێکی لـە دەسـتی (عبـاس) داو دەسـتی لێ بـۆوە ،ئاوەکـەی بـە دەسـتەکەی تـری گرت،پاشان بە تیران لێیان دا،تاکو چەند تیرێك بە دەم و چاوی کەوت :عباس ووتی"

والله ان قـطـعـتـم يـمـيـنـي  انـي احـامـي ابـداعـن ديـنـي

[1] مقاتل الطالبین ص ٨٤



Scanned with CamScanner

وعـن امـامـي صـادق يـقـيني نجـل الـمـصطفي الطاهر الامين

پاشان دێمکەی ئاوی بە ژێر چەناگە گرتبوو ،بە دەستی چەپ شەڕی دەکرد،تاکو (زید کـوری ورقـاء الجحفی) دەستی چەپیشی بری،پاشان چەند تیرێك بە دێمکەکە کەوت ئاوەکەی لێ ڕژا ،پاشان لەسەر ئەسپ بەر بۆوە و دەوریان داو،ئیمام بەتاو بۆی هات کە گەیشت هێشـتا مـابوو،ئیمـام(س) ویسـتی بیباتەوە لای خێمەکان،ووتی توخوا لێرە لێم گەرێ ،(چونکە ئەم توانی ئاویان بۆ بێنم )ئەویش لەوێ جێ ی هێشت فەرمووی" ئێستا پشتم شکا،دوژمن بەسەرم زاڵ بوو،ئینجـا ئیمـام(س) گەڕایـەوە لای خێمە و بوو بە گریان لـە ناویان،کە دوژمن زانیان هاتنە پێش لـە خێمەکان،ئیمـام(س) فـەرمووی"ئایـا کەس هەیە یارمەتیمان بدات ئایا کەس هەیە بە هاوارمان بێت  ئایا کەس هەیە لـە (حەق) بگەڕێ ئێمە سەر بێخێ ئایا کەس هەیە لە ئاگر بترسێ لـە دوا ڕۆژ بێت یارمەتیمان بدات .



Scanned with CamScanner

## ((شەهید بوونی ئیمامی حسین(س) )) :

ئیمامی حسین(س) بە تەنیا مایەوە لە نیو(ئەهل و بەیتی)پێغەمبەر(د.خ) تەماشای لای راست و چەپی خۆی دەکرد،ئەو هەموو لاشە دەرون پاك و بەرزانە وەكو قوربانی راكشاون هەموو لاشەی بێ سەرن،قیژەو هۆڕی ماڵ و منداڵ قریان لێ كەوتبوو لە تێنان،دوژمنی مل هۆڕیش ،هیچ تێناگەن،رەچاوی ئاین و پاشەرۆژو قورئان و سوننەت ناكەن،رێزی ئیمام(س) لایان نەماوە ،بۆیە ئیمام(س) سەیری لێشاوی ئەم هێزانەی دەكرد و فرمێسكی لە چاوان دەهاتە خوارەوە،چونكە دەیزانی بەهۆی ئەوەوە سزای توندی خودایی دەدرێن لە پاشەرۆژ ،بۆیە زۆر بە پەرۆش بوو كە دیارمەندبن و بە دەنگێكی بەرز هاواری كرد"ئەرێ كەس هەیەسەرمان بێخێ و بێتە لایەنگیرمان،كەسێك هەیە بەرگری لە ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ)بكات،خواپەرستێك نیە لە خوا بترسێ بێت بە هانامان ،لەوكاتی (ئیمام زین العابدین)-علی الاصغر -نەخۆش بوو بە لەرزە لەرز لەناو خێمە دەستی لە ئەستوندەی خێمە گرت و شمشێری گرتە دەست،ویستی بێتە دەر،كە ئیمامی حسین(س)چاوی پێ كەوت،بانگی زەینەبی و ام كلثومی خوشكی كرد كە وەرن ئەم نەخۆشە ببەنە ژوورەوە،تاكو نەوەی پێغەمبەر(د.خ) نەبرێتەوە لەسەر زەوی ئەوانیش گەڕاندیانەوە سەرجێگا .



Scanned with CamScanner

## ((ئیمامی حسین و عبدالله شیرەخۆر)):

(رباب) خێزانی ئیمامی حسین(س) بوو،منداڵێکی شەش مانگانی لە باوەش بوو،منداڵەکە لەسەرە مەرگ بوو،لەبەر ئەوەی دایکی شیری نەمابوو،وەئاویشیان لانەبوو کە بیدەنێ،بۆیە (رباب) ئەم منداڵەی هێنا کە ناوی(عبدالله)بوو ،دایە دەست ئیمام(س) وەبێ ووت وادەمرێ لە تێنان ئیمام(س) منداڵەکەی لەباوەش کردوو بەرامبەر لەشکری دوژمن راوەستاو لێ ی پرسین (ئەگەر گەورەکان تاوانیان هەبێ خۆکەس گومانی نیە لەوەی کە ئەم منداڵە بێ تاوانە و وادەمرێ لە تێنان هەندێ ئاوی بدەنێ یاخود من دایدەنێم لێرە و ئێوە ئاوی بدەنێ و دێم دەی بەمەوە،لە شکری ئەمەوی ناکۆکی کەوتە نێوانیان،هەندێکیان ووتیان راست دەکا ئەم منداڵە بێ تاوانە با ئاوی بدەینێ هەندێکی تر ووتیان ئەوە کوری ئیمامی حسین(س) نابێ ئاوی بدرێتی !

(عمر کوری سعد)ووتی(حرملة) کە تیر هاوێژێکی دەست راست بوو،تۆ ئەم ناکۆکیە ببڕینەوە ،واتە بی کوژە (حرملة) تیرێکی ژەهراوی لەم منالە گرت کە ملی دوو بەدەرکرد ئیمام دەستی لە بن ملی(عبدالله شیرە خۆرە) راگرت و تاکو دەستی پڕ بوو لە خوێن ئینجا تێ ی هەڵدا بۆ ئاسمان و فەرمووی(خودایە تۆ ئاگاداری خودایە کوشتنی ئەم منداڵە کەمتر نەبێ لەلای تۆ لە (ناقە صالح)[1] خودایە گەر سەرکەوتنت لێ گرتوین ،خودایە ژیانمان خۆش کەی لە پاشە رۆژ ،وەتۆڵەمان بکەیتەوە ،وەئەوەی بە سەرمان هات لە دونیا ،بۆمان بکە چاکەی پاشە رۆژ،خودایە شاهید بە لەسەر ئەو قەومە ،کە یەکێکیان کوشت لە هەموو کەس زیاتر بە پێغەمبەر (د.خ) دەچوو خودایە ئەوانە لە خۆیان گرتووە کە نەوەی پێغەمبەر(د.خ) نە هێڵن و لە ناویان ببەن

---

[1] ووشترەکەی صالح پیغەمبەر(د.خ) کە لە سورەتی الشمس :١٣



Scanned with CamScanner

((ئیمامی حسین(س) هێرش دەكاتە دوژمن)):

كە ئیمامی حسین(س) هیچ ڕێگایەكی لە پێش نەما بگرێتە بەر بۆبەرهەڵستی كـردن لـە ئـاینی پـاكی باپیری محمد(د.خ) وەپارێزگاری كردن لە ئال و بەیتی ئـەم پێغەمبـەرە(د.خ) ،وەپـاش ئـەوەی تێكـرا لایەنگرانی شەهید كران بە دەستی ئەو قەومە نەفامە و نەزانە ،بەسواری ئەسپ شمشێری بەرزكردەوە بۆ دوژمن چوو ،هێرشی كردە لای راستەی لەشكری ئەمەوی ئەوانیش لەبەری رایان دە كرد تا لای راستەی لەشكرەكەی هێناوە ناوەراست و پاشان بۆ لای چەپ هێرشی برد ،دیسان ئەم لەشكرە تێك شكاو ،هەروەكو لە مێژووی (طبری) دا هاتووە ،وەئیمام كراسێكی خوری لەبەر دابوو ،مەندیلێكی ڕەشی لەسەری نابوو،هەرچەندە داوای كەسانی دەكرد بۆی بێنە مەیدان ،بەلام نەیان دەوێرا ،بەخۆی كەوتە ناو لەشكرو لە هـەموو لایـەك پـەلاماری دەدان و خـەڵكێكی زۆری لێ كوشـتن و برینـداری كردن!!



Scanned with CamScanner

((کەمایەتی لە شکری ئەمەوی)):

لەوکاتی ئیمامی(س) خەریکی شەڕ کردن بوو لەگەڵ لەشکری ئەمەوی ،هەندێ کەس خۆیان گەیاندە خێمەکانی،چونکە زانیان کەسی نەماوە بەرگریان لێ بکات تەنیا ئیمامی حسینە و ئەویش خەریکی شەڕ کردنە ،کە ئیمام گوێ لە دەنگی قیژەو هاواری ئافرەتەکان و مندالآن بوو ،بە دەنگی بەرز هاواری کرد فەرمووی :ئەی شیعەی ئالی ئەبو سفیان ،گەر ئێوە لەسەر هیچ ئاینێك نین ،وەلەپاشە رۆژ ناترسن تەنیا ئازاد بن لە دونیاتان بگەڕێنەوە رەچەلەکی خۆتان گەر ئێوە عەرەبن،ئەو پیاوە پیسکەو نەفامانە قەدەغەکەن لە ماڵ و منالّم من شەڕتان لەگەڵ دەکەم ،نزیك ماڵ و مندالّم نەبنەوە تاکو من زیندووبم؟

(شمر کوری ذی الجوشن) ووتی"چی دەڵێ ی ئەی کوری فاتمە ئیمام (س) فەرمووی "من شەڕ دەکەم ئێوە واز لەماڵ و منالّم بهێنن لێیان نزیك نەبنەوە تاکو من زیندووبم (شمر)ووتی"ئەی کوری فاتمە ئەو قسەیەت جێ بەجێ دەکەم بانگی کردە ئەوانەی لە خێمەکان نزیك ببونەوە و دەری کردن ئینجا لە شکرەکە هەر هەمووی چاویان بڕیە ئیمام (س) ئەویش تەنیاو بێ لایەنگر لەناو ئاپۆڕی ئەم لە شکرە شالاوی دەبرد بۆیان ئیمام (س) کە زۆر تینوو بوو ،رووی کردە ئاوی فرات و گەیشتە ناو ئاوەکە ، پاسەوانەکان پێش ئەوەی ئەو بگاتە سەر ئاو رایان دەکرد لە ترسان ،ویستی ئاو بخواتەوە ،یەکێك بانگی کرد ئەی حسین تۆ ئاو بخۆوە و ماڵ و منالّت وا ئەتك دەکرێ بڕوانە!!

ئیمام (س) ئاوەکەی نەخواردەوە بە غاردان گەیشتە ناو خێمەکان ،ئەوانیش لەناو خێمەکان کشانەوە!!

ئیمام (س) فەرمووی "خۆتان ئامادە کەن بۆ تاقی کردنەوە (البلاء) زۆر باش بزانن کە ئێوە لەناو خێرو چاکەدان وە خودای گەورە ئێوە هەمووتان دەپارێزێت رزگارتان دەکات لە هەموو خراپەکانی دوژمنانە !دوژمنانتان ئازارو ئەشکەنجە دەدات ،ئێوە سکالآ مەکەن بە زمانتان قسەی وا مەکەن کە نرختان کەم دەکات ،خوێن بەسەر دەم و چاوی دەهاتە خوارەوە !!

ئیمام(س) فەرمووی خودایە تۆ ئاگاداری منت لێ دیارە ئەو بەندە یاخیبوانەی تۆ چیم لێ دەکەن ؟!

خودایە بەژمارە بیان ژمێرە کەسیان نەیەلیەوە لەسەر خاك بەبێ تۆلە خودایە هەرگیز لێیان خۆش نەبی پاشان ئەوانیش زیاتر رکیان لێ بۆوە کە دوعای لێ کردن ،زیاتر بەرد و تیریان لێ گرت،وەشمشێریان



Scanned with CamScanner

بۆ رادەوەشاند کە هەموو لەشی بریندار ببوو ،تۆزێك راوەستا تاکو پشوێك بدات و بەرنگاریان بێتەوە،پیاوێك بەردێکی لەسەری داو ،خوێنی پێدا هاتە خوارەوە دەسە سرێکی پێبوو،دەریهێنا تاکو چاوی پێ بسرێتەوە ،یەکیکی تر تیرێکی سێ سەری تێگرت لە دڵی داو تیرەکەی دەرهێناو خوێنی بە گوڕ لێدەهاتە خوار ،ئینجا ئیمام فەرمووی"(بسم الله وبالله وعلى ملة رسول الله ،الهی انك تعلم انهم يقتلون رجلا ليس على وجهالارض ابن بنت نبی غیره،هون علی مانزل بی انه بعين الله) پاشان هەندێ خوێنی لە سەرو ردێنی خۆی داو فەرمووی"بەم جۆرە دەبم تاکو دەگەمە لای خوداو باپیرم (د.خ) ،وەدەڵێم باپیرە فلان و فلان منیان کوشت!

پاشان هاواری کردوو فەرمووی"(یا امة سؤ بسما خلفتم محمدا فی عترتـهاما انکم لاتقتلون رجلا بعدی فتهابا بون قتله ،بل یهون علیکم ذلك عند قتلکم ایای ، وایم الله لأرجو أن یکر منی الله بالشهاده ثم ینتقم لي منکم من حیث لاتشعرون )).

واتە ئەی ئومەتی خراپەکار ، بە خراپترین شێوە ئال و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) تان پاراست ،بەڵام ئێوە کەسێك ناکوژن پاش من کە لە کوشتنەکەی ترستان هەبێ بەڵکو بۆتان ئاسان دەبێ هەرکێ بکوژن کە منتان کوشت ؟!

بەڵام من لە خودا داواکارم کە پیرۆزم بکات بە شهادە و پاشان تۆڵەی منتان لێ بکاتەوە بێ ئەوەی هەست بکەن )

حصین ووتی " خودا بە چی تۆڵەمان لێ دەکاتەوە .... کوڕی فاتمە؟؟؟؟؟

ئیمام (س) فەرمووی " شەڕ و ناکۆکیتان دەخاتە نێوان ، خوێنتان دەرژێ پاشان جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەتان رووبەروو دەبێتەوە

لە پاشان ئیمام (س) نەیتوانی خۆی ڕابگرێ!! چونکە لە هەموو لایەك خوێنی لێ دەچۆڕایەوە !! لە جیگای خۆیی دانیشت ، دووژمنی لێ هاتنەپێش وە لێێ نزیك بوونەوە ، بەتایبەتی سەرکردەکان !!

پاشان ( بحری کوری کعب ) چەند شمشێرێکی لێدا و گەڕایەوە ؟!

ئینجا ماوەیەکی زۆر ئیمام حسین ( س) بەم شێوەیە لە نێوانیان کەوتبوو ، بەڵام کەس ئەوەندە بوێر نەبوو بچێتە پێش و بیکوژێ ! ئینجا ( شمیری کوری ذی الجوشن ) ووتی " هاوار بەماڵتان ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن لەم پیاوە، هەموو لاشەی برینە ، هێرش بکەنە سەری و بیکوژن خودا بێ دایکتان بکات ؟؟



Scanned with CamScanner

ئینجا لە هەموو لایەك بۆی هاتنە پێش !!

(زرعەی کوری شریك التمیمی ) شمشێریکی لە نێوان لای چەپەی شانی دا !! و (حصین کوری نمیر) تیرێکی لە گەردەنی دا !! پاشان بە شمشێر لە پشتی ملی دا !!

( سنان کوری انس ) رمێکی درێژی پێ بوو لە سینگی ئیمام (س) ی دا !؟!

پاشان هەر سنان چەند تیرێکی لە نزیکەوە لە سینگ و گەردەنی دا !!

ئیمام داوای ئاوی کرد پێش تەواو بوونی !!

یەکێك لە دوژمنانی ووتی " ئاوت نادرێتێ تاکو دەگەیتە ناو ئاگرو دۆزەخ !!

ئیمام (س ) فەرمووی " من دەخرێمە ناو ئاگر !! من دەگەرێمەوە لای باپیرم پێغەمبەر (د.خ) خودای وە لەگەڵ ئەو دادەنیشم بە فەرمانی خودا !!!

وە سکالای خۆمی پێ ڕادەگەینم کە چیتان بەسەرم هێناوە چیم لـێ دەکـەم !! کـە ئیمـام (س) ئـەو قسانەی کرد! بە هەموویان زیاتر تورە بوون !! ئینجا ( خولی کوری یزید الاصبحی ) لێی هاتە پـێش ویستی سەری ببڕێ ؟! بەڵام هەموو لاشەی لەرزی ئینجا سنان کوری أنس ) ووتی " خودا دەست شل و خاو کات ؟!

بۆ وابە ترسەوە دەچیتە پێش لێ ی ؟؟

پاشان (سنان ) هات و ئیمامی خستە سەر چاو لە ملی ڕا سەری لێکردەوە و دایە دەست (خولی ) [1]

وە لە مێژووی (طبری ) دا هاتووە کە ئیمام (س) (٣٣ ) رمی پێ کەوتبوو ، لەگەڵ (٣٤) شمشێر و جگە لە تیرەکان ، پاشان هێرشیان کردە سەر لاشەکەی و جل و بەرگیان لەبەر دەکـردەوە و دەیـان دزی !!

ئینجا ( عمر کوری سعد ) هاواری کرد بۆ یارەکانی کێ هەیە خۆی ئامادە بکات بۆ ئـەوەی بەسـەر لاشەی بکەوێ بەسواری ئەسپ ؟؟

(١٠ ) ئەسپ سوار هاتنە پێشەوە و بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی (عمر کوری سعد ) ، ئـەویش لـە نێوانیان بانگی دوو کەسی کرد ، کە ئەمانە بوون ( اسـحاق کـوری حیـان الحضـرمی )کـە بەسـەر

---

[1] ئینجا (سنان کوری انس)کە سەری ئیمامی بری بەسەری رم بەرزی کردەوە ئەم شعرەی ووت(( اوقر رکابی فضة و ذهبا- انی قتلت الملك المحجبه- قتلت خیر الناس اماو ابا -وخیرهم اذ ینسبون نسبا )) ئینجا (عمر کوری سعد) پێ ووت "من شایەدی دەدەم کە تۆ شێتی وە گەر عبیداللە گوێی لەم قسەیەت بێ ئەوا لەسەرت دەدات ،معالم المدرستین/السید مرتضی العسکری /جزء الثالث ص ١٧١ ومن تاریخ الطبری جزء٦



Scanned with CamScanner

لاشەی ئیمام (س ) کەوت بە سواری ئەسپ چەند جارێك پشتی و چەند جارێك بەسەر سینگی تاکو پەراسووەکانی هەمووی بشکێنی !!

ئەوی تریش ( امیش کوری مرشد کوری علقمە کوری سلامە الحضرمی ) بوو ، ئەویش دوای ( اسحاق ) بە ئەسپەکەی خۆی پشت و سینگی ئیمامیان تێك شکاند

پاشان ( اسحاق کوری حیان الحضرمي ) هاتە خوارەوە و کراسەکەی ئیمامی برد و کە مێژوونوسان دەڵێن گڕو بوو پاش لەبەر کردنی کراسەکەی !!! (بحری کوری کعب ) شەرواڵە دڕاوەکەی برد!!!

( قیس کوری اشعث ) قەتیفەی برد ، پاشان لەناو خەڵك ناوی بە دوو کەوت (قەیس قەتیفە ) !! تا وات ئەووتبا کەس نەی دەناسی !!

وە پیاوێك لە تیرەی (أود ) کە ناوی ( ئەسوەد ) بوو ، پێلاوەکانی ئیمامی برد !!

وە پیاوێك لە تیرەی ( نهشل کوری دارم ) شمشێرەکەی برد !!

وە یەکێکی تر ، ویستی ئەنگوستیلەی زیوی لە پەنجە دەربێنی !! بەڵام نەیتوانی چونکە دەرنەهات لە پەنجەی !! بۆیە بە شمشێر پەنجەکەی بڕی و ئینجا ئەنگوستیلەکەی برد [1] پاشان هەموو ئەسپ و وشترو کەڵ و پەلەکانیان بۆ خۆیان برد هێرشیان کردە سەر خێمەکان و کەل و پەلی ماڵەوە کە پێیان بوو،هەموویان برد تاکو گوارەی گوێ ی منداڵ و ژنەکانیان لێ سەندن،پاشان سەرەکانیان کۆکردەوە و دابەشیان کرد (١٣) سەر بۆ هۆزی (کندە) وە سەرکردەیان (قیس کوری اشعث)بوو،(١٢) سەر بۆ هۆزی (هوازن) و سەرکردەیان (شمر کوری ژی الجوشن) بوو،(١٧) سەر بۆ هۆزی (التمیم)و(١٦) سەریان بۆ تیرەی (بنو مذحج) ئەوانی تریش بۆ تاك تاکەی لەشکر.

ئینجا (عمر کوری سعد) بڕیاری دا کە سەرەکان بە ڕمەکان بێخن لە پێش دا بەرەو کوفە بڕوات کە نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لە کەربەلا دوور بوو هەموو سەرەکان بەرز کرابوونەوە لەسەر ڕمەکان لە ژێر فەرماندەی ئەم چوار کەسە کە ( عمر کوری سعد ) دەست نیشانی کردن ئەوانیش ( شمر کوری ذي الجوشن ، قیس کوری الاشعث ، عمرو کوری حجاج ، عزره کوری قیس ) ئەم چوار کەسە سەرکردە بوون لەگەڵ سەرەکان گەرانەوە بۆ کوفە ،( خولی کوری یزید ) سەری ئیمام ( س )

[1] محمد مهدی جواهیری (شاعیری بەناوبانك )باسی ئەم پەنجە بڕانەی ئیمام دەکات لە یەکی لە شیعرەکانی خۆی



Scanned with CamScanner

هەڵگرتبوو لەسەر ڕم بەرزی کردبووەوە وە لە پێشیان دەڕۆیشت پاشان دیلەکانیان هێناو هەموویان زنجیر کردن کە تەنیا لەناویان (علی اصغر ) نازناوی ئیمام ( زین العابدین ) بوو لەگەڵ دیلەکان دابوو !

چونکە نەخۆش بوو ، ئەویش زنجیری کرایە دەستی بەرەو شاری کوفە لە دوای سەرەکان دەڕۆیشتن، کە گەیشتنە شاری کوفە !! ژن و منداڵ و پیروو گەورەو بچوك هاتبوونە تەماشاکردنیان !! چونکە زۆربەی خەڵکەکە نەیان دەزانی ئەم شەڕە لەگەڵ کێ کراوە چۆن بووە ؟

بۆیە یەکێك لە ژنەکانی شاری ( کوفە ) لە دیلەکانی پرسی ئێوە دیلی کوێن ؟

( زینب ) کچی ئیمام ( علی ) (س ) ووتی " ئێمە دیلەکانی ئال و بەیتی محمد (د.خ) ین !! گەیشتنە نزیك کۆشکی ئیمارە و خەڵك لە چوار دەورەیان بوو !!

( زین العابدین ) دەستی بەرز کردوەوە لە خەڵکەکە و پێی ووتن دانیشن ئەوانیش دانیشتن ، (زینب)ئەو هەڵەی قۆستەوە و ئەم قسانەی بۆ کردن ؟

سوپاس و ستایش بۆ خودا و صەلەوات لەسەر باوکم محمد رسول الله (د.خ)وە لەسەر ئالی بەیتی هەڵبژێردراوی ئەو ،ئەی خەڵکی کوفە ، ئەی فرۆفێڵ باز و سەرشۆڕکەر !! ئایا ئێستا دەگرین ! خودا فرمێسکتان ووشك نەکاتەوە ! وە ناڵە ناڵتان نەبڕێتەوە وێنەی ئێوە وەك ئەوەیە ( کمثل ) التی نقضت غزلها من بعد قوة انکاثا ، تتخذون ایمانکم دخلا بینکم ) دەزانن ئێوە چین ؟ وەك ئەو گیایەی کەلەسەر گوفەك سەوز دەبێ ! یان ئەو زیوەی سەر قەبرەکان ! پشت و پەناهی دوژمنی خۆتانن ، بە گژلایەنگرانی خۆتان دەچنەوە خراپترین کارتان ئەنجام دا،خواتان لە خۆتان تورەکرد،وەئیوە لە ئازارو ئەشکەنجەی خودایی بە نەمری دەمێننەوە !ئایا دەگرین و ڕۆرۆ دەکەن تازە بەلێ زۆربگرین و کەم پێبکەنن ،ئێوە حەیای خۆتان برد،وەلەسەرتان ساغ بۆوە ،لاناکەوێ لەسەرتان بە هیچ شتێك چۆن لەسەرتان لادەکەوێ کە ئێوە نەوەی پێغەمبەر(د.خ) کۆتایتان کوشت !! کە گەورەی گەنجانی بەهەشت بوو ! وە پەناگەی پیاوە باشەکانتان بوو !خۆتان توشی چ گوناهێك کرد ! دوورنیە ! ووردو خاش بن ! هەوڵتان بە فیرۆ چوو ! دەستتان بڕا ! ز یانتان کرد خۆتان دووچاری ڕق و کینەی خودا کرد . سەرشۆڕیتان هاتە سەر هاوار بۆتان ئەی خەڵکی کوفە ئێوە دەزانن چ جەرگێکی پێغەمەبەر (د.خ) تان پارچە پارچە کرد وە چ خوێنێکتان لێ ڕێشت وە بۆ چ پیرۆزێك هاتە مەیدان وە چ ئەهل و بەیتێکتان ئەتەك کرد وە چ ڕێزێکتان لێ نەهێشت (( لقد جئتم شیئا اداّ ، تکاد

السموات يتفطرن منها ، و تنشق الارض منه ، و تخر الجبال هدا )) ئێوه سەیرتان پێ نـەهێت ! کـە ئاسمان خوێن بیارێنێ وە ئازار و ئەشـکەنجەی پاشـە ڕۆژ گـەورەترە بۆتـان و ئابڕووتـان دەچـێت وە هەرگیز سەرناکەون بە مۆڵەتی خودایی کەیفتان نەهێ و بە کەمی بزانن چونکە خودا هیچی لـێ بـزر نیە نەخێر (( ان ربك لبالمرصاد )) (بەشیر کوری نعمان ) گووتی " سوێند بەخوا ، لەکاتی ( زەینب) قسەی دەکرد بۆ ئەم خەڵکە من سەیری خەڵکانم دەکرد هەموو دەگریان دەت گـووت سەرخۆشـن ، پەنجەی خۆیان دەگەستەوە ، غەم و پەژارە دایگرتبوون دەڵێ پیاوێکی پیر لەلام وەستا بوو ، فرمێسکی بەسەر ڕوومەت و ڕدێنی دەهاتە خوارەوە ووتی " ڕاست دەکەیت دایك و باوکم ، پیرتان لە هـەموو کەس باشترن گەنجان لە هەموو کەسان باشترن ، ژنتان لـە هـەموو ژنـان باشـترن ، ڕچـەڵەکتان لـە هەموو ڕەچەڵەکێك پاکترە ، ئێوە هەرگیز ئابڕووتان ناچێ سەر شۆر نابن و کەس ئێـوەی پـێ لـەناو ناچێ .



Scanned with CamScanner

((ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) لە کۆشکی ئیمارە)):

لە مێژووی (طبری) دا هاتووە کە (عبیدللە کوری زیاد)ووتی سەری ( حسین ) م بۆ بێنن ، لەناو تەشتێك سەری ئیمام ( حسین ) یان بۆ هێنا ، ئەویش دارێکی بە دەستەوە هێواش هێواش بەم دارە لە دەم و لێوی ئیمام (حسین ) دەدا ! کە هەموو سەرکردەکانی لە چوار دەورەی دانیشتبوون !!(زید کوڕی ئەرقەم) کە چاوی بە ( عبیداللە ) کەوت بە دار لە لێوی ئیمام ( حسین ) (س) دەدا !! سەری سوڕما و خۆی پێ نەگیرا بە دەنگی بەرز ووتی " ارفع قضیبك عن هاتین الشفتین ،فو اللە الذی لا الة غیره لقد رایت شفتي رسول الله (ص) علیهما ما لا أحصیة ، ثم انتحب باکیا ) واتە: ووتی ئەو دارەی هەڵگرە لەسەر ئەم دوو لێوەی !! سوێند بەو خودایەی کە هیچ خودایەکی تر نیە تەنیا ئەو نەبێ ، من بە چاوی خۆم لێوەکانی پێغەمبەر (د.خ)م دیوە لەسەر ئەو لێوانەی وا تۆ لێی دەدەی ، کە پێم نەژمێراوە!! چەندان جار ، پاشان بە توندی گریاو چووە دەرەوە ، (کوری زیاد ) والی کوفە ووتی " خودا چاوت پڕ گریان بکات !! ئەوە بۆ سەرکەوتنی خودا دەگری !! بڕوانە ئێستا تۆ گەورەی لە تەمەنی پیربوونی و عەقڵت لە دەست داوە هورپنان دەکەی !! ئەگەر نا من ئێستا لە ملم دەدای و سەرتم دەبڕی !

ئینجا ( زید کوری ئەرقەم ) (ر.ض ) هاتە دەرەوە و نەیتوانی سەیری ئەم دیمەنە دڵ تەزینە بکات !! چونکە هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) وە دەیزانی کە پێغەمبەر چەند ئیمام (حسین ) ی خۆش دەویست !! ئێستاش ئەمەویەکان وای لێ دەکەن !! بۆیە کە هاتە دەرەوە ، قیژیەکی کردوو ووتی " عارەبینە ، ئێستا ئێوە بەندەن لەم رۆژەوە ، کوری ( فاتیمەی زەهرا) تان کوشت !! وە کوری (مرجانە) تان کردۆتە فەرماندەی خۆتان ، پیاوە باشەکانتان دەکوژێ و خرابەکانیشتان دەکاتە بەندە ، ئێوە ئەی ( عارەبینە ) رازی بوون بەسەر شۆڕی ، دووربێ لێم ئەو کەسەی بە سەر شۆڕی رازیە !

پاشان : ژن و منداڵەکانیان هێنا ژوورەوە ، فەرمانی دا لەیەك لا دانیشن !! پاش کەمێك بێ دەنگی ، ( عبیداللە ) دەستی بۆ (زینب ) درێژ کرد ووتی " ئەوانە کێن ؟ وەڵامی نەدایەوە ، دووبارەی کردەوە ! بێ وەڵام ، بۆ جاری سێیەم ووتی ئەم ژنە کێیە ؟ یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی ووتی " ئەوە ( زینب کچی فاتمە ) یە ،ئینجا ( عبیداللە کوری زیاد ) ووتی " سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئابڕوی ئێوەی برد ( ئێوەی کوشت ) " !! وە داواکاری ئێوەی بۆ خیلافەت بە درۆخستەوە !!

(زینب ) ووتی سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئێمەی پیرۆز کرد وە بە محمد ( د.خ) ( وطهرنا تطهیرا)
وە پاکی کردینەوە ، ئەوەك ئەوەی تۆ دەیلێ ی !
چونکە ئەوەی نابرووی بچێ ( فاسق )ە ! وە درۆزنیش دەرچووە ! وە ئەوەش ئێمە نین بەلکۆ هی
تڕن کە شایەنی ئەوەن !
( عبیدالله ) ووتی : چۆن کاری خودا دیت لەسەر ئەهلی بەیتی خۆت ؟؟
(زینب ) ووتی : کتب علیهم القتل فبرزوا الی مضاجعهم و یحکم الله بینك و بنهم
تتحاجون الیه وتخاصمون عنده )
(کوری زیاد ) تووره بوو ، هەلساوه ویستی پەلاماری ( زینب ) بدات !! بەلام ( عمر کوری
حریث) نەیهێشت ووتی : خودا دلی دامرکانلم ( طاغوت و هەلگەڕاوه و یاخی بووی ئێوەم
کوشت لە ئەهل و بەیتی ئێوه ؟!
(زینب) ووتی : لعمری لقد قتلت کهلی و أبرت اهلی، وا قتلعت فرعی ، واجتثثت أصلي ، فإن
یشفیك هذا ، فقد شفیت !!
واته :( گەر دلت بەوه دادەکەوێ کە گەوره و سەرداری ئێمەت کوشت ئێمەت لە بنج و بناوان
دەرهینا ڕەچەلەکمانت براندەوه و گەر دلت خۆش دەبێ باخۆش بێ ؟!
( عبیدالله ) ووتی : ئەو ژنه (سیماعەیە ) واته زمان پاراوه و پەخشان هاوێژه !
(زینب ) ووتی : ئەو هەموو خەمەی کە من هەمه و بەسەرم هاتووه دوورم لە (سیماعە )
پاشان ( علی الاصغر ) یان هێنا ژوورەوه و بۆ لای ( عبید الله کوری زیاد )
( عبید الله کوری زیاد ) ووتی : ناوت چیه ؟
علی ووتی :ناوم علی کوری حسین ) ە
( عبیدالله ) ووتی : ئەدی خودا ( علی کوری حسین ) ی نەکوشت لەم شەڕه ؟
علی ) بێ دەنگ بوو !!
(عبید الله ) بۆ وەلام نادەیتەوه ؟
( علی ) ووتی : من برایەکم هەبوو ئەویش ناوی علی کوری حسین ئەم خەلکە کوشتیان لە شەڕ ؟
(عبیدالله ) ووتی : خودا ئەوی کوشت ؟
( علی کوری حسین ) بێ دەنگ بوو



Scanned with CamScanner

(عبیدالله کوری زیاد) :بۆ وەڵامم نادەیتەوە

(علی کوری حسین)ووتی"(الله یتوفی الانفس حین موتها.. ....)

(عبیدالله کوری زیاد) ویستی بیکوژێ بەڵام (زینەب) هەڵساوەو خۆی بە برازاکەی گرت و ووتی"بەسە کوری زیاد لەو هەموو خوێنەی رشتت کەست بۆمان نەهێشتەوە؟

ئینجا (عبیدالله کوری زیاد) هاتە دەرەوەو خەڵکان و سەرکردەکان لەدوای هاتن و بۆ لای مزگەوتی گەورە رۆیشتن کە بەرامبەر کۆشکی ئیمارەت بوو ئینجا (عبیدالله کوری زیاد) ووتی (الصلاة جامعە)چەند جارێك و پاسەوانان خەڵکانیان کۆدەکردەوە و زانیان عبیدالله دەیەوێ بەسەر مینبەر کەوێ و قسە بکات کە خەڵکان هاتنە ناو مزگەوت ،عبیدالله بەسەر مینبەر کەوت و ووتی"(الحمدالله الذی اظهر الحق و اهلە،ونصر أمیر المومنین یزید ابن معاویة و حزبة،وقتل الکذاب ابن الکذاب الحسین بن علی و شیعتە....) واتا:سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە حەق و راستی دیارخست و لایەنگرانی راستی سەرخست،وە ئەمیر المومنین یزید کوری معاویە سەرخست لەگەڵ حزبەکەی ،وەدرۆزنی کوری درۆزنی بە کوشت دا کە حسین کوری علی و شیعەکەی بوون) کە (عبیدالله) ئەو قسەی کرد دەیویست درێژە بە ووتارەکەی بدات!

بەڵام یەکێك لەناو خەڵکەکان هەڵسایەوەو هاواری کرد کە ناوی (عبدالله کوری عفیف الازدی) بوو سەرۆك هۆز بوو بەدەنگی بەرز ووتی (یا ابن مرجانة ان الکذاب ابن الکذاب انت و ابوك والذی ولاك وابوه یا ابن مرجانة اتقتلون ابناء النبیین وتکلمون بکلام الصدیقین) واتە ئەی کوری مەرجانە:درۆزن کوڕی درۆزن تۆی و باوکتی وەئەوەی تۆی داناوە و باوکی ،کوری مەرجانە ئیوە کوری پێغەمبەران(د.خ) دەکوژن و دەتەوێ قسەی راستگۆیانە بکەن ،کوری زیاد ووتی بۆم بگرن بۆم بهێنن پاسەوانەکان بۆلای هاتن تا بیگرن (هۆزی الازد) کە ژمارەیان گەڵەك زۆر بوو لەوێ هاواریان کرد (یامبرور) کە هۆزەکە گوێیان لەم ووشەیە بوو،هەموو شمشێریان هەڵکێشاو سەرکردەی خۆیان (عبدالله کوری عفیف)یان رزگار کرد!

عبیدالله ووتارەکەی بڕی و هاتە خوارەوە ،لەبەر ئەم ئاژاوەیە پاشان (عبیدالله کوری زیاد) توانی(عبدالله کوری عفیف ) زیندانی بکات و بیکوژێ ئینجا (عبیدالله کوری زیاد) بڕیاری دا کە سەری ئیمامی حسین(س) لە کۆڵانەکانی شاری (کوفە) بسوڕێننەوە لەسەر ڕمێکی بەرز ،تاکو هەموو



Scanned with CamScanner

خەڵك پێ بتۆقێ و بزانن کە ئەگەر یەکێك لە فەرمانی (خەلیفە) لابدا چارەنووسی وا ئەبێ ئەگەر نەوەی پێغەمبەریش(د.خ) بێت پاشان نامەی (یزید کوری معاویە) گەیشتەلای (عبیداللە کوری زیاد) کە نووسرابوو،دیلەکانم بۆ بنێرە شام لەگەڵ سەرەکان .

((ناردنی دیلەکان بۆ شام)):

(عبیداللە کوری زیاد) کە فەرمانی ناردنی دیلەکانی پێگەیشت بریاری دا دیلەکان ئامادە بکەن هەموویان زنجیر بکەن،(علی کوری حسین) دەست و ملی زنجیر بکەن ،ووشتری رووتیان بۆ بهێنن نابێ جلێکی لەسەر پشت بێ تاکو ئازار بخۆن تا دەگەنە شام،وەسندوقیان بۆ سەرەکان ئامادە کرد و پێ ی ووتن لە رێگا ئەگەر گەیشتنە هەر ئاوەدانیەك،سەرەکان دەرێنن لە سندووق ،بەسەر رمەکانیان بخەن و لەناو دیلەکان برۆن تاکو لە ئاوییەکان رەت دەبن،پاشان بیخەنەوە ناو سندوقەکانیان . وەبۆ ئەم مەبەستە دوو فەرماندەی بۆ دانان ئەوانیش:

(محضر کوری ثعلبة العائدی) و(شمر کوری ذی الجوشن) وەلە رێگا (ام کلثوم و سکینە) کچانی ئیمامی حسین(س) داوایان لە(شمر) کرد کە سەرەکان لە پێش دا برۆن نەخۆ لەناو دیلەکان ،چونکە ئەم خەڵکە سەیری ئێمە دەکات وەئیمەش ئال و بەیتی پێغەمبەرین(د.خ) بەلام (شمر) گوێی نەدایە پێشنیارەکەیان



Scanned with CamScanner

## ((جەژن لە پایتەختی خیلافەت)):

لە کتابی (مقتل الخوازمی) دا هاتووە کە یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) بە ناوی (سهیل کوری سعد الساعدی) لەوکاتی لە (بیت المقدس) دەگەڕایەوە ،کە گەیشتە دیمشق،بینی ئەم شارە رازاوەتەوە و خەڵکی کەیف خۆشن و قوماشی ئاوریشم شۆڕکراوەتەوە ،خەڵکانێك (دەف) لێدەدەن ،گەمە دەکەن و تەپل لێدانە ئەویش چاوی بە کۆمەڵە گەنجێك کەوت لە نزیك ڕێگا وەستابوون لێی پرسین ووتی"ئەی گەنجینە دەلێی لەشام جەژنێك هەیە ئێمە نایزانین ووتیان ئەی شێخ تۆ دەڵی خەڵکی ئێرەنی و غەریبی ووتم"من(سهیل کوری سعد الساعدیم) هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ) و ئەوم دیوەو زۆر فەرموودەی ئەوم لەبەرە !

ووتیان ئەی سهیل"پێت سەیر نەبێ ئیستا خوێن لە ئاسماندا بباریێ و ئەم خاکە رووبچێ و خەڵك هەمووی لەناو بچێ ووتم لەبەر چی ،چی روویداوە ،ووتیان"ئەم خەڵکە چاوەڕوانە ،ئێستا سەری ئیمامی حسین(س) لە عێراقەوە دێت بۆ شام دەکرێتە بەخشیش بۆ (یزید) ووتم جێگای سەرسوڕمانە ،سەری ئیمامی حسین(س) ببڕێ دەبێ خەڵك کەیف خۆش بێت ،دیسان ووتم لە کام دەرگا دێتە ژوورەوە ، دەستیان بۆ درێژ کردم و ووتیان لە دەرگای (الساعات) بەرەو دەرگای (ساعات) رۆیشتم لەگەڵ خەڵك ،کە دیتم ئالاکان هاتن یەك لەدوای یەك ،سوارێکم دیت کە رمێکی درێژی هەڵگرتبوو ،سەرێکی لەسەر بوو،کەلەهەموو کەس زیاتر بەسەری پێغەمبەر(د.خ) دەچوو وەهەندێ ژن و منالم دیت بە سواری ووشتری رووت ،منیش خۆم نزیك کردەوە لە کچێك و پێم ووت،تۆ کێت ووتی (سکینە) کچی ئیمامی حسینم،ووتم ئەرێ ئێوە هیچ کارێکتان بەمن هەیە،چونکە من (سهیل کوری سعد) م هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ) م ،سکنیە ووتی"گەر دەتوانی وا بکە ئەم سەرانە لەناو ئێمە بەرز نەکەنەوە ،با سەرەکان پێش بخەن تاکو ئەوەندە خەڵك تەماشای ئێمە نەکات!

منیش خۆم نزیك کردەوە لەو کەسەی کە سەری ئیمامی حسینی هەڵگرتبوو،ووتم کارێکم بۆ بکەو (٤٠٠) چوار سەد دینارم هەرئێستا لێوەربگرە ،چی ی دەڵێ ی ووتی بلێ کارەکەت چیە ووتم ئەوە پارەکە کە هەر ئەوەندەم پێ بوو ئەم سەرانە پێش بخەن لەناو ژن و منداڵ جیایان بکەنەوە یا کەمێك لێك دوور بن ووتی بێنە پارەکەت تا وابکەم پارەکەم دایە دەستی و بە قسەی منی کرد پاشان هەموو دیلەکانیان هێنایە ژێر پایەی مزگەوت شوێنی راگرتنی هەموو جۆرە دیلێك بوو خەڵکی شامیش



Scanned with CamScanner

دەوریان لێدان،لەوکاتی پیاوێکی ریش سپی لێیان هاتە پێش و ووتی "سوپاس بۆ خودا کە خـودا بـە کوشتنی دان و لە ناوی بردن پیاو و خەڵکانی ئێمە ئاسوودەبوون لە دەستتان و ئەمیر المومنین (یزید) سەرکەوت بەسەرتان ئیمام (علی کوری حسین) ووتی"ئەی شێخ تـۆ قورئانـت خوێندۆتـەوە شـێخ ووتی"بەڵێ زۆر جا خوێندومەتەوە وەزۆریشم لەبەر کردووە (علی کوری حسین) پـێ ی ووت"ئـەم ئایەتەت گوێ لـێ بووە (...قل لا اسئلکم علیه أجرا الا الموده فی القربی...)[1]

شێخ ووتی بەڵێ وایە خوێندوومەتەوە ئیمام ووتی ئەی شێخ ئەو (القربی) یە ئێمـەین ئیمـام ووتـی"لـە سورەتی بنی ئیسرائیل دیوتە (وأت ذا القربی حقه) [2]

شێخ ووتی"بەڵێ ئەویشم دیوە ئیمام ووتی ئەویش ئێمەین پاشان ئیمـام ووتـی "ئەوەشـت خوێندۆتـەوە (واعلموا انما غنمتم من شـیء فان لله خمسه وللرسـول و لـذی القربـی)[3] شـێخ ووتـی"بـەڵێ ئیمـام ووتی"(القربی)لێرەش ئێمەین کە سەدەقەمان لێ(حرام)ە وەلە جیاتی ئەو (خمسه) مان هەیـە (بەشـێك) ئیمام ووتی"ئەی شێخ ئەم ئایەتەشت خوێندۆتەوە (انما یرید الله لیذهب عنکم الرجس اهل البیـت ویطهرکم تطهیرا)[4] شێخ ووتی"بەڵێ راسـتە ئەوەشـم خوێندۆتـەوە ئیمـامی علـی کـوری حسـین فەرمووی ئەی شێخ ئیمەین ئەهل و بەیت کە خودا ئەو ئایەتەی بۆ ئێمە تایبەت مەندکردووە .

شێخ :کەمێك دادەمێنێ و حەپەسا وەپەشیمان بۆوە لەو قسەی کە کردی بەرامبەر ئیمام (علی کوری حسین) ووتی خودایە من تۆ بە دەکەم لەو قسەی کە کردم ،لەو رق و کینـەی دەرم بـڕی بەرامبـەر ئەوانە خودایە من دوژمنی ئەو کەسانەم کە دوژمنی ئەهل و بـەیتی پێغەمبـەرن(د.خ) لـە ئـادەمیزاد و ئەجندە،خودایە من پەشیمانم

((هێنانی ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) بۆ کۆشکی فەرماندەی یزید کوری معاویه))

لە مێژووی( طبری) داهاتووە کە (یزید کوری معایـە)لەسـەر کورسـی خیلافـەت دانیشـت لەگـەڵ ناودارانی خەڵکی شام،داوای کرد کە دیلەکان بێنـە ژوورەوە ،ئـەوانیش یـەك لـەدوای یـەك هاتنـە ژوورەوە تێکڕا خەڵکی چاوی لێیان بریبوو!!

---

[1] سورة الشوری :۲۳
[2] سورة الاسراء :۲٦
[3] سورة الانفال :٤١
[4] سورة الاحزاب:۳۳



Scanned with CamScanner

(یزید کوری معاویه)رووی له (علی کوری حسین)کردوو ووتی"باوکت خزمایەتی منی رەچاو نەکردوو نەفامی کرد بەرامبەر مافەکانم ویستی بگاتە دەسەلات و من لابەرێ وەتۆش بینیت خودا چی بەسەر هێنا (علی کوری حسین)(س) ووتی"(ما اصابکم من مصیبة فی الارض ولا فی انفسکم الا فی کتاب من قبل ان نبراها ) (یزید) ووتی "ما اصابکم من مصیبه فبما کسبت ایدیکم ویعفوا عن کثیر !(علی کوری حسین) ووتی"ئەو ئایەتە بۆ ستەمکارانە نەوەك بۆ ستەم لێکراوان ،ئینجا (یزید) داوای کرد کە سەری ئیمامی حسینم بۆ بێنن لەناو تەشتێك سەری ئیمامی حسێنیان بۆ هێناو لە پێشیان دانا (یزید) دارێکی بەدەستەوە بوو ،ووتی"(ابو عبدالله) دەم و لێوی جوان بوو ئینجا دارەکەی لە لێوەکانی ئیمامی حسینی دەدا ،یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) کە ناوی(ابو برزه الاسلمی) بوو،لە دیوەخانی یزید دانشتبوو،ووتی"ئایا ئاوایە دار لە لێوی ئیمامی حسین دەدەی ،دارەکەت شوێنێکی کاری گەری گرتووە،چونکە بە چاوی خۆم دیومە کە پێغەمبەر(د.خ) ئەو شوێنەی ماچ دەکرد کە تۆ داری لێ دەدەی ،(یزید) بزانە تۆ رۆژی دوایت لێ دادێ و کوری زیاد دەبێتە شەفیعت ،بەلام ئەم سەرە لە رۆژی دوایی پێغەمبەر(د.خ) شەفیعیەتی پاشان هەڵساو چووە دەرەوە دیسان (یزید کوری معاویە) گوێی

بەم قسانەی نەداو،هەر بە دار دەستەکەی لە لێوی ئیمامی حسینی دەدا و لەگەڵ لێدانەکەی ئەم هۆنراوەی (ابن الزبعری) [1] دەووت"

| | |
|---|---|
| لیت اشیاخي ببدر شهدوا | جزع الخزرج من وقع الاسل |
| لاهلوا واستهلوا فرحا | ثم قالوا یا یزید لا تسل |
| قد قتلنا القرم من ساداتهم | وعدلنا میل بدر فاعتدل |
| لست من عتبة ان لم انتقم | من بني احمد ما کان فعل |

واتە: خۆزگە پیاوە ریش سپی و ماقولانم لە شەڕی بەدر لێرە ئامادەبان کە هۆزی خەزرەجیان ئازاردا لە شمشێر راکێشانیان هەموویان کەیف خۆش بوون و (لا الە الا الله) یان ووت کە ما قولانمان کوژران ئێستاش دەڵێن یزید لێیان گەرێ (شمشێریان لێ رامەکێشە) .

[1] ئەم هۆنراوەیە (ابن الزبعری) دەبینری لە :سیرة ابن هشام جزء ٣ ص ٩٧ ،وشرع نهج البلاغة لابن ابی حدید المعتزلي جزء ٢ ص ٣٨٢ وفتوع ابن اعثم جزء ٥ ٢٤١ ،وتاریخ ابن کثیر جزء ٨ ص ١٩٢ و مقتل الخوارزمی جزء ٢ ٥٨



Scanned with CamScanner

ئێمەش گەورەی ئەوانمان کوشتووە،کە ئیمامی حسینە ئینجا یەکسان بوون ،تۆڵەمان کرایەوە کە لە شەری (بدر) گەورەکانیان کوشتین من لە (عوتبە)نیم ئەگەر تۆڵەی خۆم نەکەمەوە لە نەوەی (احمد پێغەمبەر(د.خ) لەسەر ئەو کارەی کە کردوویان

((ووتاری زەینەب لە دیوەخانی یزید)):

کە زەینەب خوشکی ئیمامی حسین(س) دیتی یزید چی دەکا و چی دەڵێ (خۆی بۆ نە گیراو هەڵسایەوە سەر پێ و ووتی"

((الحمد الله رب العالمين ،وصل الله على رسوله والـه اجمعين،صدق الله سبحانه حيث يقول (ثم كان عاقبة الذين اساؤا السوئ ان كذبوا بأيات الله وكانوا بها يستهزون) أضننت يا يزيد حيث أخذت علينا اقطار الارض و افاق السماء ،فأصبحنا نساق كما تساق الاسارى ان بنا على الله هواناً وبك عليه كرامة،وان ذلك لعظم خطرك عنده فشمخت بأنفك ،ونظرت في عطفك جذلان مسروراَ،حيث رأيت الدينا لك مستوسقة والامور متسقة ،حين صفا لك ملكنا وسلطاننا فمهلاً،انسيت قول الله تعالى(ولا تحسبن الذين كفروا انما نملي لهم خيراً لانفسهم انما نملي لهم ليزدادوا اثما ولهم عذاب مهين) امن العدل يا ابن الطلقاء ،تخديرك حرائرك وأمائك وسوق بنات رسول الله سبايا،قد هتكت ستورهن،وابديت وجوههن،تحدو بهن الاعداء من بلد الى بلد ويستشرفهن اهل المناهل والمعاقل ،ويتصفح وجوههن القريب والبعيد ،والدني والشريف،ليس معهن من حماتهن حمي ولا من رجالهن ولي ،وكيف يستبطأ في بغضنا اهل البيت من نظر الينا بالشغف والشنان،وألامن والاضغان،ثم لا متاثم ولا مستعظم:تقول لأهلوا واستهلوا فرحا ثم قالوا يا يزيد لاتسل منحينا على ثنايا (ابى عبدالله) سيد شباب اهل الجنة تنكت بحضرتك وكيف لا تقول ذلك وقد نكات القرحة،واستأصلت الشافة بارأقتك دماء ذرية محمد(ص) ونجوم الارض من ال عبد المطلب ،وتهتف بأشياعك ،زعمت انك تناديهم ،فلتردن وشيكا موردهم ولتودن انك شللت وبكمت ولم تكن قلت وفعلت ما فعلت اللهم خذلنا بحقنا ،وانتقم ممن ظلمنا ،واحلل غضبك بمن سفك دماءنا ،وقتل حماتنا فو الله ما فريت الا جلدك ،ولا حززت الا لحمك،ولتردن على رسول الله(ص) بما تحملت من سفك دماء ذريتة وانتهكت حرمتة في عترتة و لحمتة ،حيث يجمع الله شملهم ويلم شعثهم ،ويأخذ



Scanned with CamScanner

بحقهم ((ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون)) وحسبك بالله حكما ،وبمحمد(ص)خصيماً،وبجبرائيل ظهيراً،وسيعلم من سول له ومكنك من رقاب المسلمين بئس للظالمين بدلاً (وايكم شر مكانا وأضعف جنداً) ولئن جرت على الدواهي مخاطبتك،انى لا ستصغر قدرك ،واستعظم تقريعك واستكثر توبيخك ،ولكن العيون عبرى والصدور حرى،الا فالعجب كل العجب (لقتل حزب الله النجباء بحزب الشيطان الطلقاء ،فهذه الايدى تنطف من دماءنا والافواه تتحلب من لحومنا ،وتلك الجثث الطواهر الزواكى تنتابها العواسل وتعفرها أمهات الفراعل ولان اتخذتنا مغنما ،لتجدن وشيكا مغرما،حيث لاتجد الا ما قدمت يداك (وما ربك بظلام للعبيد) و الى الله المشتكى وعلية المعول،فكد كيدك ،واسع سعيك،وناصيب جهدك ،فوالله لا تمحوا ذكرنا (ولا تميت وحينا ) ولا يرحض عنك عارها ،وهل رأيك الافند،وايامك الاعدد ،وعمرك الا بدد،يوم ينادي المنادي ،الا لعنة الله على الظالمين، والحمد الله رب العالمين الذى ختم لاولنا بالسعادة و المغفرة،ولا خرنا بالشهادة والرحمة،ونسأل الله أن يكمل لهم الثواب ويوجب لهم المزيد ،ويحسن علينا الخلافة ،أنه رحيم ودود ،وهو حسبنا ونعم الوكيل)[1]

که (زەینەب) لە ووتارەکەی بۆوە دانیشت،هەر هەمووی گوێیان بۆ ڕاگرتبوو چونکە ئەم ژنە قسەزانە لە خۆڕایی پێ ی ناووترێ (عەقیلەت بنی هاشم)،هەموویان سەرسام بوون لە ووتەکانی زەینەب ،چاویان لە مۆلەق وەستابوو،ئینجا (یزید کوری معاویە) وەکو ئەوەی هیچ رووی نەدابێ ووتی"یا صیحه تحمد من صوائح ــما أهون النوح على النوائح

حەزم کرد ووتارەکەی زەینەب بە زمانی عربی وەکو خۆی بهێنمەوە،هەروەکو مێژوونوسان گێڕاویانەوە بۆ ئەوەی سوودی زیاتربێت و چێژی زیاتر لێ وەردەگیرێ چونکە قسەی بەرزو بەنرخن!! واتاکەی:سوپاس و ستایش بۆ خودای هەموو بوونەوەرو درووود لەسەر گیانی پێغەمبەر(د.خ) وهەموو ئال و بەیت ،خودا راستی فەرمووە لە قورئان (پاشان پاشەرۆژی خراپەکاران هەر خراپەیە ،کە درۆیان بە ئایەتەکانی خودا کردوو گالتەیان پێ دێت) ئایا تۆ ئەی یزید واگومان دەکەیت کە خاکت لەسەر

[1] معالم المدرستين /تاليف العلامة السيد مرتضى العسكرى جزء ٣ صــــ٢٠٤ ٢٠٦ طبعة الاولى ١٤١٢ هجرى

ئێمە تەنگ کردووە،ئاسمانت لێ گرتووین،وەکو دیل دەمان هاژۆن ،ئایا ئێوە وا دەزانن ئێمە لەلایەن خودا بێ نرخین وەتۆ پیرۆزی،لای ئەو یان هەندە بەرێزی لای خودا !!

لووتت بەرز دەکەیت و ،پێشەخۆت نابینی ،خۆت با دەدەی کەیف خۆشی ،کە دیتت دونیات بۆ هاتۆتە پێش،وەفەرمانەکانت جێ بەجێ دەکرێ ،ماڵ و موڵک و دەسەلاتی ئێمەت بۆ بەجێما ،چاوەڕوان کە ،ئایا ئەم فەرموودەی خودات لە بیرچووە لە قورئان (وامەزانن ئەوانەی گاورن ئێمە پێیان ئەبەخشین ،ئەم بەخشینەمان چاکەیە بۆیان،چونکە ئەو بەخشینەمان بۆ ئەوەیە تاکو گوناحیان زیاتر بێت و ئازاری سەخت چاوەڕوانیانە) ئایا ئەوە دادپەروەریتە (ئەی یزید) کوری بەرەلا کراو[1] ،کچ و ژنەکانی خۆت داپۆشیوە کچەکانی پێغەمبەریش (د.خ) دەهاژۆن وەك دیلان ،بێ سەرپۆش،وەدەم و چاویان دیارە لە خەڵك ،دوژمن سەیریان دەکات،لەم شارو دێیە بۆ ئەو شارو دێ ،دوورو نزیك سەیریان دەکات،باش و خراپ ئاوڕیان لێ دەداتەوە ،پارێزگارێکی خۆیان لەگەڵ نیە پیاوێکی خۆیان لەگەڵ نیە بەلام چی لەکەسێك چاوەڕوان دەکرێ کە نەوەی ئەوانە بێت کە جەرگی لە خواترسانیان خواردووە،گۆشتیان بە شەهید کردنی خواناسان گرتووە،وەچۆن درێخی دەکات لە رك و کینە بەرامبەر ئەهل و بەیت،کە یەکێك بە چاوی تووڕەییەوە سەیرمان بکات،وەبەرك و کینەی دڵ تێمان بڕوانێ ،پاشان ئەم هۆنراوەی دەڵێ ی بێ ئەوەی بزانێ واخۆت دووچاری گوناح دەکەی ،یان نازانی ئەمە گران لەسەرت دەوەستێ :

ئەوان لەخۆشیان (لااله الاالله) یان دەوت پاشان دەیانەوێ من شمشێریان لێ رانەکێشم وە نەیان کوژم خۆت خوارکردۆتەوە سەر لێوانی (ابا عبدالله الحسین) کە گەورەی گەنجانی بە هەشتە ،بە دار لێ ی دەدەی بە پەنجەکانت ،بەلام تۆ چۆن وا نالێ ی برینیت سارێژبوون ئۆقرەی دڵت داکەت،بە رشتنی خوێنی کوڕەکانی محمد (د.خ) وە ئەستێرانی ئاسمان لە ئالی عبدالمتلب وەبانگەوازی باپیرانت (شێخەکانت) دەکەی کە خۆت دەڵێ ی وا بانگیان دەکەم ،نزیکە بگەیە لایان ،بەلام ئەو کاتی ئەوان خۆزگە دەخوازن کە زمانت نەبایە و لال بای وەئەم قسەو کارانەت نەکردایە کە ئێستا ووتت و کردت لەم دیوانە ،خودایە مافمان وەربگرە ،تۆڵەمان بکەوە لەوەی ستەمی لێکردین وەرك و تووڕەیی خۆت بڕژێنە سەر ئەوانەی خوێنیان رشتین وەپارێزگارانیان کوشتین سوێند بەخوا ئەی یزید

[1] الطلقه (بەرەلا کراو) لە ٨ کۆچی پێغەمبەر(د.خ) مەککەی رزگار کرد و خەلکەکەی کۆکردەوە پێغەمبەر(د.خ) پێ ووتن ئێوە بەرەلا کراون (الطلقه) ،کە معاویە و باوکی یەکێك بوون لەوان



Scanned with CamScanner

تۆ پێستی خۆت هەلکەند گۆشتی خۆت پارچە کـرد،وەدەگەرێندرێـیـەوە بـۆ لای پێغەمبـەری(د.خ) خودا،بەوەی کردت بەرامبەر رشتنی خوێنی نەوەکانی ئەو وە ئەتەك کردنی رێـزی ئـال و بـەیتی ئـەو بزانە کە خودا کۆیان دەکاتەوە،هەموویان دەگەیەنێتەوە لای یەك وەمافیـان وەردەگـرێ (ولا تحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله امواتـا بـل احیـاء عنـدربهم یرزقـون) بەسـە بـۆت کـە خـودا دادوەرە و فەرماندەری رۆژی دوایی یە وە محمد(د.خ) دوژمنتە ،وەحـەزرەتی جبرائیـل پشتگیریەتی ئـەو کـاتی دەزانیێ ئەوەی تۆی لەم جێگایە دانا ،تۆی کردە خەلیفە وەملی مووسلمانانی خستە دەست تۆ ،هـەر خراپە دێتە رێ ستەمکاران ،وەئەو کات دەزانی کێ دەخرێتە پیس ترین شوێن و بێ هێزو دەسەلات و لایەنگرە !!

بەلام رۆژگار وای لەمن کردووە،کە من قسە لەگەڵ تۆ بکەم ئەگینا تۆ زۆر زۆر بچـوکترى لـەوەی کە رێزت هەبێ و لەگەلت بدوێم بەلام گوناحت گەلەك گەلەك گەورەیە سزات دەبـێ گەلـەك زۆر بێ کە چی هیچ ناکرێ،چاومان دەبینێ و پڕ فرمێسکە دلمان گەرمە لەبەر ئەم کارەساتە بە راستی ئەم کارەساتە جێگای سەرسورمانە بە هەموو شێوەی سەرسورمان کە کە سانێك لـە حزبـی هەلبـژاردەی خودا بکوژرێن بەدەستی حزبی بەرەلا کـراوی شـەیتان،هـەروا ئـەو دەسـتانەتان خـوێنی ئێمـەیان لێ دەچۆرێتەوە ،دەمتان پڕە لـە گۆشتی ئێمە،وە ئەم لاشە پاك و پیرۆزانە وەکو قوربانی راکشاون لـە چۆل و بیابان وە ئەگەر تۆ ئێمەت کردە (غەنیمە) دەستکەوتی زیادە زۆرت نەمایە دەبێ سزاکەی بدەی ئەو کاتەی کە هیچ شتێك فریاد ناکەوێ ،تەنیا کردەوەکانت نەبێ،(وما ربك بظلام للعبید) وە سکالامان بۆ لای خودایە ،وە تەنیا پشت بە ئەو دەبەستین!

ئەی یزید،فڕو فێلت بخەرە کار،هەرچی دەیکەی بیکە ،هەولت بخەرە کار خۆت ماندوکـە، چـی لـە دەستت دێ بە زیادەوەش ،سوێند بەخوا یادی ئێمەتان پێ رەش نابێتەوە و بزر نابـێ سـروش (وحـی) ئێمە نامرێ ،وەئەو ئابروو چوونەی ئێوە لەسەرتان لاناکەوێ ،وەئایا بیرو بۆچونت تـەنیا پوچـەلی نیـە وەژیانت تەنیا چەند رۆژانێك نیە وەئەو کۆمەلەی لە دواتن پەرش و بلاو نابن ئەو رۆژەی کـە بـانگ کەر بانگ دەکات (یوم نیادی المنادی الالغة الله علی الظالمین) کە خودا لەعنەت لـە سـتەمکار و زۆرداران دەکا وەسوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە خۆشی و لێ بووردنی بە یەکەمینمان بەخشی و شەهادەو بەزەیی بە داوینمان بە خشی وەلەخودا دەپاڕێنەوە کە پاداشمان بۆ تەواو بکـە،وەزیاترمـان



Scanned with CamScanner

بداتێ،وەخیلافەتمان بە باشی بۆ بگەڕێنێتەوە خۆی میهرەبان و بەزەیی بەخشەوە هەر ئەو بەسمانە کە لایەن گرمان بێت .

کە زەینەب لە ووتارەکەی بۆوە لە دیوەخانی (یزید کوری معاویه) ئینجا (یزید)ئەم دێرە هۆنراوەی ووت کە لەسەرەوە باسمان کردووە،وەلە مێژووی (طبری) دا هاتووە لەوکاتی (هند کچی عبدالله کوری عامر کوری کریز) کە خێزانی (یزید کوری معاویه) بوو لە ماڵێ هاتە دەرەوە بەسەری کۆت و بێ ی خواس سەری بە دیوەخانی (یزید) دا گرت و ووتی"ئەی امیر و المومنین ئەوە سەری ئیمامی حسین کوری فاتمەی کچی پێغەمبەرە (د.خ) لە ماڵی ئێمە یزید ووتی"بەڵێ ،پاشان (یزید) هەڵساوە لەناو کۆشك هاتە دەرەوە ،وەهەموو ئەو کەسانەی کە لەوێ دانیشتبوون لەگەڵی هاتنە دەرەوە و بەرەو مزگەوت ڕۆیشت کە لێیان نزیك بوو،وەئیمام علی کوری حسین (زین العایدین) یان لەگەڵ خۆیان بردئینجا (یزید کوری معاویه) داوای لە (خطیب) ووتاربێژی خۆی کرد کە بەسەر مینبەر بکەوێ و هەندێ قسەمان بۆ بکە باسی ئەم سەرکەوتنە بکە:

ووتاربێژ،بەسەر مینبەر کەوت،بەرێزو سوپاسەوە باسی یزید و معاویەی کردوو دەستی کرد بە جنێودان بە ئیمامی علی و ئیمامی حسین کە چۆن ئەوانە لە ئاین دەرچوون و شەڕیان کردووە لەگەڵ( امیر المومنین) ،وەزۆر بەخراپە باسی ئیمامی علی کرد... ئینجا ئیمامی علی کوری حسین (س) هاواری کردە (خطیب) ووتاربێژ ووتی"(ایها الخطیب ،اشتریت رضا المخلوق بسخط الخالق فتبوء مقعدك من النار) واتە:ئەی ووتاربێژ تۆ ڕەزامەندی خەڵك دەکری بە توورەیی و بێ ناخۆشی خودا شوێنی خۆت دیاری بکە لەناو ئاگر ) ئینجا ئیمام علی کوری ئیمامی حسین (امام زین العایدین) ،کە نەخۆش بوو ،ڕەنگی زەرد بوو بوو ،لەبەر نەخۆشی و ئەم مەرگەساتەی کە بەسەریان داهاتووە ،داوای لە (یزید کوری معاویه) کرد کە مۆڵەتی بدات،بەسەر مینبەر کەوێ ووتی:چەند قسەیەك دەکەم کە ڕەزامەندی خودای تێدابێت ،وەئەم خەڵکەش پاداش و سوودی پێ بگات !

(یزید) ووتی"نەخێر نابێ‌خەڵکەکە داوایان کرد ووتیان ئەی (امیر المومنین) لێ گەڕێ با قسەیەکی ئەومان گوێ لێبێت نابێ تۆ ئەو کارەبکەی کە نەهێلی قسەی خۆی بکات (یزید کوری معاویه) ووتی"گەر سەرکەوێتە سەر مینبەر نایەتەخوارێ تاکو ئابڕووم نەباو ئابڕووی ئالی ئەبو سفیانیش نەبا ،خەڵکەکە وازیان نەهێنا ووتیان ئەم پیاوە نەخۆشە وادەلەرزێ ،ڕەنگی زەردە دەبێ چی بزانێ دەڵێ ی گەڕێ با سەرکەوێتە سەرمینبەر بزانین چی دەڵێ (یزید کوری معاویه) ووتی"ئێوە نازانن ئەوە لەچ



Scanned with CamScanner

ئەهل و بەیتێکە کە زانست و زانیاری لێیان دەتکێتەوە خەڵکەکە وازیان نەهێنا زیاتر پەرۆشی ئەوە بوون کە (علی کوری حسین) بەسەر مینبەر کەوێ تاکو بزانن چی دەڵێ ئینجا (یزید کوری معاویە) لە شەرمی خەڵکەکە و پێداگریان مۆڵەتی دا .

## ((وتاری ئیمام علی کوری حسین (امام زین العابدین) لە شام)):

ئیمامی علی کوری حسین(س) بەسەر مینبەر کەوت و پاش سوپاس و ستایش بۆ خودای مەزن و دروود لەسەر پێغەمبەر (د.خ) و ئالی فەرمووی"(ایها الناس اعطینا ستاً و فضلنا بسبع ،اعطینا العلم ،والحلم ،السماحة و والفصاحة،والشجاعة،والمحبة فی قلوب المومنین،وفضلنا بأن منا النبی المختار محمد(ص) ومنا الصدیق[1] ومنا الطیار،ومنا اسد الله واسد الرسول ،ومنا سیلة نسله العالمین فاطمة البتول ومنا سبطی هذة الامة وسیدی شباب اهل الجنة،فمن عرفنی فقد عرفنی ومن`لم یعرفنی أنباته بحسبی ونسبی أنا ابن مكة ومنا ،أنا ابن زمزم والصفا ،أنا ابن من حمل الزكاة بأطراف الردی ،أنا ابن خیر من ائتزر و ارتدی،أنا ابن خیر من انتعل واحتفی ،أنا ابن خیر من طاف و سعی،أنا ابن من سمع ولبی ،أنا ابن من حمل علی البراق في الهواء ،أنا ابن من اسری به من المسجد الحرام الی المسجد الاقصی،فسبحان من أسری ،أنا ابن من بلغ به جبرائیل الی سدرة المنتهی،أنا ابن من دنا فتدلی فكان قاب قوسین أو أدنی،أنا ابن من صلی بملائكة السماء،أنا ابن من أوحی الیه الجلیل ما أوحی،أنا ابن محمد المصطفی ،أنا ابن من ضرب خراطیم الخلق حتی قالوا لااله الاالله ،أنا ابن من بایع البیعتین وصلی الی القبلتین،وقاتل ببدر وحنین ،ولم یكفر با الله طرفة عین یعسوب المسلمین،وقاتل الناكثین[2] والقاسطن[3] والمارقین[4]،سمح سخی

---

[1] الصدیق واتە علی کوری ابی طالب قال صلی الله علیه و اله وسلم:الصدیقون ثلاثة حبیب النجار مؤمن ال یاسین قال:یاقوم اتبعوا المرسلین...،وحز قیل مؤمن ال فرعون قال اتقتلون رجلاً ان یقول ربی الله..،وعلی بن ابی طالب وهو افضلهم بۆ ئەم فەرموودە بروانە:شواهد التنزیل للحسكان الحنفی جزو ٢ ص ٢٢٣ حدیث ٩٣٨-٩٣٩ تاریخ دیمشق لابن عساكر الشافعی جزو ٧٩ حدیث ١٢٨ ،الجامع الصغیر للسیوطی جزء ٢ ص ٤٢ طبع المیمنة-مصر متخب كنز العمال بهامش مسند احمد ابن حنبل ج ٥ ص ٢٠٢ ابن محر الحسقلانی /الصواعق المحرقة ،الفصل الثانی –باب ٩ ص ٧٤

[2] الناكثین:ئەوانەی بەڵێنیان شکاندو شەڕیان کرد لەگەڵ ئیمامی علی (س) لە شەڕی (جمل)

[3] القاسطین:معاویە و خەڵکی شام کە شەڕی (صفین) یان نایەوە دژی ئیمامی علی(س)

[4] المارقین:ئەوانە(خوارج) بوون کە لە شەڕی (صفین) لە ئیمام هەڵگەڕانەوە لەوکاتی کە فەرماندەی لە شکری شام فەرمانی دا قورئانیان بەرز کردەوە کە زانیان ژێر کەوتن لە شەر .ئیمای علی (س) دەفەرموو(امرت بقتال الناكثین والقاسطین والمارقین )دەبینری لەم کتابانە: صدق رسول الله (ص) تالیف علی



Scanned with CamScanner

،بهلول زكي،ليث الحيجاز وكبش العراق ،مكي مدني ،أبطحي تهامي ،حنفي عقبي،بدري احدى،شجري مهاجري،ابي السبطين،الحسن والحسين،علي ابن ابي طالب أنا ابن فاطمة الزهراء،أنا ابن سيدة النسله،أنا ابن بضعة رسول الله (ص) ..أنا ابن المذبوح بكربلاء ،أنا ابن من رأسه الى يزيد يهدى..أنا...[1]

تا ئیره ووتارەکەی ئیمام علي کوری حسین بەردەوام بوو،بەلام لەبەر قیژەو گریان و هاواری خەلك (یزید کور ی معاویه) ترسا تەختی وەرگەرێ ،بۆیه هەرزوو بانگی کردە(بانگ دەر) ووتی سەرکەوه بانگ بده نیورانه!

بانگ دەر سەرکەوت و چوار جار بـه دەنگـی بـەرز هـاواری کـرد(الله الكـبر) ئیـام علـی کـوری حسین(س) هەر لەسەر مینبەر بوو ،قسەکانی خۆی بری و وەلامی بـانگی دایـەوه و ووتـی :(کـبرت كبيرا لا يقاس ولا يدرك بالحواس ولا شيء أكبر من الله) ،بانگ دەر ووتـی (اشـهد أن لا الـه الاالله) ئیمام ووتی(شهيد بها سمعي وبشري ولحمي و دمي و مخي وعظمي) بانگ دەر ووتی (اشهد ان محمدا رسول الله) ئیمام لەسەر مینبەر رووی لە یزید کردوو فەرمووی ،ئـەی یزیـد ئـەو محمـدەی ناوبـانگ باپیری منه یان باپیری تۆیه ئەگەر بلێ ی باپیری منه،درۆ دەکەی ،وەئەگەر بلێ ی باپیری تۆیه ،ئـەی بۆ وات لێ کردین و ئەهل و بەیتی ئەوت هەموو کوشت ؟

ئینجا ئیمام علي کوری حسین (س) لەسەر مینبەر هاته خـوارەوه ،خەلکـەکـه لـه دەوری کۆبونـەوه دەستیان ماچ دەکرد،بەلام (یزید کوری معاویه) ووتی"ئیقامه بکەن بـۆ نویـژ پـاش ئـەوەی لـه نویـژ بورنەوه (یزید کوری معاویه) فەرمانی دا ،کە ئیمامی علي کوری حسین لەگەلٚ دیلەکانی تر جێگای باشیان بۆ دابین بکەن و نەهێلن کەس نزیکیان بێتەوه تاکو رەوانیان دەکاتەوه.

---

مطری –مطبعة ليلى ١٤٢٧ كوجى ،فضائل الخمسة من الصحاح الستة جزء ٣ ص ٣٩٨ ،تاريخ ابن عساكر جزء ٥ ص ٤١ ،تاريخ ابن كثير جزء ٧ ص ٣٠٦،كنز العمال جزء ٦ ص ٨٨،جزء ٦ ٣٩٢ كنز العال جزء ١١ ص ١٢٣ طبع المطبعة العلمية –بيروت.

[1] الفتوح لابن الاعثم جزء٥ ص ٢٤٩ ،مقتل الخوارزمي جزء٢ ص ٦٩–٧١



Scanned with CamScanner

## ((گەڕانەوەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ)بۆ شاری مەدینە)):

کە خەلیفەی مووسلمانان(یزید) هەستی کرد مانەوەی ئەم دیلانە لە پایتەختی خیلافت کارێکی باش نیەو لەبەرژەوەندی ئەو دانیە،چونکە ئەمانە خەلکی لێ هان دەدەن و خراپەکانیان لێ ئاشکرا دەکەن بۆ خەلك ،بۆیە بڕیاری دا کە بیان گەڕێنتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆیان دەیانەوێ ،بۆ ئەم مەبەستەش بانگی (بشیر کوری خەولەم) ی کردوو تێ گەیاند کە هەموو پێداویستیەکانیان بۆ ئامادە بکات و خواردنی رێگاو تەواوی پاسەوانان و وولاغ و ووشتر هەمووی رێك بخرێ بۆیان،بۆیە (بشیر کوری خەولەم) خەریکی رێك خستنی کەل و پەلی سەفەری رێگا بوو لە پایتەختی خیلافەت،لەوکاتی ئیمام (زین العابدین) (علی کوری حسین) هاتە دەرەوە بۆ دەست نوێژ شووشتن ،یەکێ لە خەلکی شام کە ناوی(منهال)[1] بوو لە ئیمام هاتە پێشەوە و ووتی"ئەی کوری پێغەمبەر(د.خ) ئەم شەوتان چۆن کردەوە؟؟

ئیمام (زین العابدین) فەرمووی ئەی (منهال) عەرەب شانازی دەکات بەسەر هەموو میلەتانی تر کە پێغەمبەر محمد(د.خ) لەوانە،هۆزی قورەیشیش شانازی دەکات بەسەر هەموو هۆزەکانی تری عەرەب کە پێغەمبەر(د.خ) لەم هۆزەیە نەوەی هاشمیش شانازی دەکەن بەسەر هەموو تیرەکانی تری قورەیش چونکە پێغەمبەر(د.خ) لەوانە!

ئێمەش نەوەی ئەم پێغەمبەرەین (د.خ) مافمان زەوت کراوە ،توورە کراوین،پارچە پارچە کراوین ،دەربەدەر کراوین ،دڵ پڕ غەم کراوین،سەر براوین !ئەی (منهال) ئێمە چۆن شەومان کردەوە وەك نەوەی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون!

(يذبحون ابناوهم ويستحون نيساوهم.....) ،(انا لله وانا اليه راجعون) ئەی (منهال) پاشان ئیمام (زین العابدین)سەرەکانی هەمووی لە (یزید)وەرگرتەوە[2] و لەگەل (بشیر کوری خەولەم) کەوتنە رێ بەرەو (کربلاء ) بەلام( بشیر) پیاوێکی دڵ نەرم بوو زۆر رێزی لە ئیمام و دیلەکان گرت ،پاسەوانەکانی خۆی کردە دوو بەش هەندێك لە پێشەوە بڕۆن لە دوای رێپیشان دەر (دەلیل)

---

[1] منهال:یەکی بوو لە هاوەلانی پێغەمبەر(د.خ) بشیر کوری خولم،فتوح ابن اعثم جزء ٥ ص ٢٤٧-٢٤٩ ،مقتل الخوارزمی جز ٢ ص ٦٩-٧١

[2] بەلام میژوو نووسان دەلێن سەری ئیمامی حسین (س) (٣) رۆژان لەسەر رمێك جەقا بوو بەرامبەر خەلك لەشاری (دمشق)ی بایتەختی خەلافەت ،مقتل الخوارزمی جزو ٢ ص ٧٥ ،تاریخ ابن کثیر جزو ٣ ص ٢٠٤، تاریخ ابن عساکر الحدیث رقم ٢٩٦،خطط المقریزی جزو ٢ ص ٢٨٩،الاحتاف بحسب الاشراف ص ٢٣،وسیر اعلام النبلاء جزء ٣ ص ٢١٦



Scanned with CamScanner

وههەندێکیش لەدواوە بڕۆن بە مەرجێ هیچ پاسەوانێك نابێ گوێی لە دەنگ و قسەی ئیمام ویارەکانی بێت ،دەبێ لێیان دوور بن ئەو کاتەی ئیمام و یارەکانی دانیشتن بۆ هەر پێداویستیەك دەبێ پاسەوانەکان لە جێگای خۆیان بووەستن ،بێ پرسیار کردن لێیان ،کە دەستیان بەرۆیشتن کردەوە پاسەوانەکانیش دەست دەکەن بە رۆیشتن،وەنابێ کەس بچێتە لایان تەنیا (بشیر ) خۆی دەچوو بۆ هەر کارێك گەر بیان ویستایە ،بەم شیوەیە رۆیشتن بە رێگای گشتی تاکو نزیك بوونەوە لە (کربلاء ) ،ئینجا خەڵکانێکی زۆریان دیت هاتبوونە سەر لاشەو گۆڕی ئیمامی حسین و هاوەڵانی لە دێ (غاضریة)و دێیەکانی نزیك (کربلاء )،کە خەڵکەکان چاویان بەم سوار ئەسپانە کەوت هەموویان هەڵاتن و رایان کردوو گۆڕەکانیان بەجێ هێشت! لەترسی ئەمەویەکان ! تەنیا یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) کە ناوی(جابر کوری عبدالله الانصاری) بوو لەسەر گۆڕی ئیمام حسین مایەوە ،دەستی کرد بە گریان و ووتی"سوێند بەخوا من نارۆم گەر بێت و ئەمەویەکان لێرە بم کوژن! ئینجا کە نزیك بوونەوە (جابر کوری عبدالله الانصاری) ئیمام علی کوری حسینی بینی زیاتر گریاو هاواری کرد کە ئەم خەڵکە هەمووی هەڵاتن لە ترسی ئەمەویەکان،نەیان زانی ئێوەن ! دواتر خەڵکەکە بەرەبەرە هاتنەوە کە زانیان ئەمانە لەشکری ئەمەوی نین ! هەموویان یارمەتی ئیمام (زین العابدین)یان دا تاکو هەموو سەرەکانی خستەوە ناو گۆڕی خۆیان ،وەنوێژی لەسەر کردن و ناشتنی تەواوی بۆ کردن ،وە(عبدالله) ی شیرە خۆری کوری ئیمام حسین لەسەر سینگی ئیمام حسین ناشت لەناو یەك گۆردا وە(ابو فضل العباس) ی لەشوێنی خۆی ناشت ،واتە لەو شوێنەی کە لێ ی شهید کرابوو ! پاشان ئیمام(زین العابدین) بە (بشیر) ی ووت"دەگەڕێینەوە بۆ شاری (مەدینە) ئینجا رێگای شاری مەدینەیان گرتە بەر ،چەند رۆژانێك رۆیشتن تاکو نزیك بوونەوە لە شاری مەدینە ،ئینجا ئیمام(زین العابدین) ووتی" لێرە بێخن و خێمە هەڵدەن ،ئیمام بانگی (بشیر)ی کردوو پێ ی ووت"ئەی (بشیر) باوکت شاعیر بوو رەحمەتی خودای لێبێ ،ئایا تۆ هیچ شعر دەزانی ؟ (بشیر) ووتی" بەڵێ ئەی کوری پێغەمبەر(د.خ) منیش شاعیرم ئیمام ووتی"کەواتە تۆ برۆ بۆ شاری مەدینەو پێیان بڵێ و کە ئیمامی حسین کوژراو ئێمەش وا لێرەین! (بشیر) سواری ئەسپەکەی بوو،هەر بە غاردان تاکو گەیشتە شاری مەدینە،چووە پێش مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) ،و بەدەنگێکی بەرز و بە گریانەوە ووتی"

| | |
|---|---|
| یـا أهـل یـثرب لا مقلم لکم بـهـا | قـتـل الحسیـن فـأ دمـعـی مدرار |
| الجسـم مـنـه بکـربـلاء مـضـرج | والــرأس مـنـه عـلـی القناة یدار |

واته:ئەی خەڵکی مەدینە (یثرب) ئەم شوێنە بە خۆتان هەڵنەگرێ( حسین) کوژراوە و فرمێسکم وەکو باران دێتە خوارەوە.

لاشەکەی لە (کربلاء) لە خوێن ئالآوە و سەرەکەش لە سەر رمان بەرزکراوەتەوە لە شاران دەیان سوڕاند پاشان ووتی"ئەمە(علی کوری حسین)ە والەم نزیکانەیە لەگەل پورەکان و پلەکەکانی و منداڵەکان ،منی ناردووە تا پێتان بڵێم!! (بشیر) ووتی"سوێند دەخۆم بوو بە هاوار و قیژە لەم شارە گەورە و بچوك و ژن و پیاو کچ و کوڕ هەمووی بە سواری و پیادە بەغار هاتن بە گریانەوە وە دەڵێ هەندێکیان پێش من گەیشتنە لای ئیمام (علی کوری حسین) !

وە دەڵێ من هیچ رۆژێکم نەدیوە لە ژیانم وەکو ئەم رۆژی تاڵ بێ لەسەر خەڵکی شاری مەدینە !

(بشیر) ووتی" کە گەرامەوە زۆر کەسم دیت پێش من لەوێ بوون،من تەماشای ئیمام (زین العابدین)م کرد لە خێمەکەی

هاتە دەرەوە کە دەسەسرێکی بەدەستەوە بوو فرمێسکی خۆی پێ دەسریەوە ،دەستی بلند کرد بۆ خەڵکەکە و پێ ی ووتن دانیشن ئەوانیش هەمووی دانیشتن تاکو خەڵکێکی گەلەك زۆر لەوێ کۆبۆوە !!



Scanned with CamScanner

ئینجا ئیمام (زین العابدین) فەرمووی:

(الحمدللة رب العالمين مالك يوم الدين ،يارب الخلائق اجمعين،الذى بعد فـارتفع فـي السموات العلى و قرب فشهد النجوى،نحمدة على عظائم الامور و فجائع الدهور ،وجليل الرزء و عظيم المصائب،ايها القوم ان الله وله الحمد ابتلانا بمصـيبة جليلـة وثلمـة فـي الاسلام عظيمة،قتل ابو عبدالله و عترته،وسبى نسائة وصبيته،وداروا براسه في البلدان من فوق عالى السنان ،ايها الناس فأى رجالات يسرون بعـد قتلـه ،وايـة عـين تحـبس دمعهـا وتضن عن أنهما لها ،فلقد بكت السبع الشداد لقتلة ،وبكت البحار والسموات والارض والاشجار والحيتان،والملائكة المقربون واهل السموات أجمعون!! أيهـا النـاس أى قلـب لاينصدع لقتله؟

أم اى فؤاد لا يحن اليه ام اى سمع يسمع هذة الثلمة في الاسلام فلا يصم؟

ايها الناس اصبحنا مطرو دين ،مشردين ،مذودين،شاسعين،كأنا اولاد ترك أوكابل !!

من غير جرم اجترمناه،ولا مكروه ارتكبناه ،ماسـمعنا بهـذا فـي ابائنـا الاولـين،ان هـذا الا اختلاق ،والله لو أن النبي (ص) تقدم اليهم في قتالنا كما تقدم اليهم في الوصاية بنا لما زادوا على مافعلوا فانا لله وانا اليه راجعون).



Scanned with CamScanner

## ((ئیمام زین العابدین لە شاری مەدینە)):

مێژوو نووسان دەگێڕنەوە کە ئیمام زین العابدین (علی کوری حسین) سڵاوی خودای لەسەر بێت،ماوەی چل ساڵ بە ڕۆژوو بووە و شەوان شەو نوێژی کردووە ،وەلەکاتی بەربانگی ئێواران ،خواردنیان بۆ دادەنا ،نەی دەخوارد و فرمێسکی دەهاتە خوارەوە و دەی ووت باوکم کوری پێغەمبەر(د.خ) بوو کوژرا بە تینوەتی،ئاویان نەدایە،تاکو دڵی دادەکەت یادی ئیمام حسین(س) ی دەکردەوە ،پاشان نانەکەی دەخوارد یەکێ لە خزمەت کاران دەڵێ ڕۆژێکیان (ئیمام زین العابدین)م بینی ڕووی کردە چۆڵ و بیابان ،منیش لە دوای چووم بە نهێنی پاشان بینیم کە سوژدەی برد لەسەر بەردێکی دڕ منیش لێ ی چوومە پێش ،بەڵام ئاگاداری من نەبوو گوێم لە دەنگی هەناسە بڕکێ ی بوو،ئەم ووتەی دوو بارەدەکردەوە (لا الە الا الله حقا حقا،لا الە الله تعبدا ورقا،لا الە الاالله ایمانا وتصدیقا) ژماردم تاکو هەزار جار دووبارەی کردەوە ،پاشان سەری بەرز دەکردەوە کە روانیم هەموو دەم و چاو و ردێنی تەڕ بوو بوون لەناو فرمێسکەکانی ووتم گەورەم بەس نیە ئەم گریان و غەمباریە ،تاکەی وادەکەی ؟

ئیمام فەرمووی"هاوار بە ماڵت یعقوب کوری اسحاق کوری ابراهیم ،پێغەمبەر(د.خ) بوو وەکو کوری پێغەمبەر بوو،دوانزە کوری هەبوو ،یەکێکیان بزر بوو،سەری و ریشی سپی بوون ،پشتی چەماوە ،چاوەکانی کوێر بوون لەبەر گریان ،کورەکەش لەژیان مابوو! بەڵام من باوکم و براکانم (١٧) کەسم دیت لە ئەهل و بەیتی خۆم بەکوژراوی بەبێ سەر وەکو قوربانی لە پێشم درێژ کرابوون ،چۆن غەم وپەژارەم کۆتای دێت[١] (ئیمام زین العابدین)شۆرشی ئیمامی حسینی لە خەڵك دەگەیاند ،بە هەموو گفتارو کردەوەی خۆی،بە درێژایی ژیانی ئیمام حسین لە بیرنەکردووە !ڕۆژێکیان لە بازاری گۆشت فرۆشان دەسوڕایەوە ،بینی قەسابێك کوشتەیەك دەکوژێتەوە (ئیمام زین العابدین) ڕاوەستاو تەماشای قەسابەکەی کرد،بینی قەسابەکە هەندێ ئاوی بۆ کوشتیەکە هێنا پێشەوە ،پێش ئەوەی سەری ببڕێ!

(ئیمام زین العابدین) دەستی کرد بە گریان و قەسابەکە وای زانی هەڵەیەکی شەرعی کردووە بۆیە لە ئیمامی پرسی ئەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ) من چی هەڵەیەکم هەیە تۆ ئەوەندە سەیرم دەکەی ئیمام

---

[١] مثیر الاحزان ص ٩٢،اللهوف ص ٨٠،معالم المدرستین جزء ٣ ص ٢١٥



Scanned with CamScanner

فەرمووی"نەخێر بەڵام باوکم ئیمامی حسین(س) کە کوشتیانەوە داوای ئاوی کرد نەیان دایێ ئینجا قسابەکەو دوکاندارانی دەوروبەر هەموو دەستیان بە گریان کرد!

(ئیمام زین العابدین) زۆر دوعای دەکرد لەبەر خودا دەپاڕایەوە ،بە تایبەتی لەوکاتەی کە خەڵك نووستوون ناوبانگی دەرکرد بە دوعاکانی و کە سەرنجی ووردوو دەبرینی جوان ،ووشەی کورت و پرمانای بەکارهێناوە ،هەندێك لەدوعاکانی کۆکراوەتەوە لەناو کتابێك بەناوی ((الصحیفە السجادیە) کە زانایان ناویان لەم کتابە ناوە (زەبور ئال محمد(ص) (ئیمام زین العابدین) زۆر حەزی دەکرد کە سوزدەی دوورو درێژ ببات ،کە ئەوانەی لێ ی نزیك بوون ،دەیان ووت پاش نوێژی بەیانیان زۆر جاران سەیرمان دەکرد سوزدەیەکی دەبرد بۆ خودا سەری بەرزنەدەکردەوە تاکو پاش رۆژهەلاتن کە دەهاتە زیارەتی (کەعبە)ی پیرۆز خەڵکان تێکرا رادەوەستان بۆی و ڕێگایان دەگرت تاکو بە دڵی خۆی دەگەیشتە لای (حجر الاسود) بەردە رەشەکە وەزیارەتی دەکرد و دەگەڕایەوە ئینجا خەڵکەکە دەستیان بە سوڕانەوە دەکردەوە.

مێژوو نووسان دەگێڕنەوە لەکاتی کە (ولید کوری عبدالملك) خەلیفەی مووسلمانان بوو (هیشام کوڕی عبدالملك)ی برای لەگەڵ چەندەها پیاو ماقولانی شام هاتن بۆ زیارەتی حەج،کە گەیشتنە بەرامبەر(کەعبە) لە شاری مەککە (هیشام) وویستی زیارەت بکات بۆلای بەردە رەشەکە هات،بەلام لەبەر زۆری ئەم خەڵکە ،کەس رێی پێ نەداو نەیتوانی لەناو ئاپۆڕی خەڵك خۆی بگەیەنێتە(بەردە رەشەکە) بۆیە بەسەر خۆی نەهێنا کە خەڵك رێزیان لێ نەگرت (هشام) ووتی چەند کورسیەکمان بۆ دانێن دیمەنێکی گەڵەك جوانە جارێ دەمەوێ هەندێك سەیری ئەم دیمەنە پیرۆزە بکەم و دواتر کە چۆڵ بوو زیارەت دەکەم ،کورسیان بۆ دانان و خەڵکانێکی زۆر لە دەوریان بوو،لەوکاتی ،ئیمام زین العابدین-علی کوری حسین) بەدیار کەوت چاوی خۆی دایە بەردە رەشەکە خەڵکان وەکو شەپۆلی دەریا لەم لاو لەولا بۆی راوەستان و ڕێگایان بۆ کردەوە تاکو بە هەوەستی خۆی گەیشتە بەردەکەو زیارەتی کردوو گەڕایەوە ئینجا شەپۆلەکانی خەڵك خۆی لێك داوەوە ،پیاو ماقولانی شام سەریان سووڕ ماو لە رێزی ئەم پیاوە لەناو خەڵك کە چۆن ئەم خەڵکە ڕێگەی بە (هشام کوری عبداللمك) نەدا ......بەلام ڕێگا بەم پیاوە دەدەن ئاخۆ ئەوە دەبێ کێ بێت! بۆیە پرسیار لە (هشام) کرا ئایا ئەم پیاوە بەرێزە کێ یە خەڵك وارێزی دەگرن بەم شێوەیە؟



Scanned with CamScanner

(هشام كوری عبدالملك) ووتی"من نای ناسم ونازانم كیٚیه ؟كهچی دهی ناسی ،بهلاٚم لهترسی پیاوه ماقولاٚنی شام نهویٚرا ناوی بلیٚ نهخوٚ ریٚزی ئهویان لازیاتر بیٚت له ریٚزی خوٚی شاعیریٚكی ناودار كه ناوی (فرزدق)ه ئهوكاتی لهویٚ وهستا بوو ؟

به دهنگیٚكی بهرز (فرزدق) ووتی"لهمن بپرسه ..ئهی خهلٚكی شام ....من دهزانم ئهوه كیٚ یه و پیٚت دهلیٚم ؟

ئینجا (فرزدق) ئهم چهنده دیٚره هوٚنراوه بهناوبانگهی ووت بهرامبهر هیشام و ماقولاٚنی شام بهلاٚم كه لیٚ بوٚوه زیندانی كرا لهلایهن هشام ؟

هذا الذی تعرف البطحاء وطأته    والبیت یعرفه والحل والحرم
هذا ابن خیر عباد الله كلهم    هذا التقی النقی الطاهر العلم
یكاد یمسكه عرفان راحته    ركن الحطیم اذا جاء یستلم
اذا رأته قریش قال قائلها    الی مكارم هذا ینتهی الكرم
ولیس قولك من هذا بضائره    العرب تعرف من انكرت والعجم
أی الخلائق لیست في رقابه    لأولیة هذا أولیه نیعم
من یعرف الله یعرف أولیة ذا    فالدین من بیت هذا ناله الأمم
مشتقة من رسول الله بنعته    طابت مغارسه والخیم والشیم
من معشر حبهم دین وبغضهم    كفر وقربهم منجی و معتصم
مقلم بعد ذكر الله ذكرهم    في كل بر ومختوم بة الكلیم
أن عد أهل التقی كانوا أئمتهم    أوقیل من خیر خلق الله قیل هم[1]

كه (هیشام كوری عبدالملك) گویٚ ی له (فرزدق) بوو،ئهم هونراوهی ووت له پیٚش پیاوه ماقولاٚنی شام و خهلٚكی مهككه،دهست بهجیٚ فهرمانی دا (فرزدق)زیندانی بكریٚت ،چونكه والی شاری مهككه لهویٚ وهستا بوو ،ههر به پهله (فرزدق) دهستی بهستراو راپیٚچی زیندان كرا!!

بهلاٚم چهند روٚژیٚك (فرزدق)له زیندان ئهم دوو دیٚره هوٚنراوهی ووت و به (هیشام كوری عبدالملك) یان گهیاند ئینجا فهرمانی دا ئازاد بكریٚ ،ئهمهش دوو دیٚرهكهیه:

[1] دیوان الفرزدق جزء ٢ ص ١٨٠،طبع دار صادر فی بیروت.

أتحبسني بين المدينة والتي اليها قلوب الناس يهوى منيبها

يقلب رأساً لم يكن رأس سيد وعيناً له حولاء باد عيوبها

واته:تۆ من زیندانی دەکەی لەم شارە پیرۆزە کە دڵی هەموو خەڵك بۆ ئەم شوێنە دێت،وەمن پیاوێکی بە ناوبانگ و گەورە نیم تازیندانیم بکەی بەڵکو چاو خێلێکی پڕ کەم و کورتیم کە (ئیمام زین العابدین) بەم قسەیەی زانی (١٠) دە هەزار درهەمیان هەبوو ،هەمووی لەناو پەڕۆیەك پێچاو ناردی بۆ (فرزدق) بەڵام (فرزدق) وەری نەگرت،ووتی"سوێند بەخوا من لەبەر هیچ پاداشتێك ئەم هۆنراوەم نەووت،تەنیا وویستم ووشەی راستی بڵێم بەرامبەر ئەو پیشەوا ستەمکارە ،ئەم قسانەم بۆ خودا کرد بەڵام (ئیمام زین العابدین) دیسان بۆی رەوانکردەوە فەرمووی ئێمە ئەهل و بەیتین گەر شتێکمان نارد بۆ یەکێك نابێ بیگێڕنەوە ،چونکە ئەو لەسەر ئێمە زیندانی کراوە و ووشەی راستی درکاندووە بەرامبەر نەیارانمان بۆیە دەبێ وەری بگری ئینجا (فەرزدەق) پارەکەی وەرگرت .



Scanned with CamScanner

((سەری عبیداللە کوری زیاد کەوتە ژێر دەستی ئیمام زین العابدین):

(مختار کوری عبید الثقفی) شۆڕشێکی گەورەی هەڵگیرساند بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئیمامی حسین و یارانی،وەتوانی سەرکردە گەورەکان بکوژێ،لەوانە(عبیداللە کوری زیاد)و(عمر کوری سعد)و (حصین کوری نمیر) وەسەری هەرسێکیانی بڕی و لەناویان سەری(عبیداللە کوری زیاد)کردە دیاری بە پیاوێکی خۆی ڕەوانی شاری مەدینەی کرد بۆ لای (ئیمام زین العابدین) وەبە نێراوەکەی خۆی ووت ،کە گەیشتی،بڕوانە لەم کام دەرگا خواردن دەبەن بۆ (ئیمام زین العابدین) تۆش لەم دەرگە برۆ ژووریَ،چونکە هەموو میوانان و خەڵك دەچنە ژوورەوە بە دەنگی بەرز ووتی "ئەی ئەهل و بەیتی پێغەمبەری خودا،ئەی شوێنی هاتنە خوارەوەی فریشتەکانی خودا و دابەزینی سروش،ئەی کانگای پەیامەکانی خودا،من نێردراوی (مختار کوری عبید الثقفی) م سەری(کوری زیاد)م بەدیاری هێناوە بۆتان ،ئەو سەرەی کە فەرمانی دەدا ئیمام حسین و یارانی لەت و پەت کرێن و هەمووی کوشتن!!

ئینجا بوو بە هەرا لەناو (تیرەی هاشم) گەورەو بچوك هاتنە پێشەوە ئەویش سەرەکەی دەرهێناو لە پێش دەستی (ئیمام زین العابدین)ی دانا ئیمام کە دیتی فەرمووی دووری کەنەوە لێم ،خودا دووری خاتەوە بۆ ناوئاگرِ!

وەمێژوو نووسان دەڵێن نەمان دیوە پاش کوژرانی ئیمام حسین(س) کە جارێکیش (ئیما زین العابدین) زەردەخەنە بیگرێ بەڵام لەو رۆژی زەردەخەنە دای گرت و بڕیاری دا لەو رۆژی ئەو هەموو میوەجاتەی ئەو کە لەشام بارکرابوو گەیشتەوە شاری مەدینە هەمووی لە ڕێگای خودا دابەش بکرێت بەسەر خەڵك .

وەبوو بە جەژن لەنێو ژن و ماڵ و منداڵانی ئیمام حسین و هەموو تیرەی هاشمیەکان .

((دەرەنجامەکانی شۆڕشی ئیمام حسین(س) )):

ئیمامی حسین(س) گەورەترین کەسایەتی موسڵمانی سەردەمی خۆی بوو،وە هەروەها پیرۆزترین کەسایەتی بوو کە مووسڵمانان چاویان تێ بڕیبوو ،هەستی بە لێپسراوی خۆی کردوو بینی کە ئۆمەتەکەی بێ دەنگەو ورتەی لێوە نایەت بەرامبەر ئەو هەموو ستەم و زۆرداریەی دەسەڵات داران ،زانی گەر بەم شێوەیە بڕوات مووسڵمانان بەرەو دوور کەوتنەوە لە ئاین و ،بزرکردنی ڕێگای خوداو،جێبەجێ نەکردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر(د.خ) ،بەڕەوا زانینی کاری ستەمکاران جێگیر



Scanned with CamScanner

دەبێت لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانان، بۆیە لەو سەردەم کۆمەڵگەی موسلمانان پێویستی بە هەژانێکی گەورە هەبوو، کە دڵ و دەروونی تێکرای ئەم خەڵکە بهەژێنێ ،خەڵکان لەدەریای خەو بەئاگابهێنێ،سەرنجی ئەم خەڵکە ڕابکێشی بۆ گەڕانەوە بۆ ڕاستی و درووستی،بۆ پاکی بۆ ڕەوایی بۆ دادپەروەری بۆ یەکسانی،بۆ هەموو ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەری(د.خ) خۆشەویست!

بۆیە خوێنی خۆی و ئالی پاك و یارانی دڵسۆزی خۆی کردە قوربانی بۆ ئەم مەبەستە ،بۆ ئەم مەبەستە پلان بۆ دارێژراوە لەلایەن خوداو پێغەمبەر(د.خ) ،وەبەڵگەی ئەم شەهید بوونەی لە تەورات [1] و ئینجیلیشدا [2] هەیە،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حەزرەتی جبرائیل (س) بە پێغەمبەری(د.خ) خۆشەویستی ڕاگەیاندبوو کە شەهید دەکرێ !! و پێغەمبەر(د.خ) بە(ام سلمە)ی ڕاگەیاند بوو ،باسی شەهید کردنی ئیمام حسین ! هەروەها (ئیمامی علی) سلاوی خودای لەسەر بێت لەشەری سەفین کە لەو شوێن هاتە خوارەوە ،هەموو جێگاکانی دەست نیشان کرد بۆ یارەکانی خۆی ،ئەوانیش سەریان سوڕما لەم کارەی (ئیمامی علی) ،ئەمەو سەرەرای ئەم هەموو ئامۆژگاریانەی ئەم خەڵکە کە بە (ئیمامی حسین)یان ووت"مەڕۆ بۆ عێراق ،بەڵام چونکە ئەو لە هەموو کەسێك شارەزاتر بوو ،وەدڵنیا بوو لە ئەنجامدانی ئەم کارەی خودایی بۆیە لە کاتی لەشاری (مەککە) هاتە دەرەوە باسی پێشکەش کردنی سەری(یحیی) پێغەمبەری(د.خ) گێرایەوە بۆیەکێ لە ستەمکارانی جوولەکە !وەبەو کەسانەی دەووت کە لە گەڵی دابوون ،ئەوەی کە لەگەڵ من بێت شەهید دەبێ وەئەوەی بگەڕێتەوە لەم سەرکەوتنە لە شەهادە بێ بەش دەبێ !

وەچەند جاران دەیووت (أن کان دين محمد(ص) لم يستقيم الا بقتلي....فيا سيوف خذيني) [3] واتە: (گەر ئاینی پاکی پێغەمبەرڕاست نەبێتەوە تەنیا بە کوشتنی من نەبێ ئەی شمشێر وەرە بمگرە خۆ) نەخۆ هەر ئیمام ئەنجامی ئەم کارەی لە پێش چاوو ڕوون بوو ! دەیویست ویستی خودایی ئەنجام بدات ،بەڵکو یارەکانی لەم هەموو مەبەستە گەیشت بوون بۆ وێنە ابو(الفضل العباس)ی برای ئیمامی حسین کە دێتە مەیدان ،هاوار ناکات بلێ من بەرگری لە براکەم دەکەم بەڵکو دەڵێ"

أني ابدا احامي عن ديني–وعن امام صادق يقيني

---

[1] تورات :سفر التكوين ،الاصحاح ١٧،أية ٢١ ،اصحاح ٤٦ من سفر ارميا (للسيد ذبيحة بشط الفرات)

[2] الانجيل:الاصحاح ١٢ أية ١ في رؤيا يوحنا

[3] معالم المدرستين/ العلامة السيد مرتضى العسكرى /جزء ٣ ص ٢٨١



Scanned with CamScanner

واتە:بەرگری کردنی من لەسەر ئاینەکەمەو لەسەر ئەو پێشەوایەیە کە لە ناخی دڵم بڕوام پێیەتی کە پێشەوای ڕاستیە!

بەڵام سەد دەرسەد لەشکری ئەمەوی پێچەوانەی ئەم بیرو بۆ چونەبوو ،ئامانجیان دوا ڕۆژ نەبوو،وەرەزامەندی خودا نەبوو! بەڵکو تەنیا ئاواتی دونیا و ڕازی کردنی چەند سەرکردەیەکی گومڕا لە خۆیان بۆ وێنە:(عمر کوری سعد) فەرماندەی گشتی سوپای ئەمەوی دەڵێ"(اشهدوا لی عند الامیر انی اول من رمی)واتە:شایەدیم بۆ بدەن لای سەرکردە(عبیداللە کوری زیاد) کە من یەکەم کەس بووم تیربارانم کردن،تاکو پاداشی باشی بداتێ ،بەڵام خودا چی لێ دەکا ئەمە شتێکی ترە!وە (سنان کوری انس) کە دێت و سەری ئیمامی حسین(س) دەبڕێ سەرەکە بەسەر ڕم بەرز دەکاتەوە پاشان بە سواری ئەسپ دەسوڕێتەوە و دەڵێ :

اوقر رکابی فضة وذهبا — انا قتلت الملك المحجبا
قتلت خیر الناس اما وابا — وخیرهم اذ ینسبون نسبا

واتە:ڕکابی وولاغەکەم پڕ بکەن لە زێرو زیو چونکە من فریشتەیەکی پۆشراوم کوشت کەسێکم کوشت خاوەنی باشترین دایك و باوکە لە دونیا وەڕەچەڵەکی ئەو لە هەموو کەسێك باشترەبۆیە(عمر کوری سعد) بانگی کردوو ووتی"هەی گێلە تۆ دەزانی چی دەڵێ ی ؟

ئەگەر وایە بۆ کوشتت !!من شایەتی دەدەم کە تۆ شێتی گەر (عبیداللە) گوێ ی لە قسەکانت بێ لەسەرت دەدات ئەوان دەیانزانی کە ئیمامی حسین یەکێکە لە پیاوانی بەهەشت و ئێستا لەسەر خاك دەڕوات بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) بەڵام چی دەکەی!(وجحدوا بها واستیقنتها انفسهم ظلما وعلوا..)[1] وەبە شەهید کردنی ئیمامی حسین(س) بۆ هەموو خەڵك ڕوون بۆوە کە (یزید کو ی معاویە) شایەنی خیلافەت نیە ،دەتۆ تەماشا بکە لە کتابی (مروج الذهب) ی(مەسعودی) کە دەڵێ لەوکاتەی ستەم و زۆرداری یزید و والیەکان و هەموو خەڵکی گرتەوە،وەئاشکرا بوو بۆ خەڵك کە یزید (فاسق)ە وەکوری کچی پێغەمبەر(د.خ) کوشت لەگەڵ هاوەڵەکانی ،وەبێ ترس مەی

[1] سورة النمل :١٤



Scanned with CamScanner

دەخواردەوە ،لەسەر ڕەوشتی (فرعون)دەڕۆیی بۆیە (عبداللە کوری زبیر) کوری عەوام ڕازی نەبوو بە خیلافەتی (یزید) وەناوی لە یزید نابوو (السکیر الخمیر) وەکە (عبداللە کوری زبیر) زانی ئیمامی حسین(س) کوژراوە لەگەڵ هاوەڵەکانی ،بڕیاری شۆرشی دا لەشاری مەککە و والی شاری (مەککە)ی زیندانی کرد خۆی بووە فەرماندەو خەڵکی شاری مەککە هەموو هاتنە لای هەر کەسێك بەجۆرێك گوێ ڕایەڵی خۆی دەردەبری بۆ (عبداللە کوری زبیر) و پاشگەز دەبۆوە لە گوێڕایەڵی بۆ (یزید) ،ئینجا شاری مەککە بەتەواوی لە دەست ئەمەویەکان دەرچوو،عبداللە کوری زبیر کەعبەکەی فراوان کرد و ڕێکی خستنەوە ،ئینجا نامەیەکی نارد بۆ شاری (مەدینە) داوای لێ کردن ئەوانیش دژی ئەمەویەکان شۆرش بکەن و یارمەتی (عبداللە کوری زبیر) بدەن ،کە نامەکە گەیشە دەست (عبداللە کوری حنظلة) [1] ئەویش خەڵکی مەدینەی کۆکردەوە ووتی"(یاقوم اتقوا الله ماخرجنا علی یزید حتی خفنا أن نرمی بالحجارة من السماء ..یزید یشرب الخمر ویدع الصلاة).

واتە:ئەی خەڵکینە لەخودا بترسن ئێمە دەرنەچووین لە دژی یزید تاکو ترساین کە خودا لە ئاسمان بەردبارانمان بکات چونکە ئەو مەی دەخواتەوە و واز لە نوێژ دێنێ،وەشاری مەدینەی پیرۆز هەمووی لە گریان و ڕەش پۆشی دەژیان بەهۆی کوشتنی ئیمامی حسین(س) بۆیە کاتەکە زۆر گونجاو بوو،بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە(عبداللە کوری حنظلة) کۆبێتەوە و دژی (یزید) بوەستێ وبەم جۆرە شاری مەککە و مەدینە لە ژێر فەرمانی ئەمەویەکان دەرچووکە (یزید کوری معاویە) بە دەنگ و باسی شاری مەککەو مەدینەی زانی لەشکرێکی (١٢) [2] هەزار کەسی بۆ ڕەوان کردن تاکو ئاژاوەی ئەم دوو شارە هێمن بکاتەوە بەم جۆرە کە لەشکرەکە گەیشتە شاری(مەدینە) لە پێشدا ،بەڵام من نامەوێ باسی ئەم لەشکرەو ڕەوشتەکانیان و چی بەسەر شاری مەدینەی پیرۆزیان هێنا و چەند هاوەڵی پێغەمبەرو تایفیان کوشت و بەچ شێوەیەك هەلسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکەکە کرد،ئەوەی جێی دێلم بۆ خوێنەری بەرێز کە ئەم باسە بخوێننەوە لە شەڕی (واقعە الحرە) [3] ،وەتوانیان (عبداللە کوری زبیر) لەناو

---

[1] (عبداللە کوری خنظلة) حنظلة هاوەڵی پێغەمبەر بوو،لە شەڕێکا شەهید کراو پێغەمبەر(د.خ) ناوی لێ نابوو (غسیل الملائکە)،ئەم هاوەڵە بەم ناوە ناوبانگی دەرکردبوو (عبداللە) کوری ئەم پیاوە بوو ،بۆیە دژی ئەمەویەکان هەلساو شاری مەدینەی خستە ژێر دەستی خوی،دەسەلاتی یزید لەسەریان نەما

[3] فەرماندەی ئەم لەشکرە هەر وەکو لە مێژووی طبری دا هاتووە ناوی (مسلم کوری عقبە) بوو،کە شاری مەدینەی هێنایە سەر فەرمانی (یزید) بەرەو(مەککە) کەوتە رێ و لە ڕێگا مرد،بەلام پێش مردن بانگی (حصین کوری نمر)ی کرد لە شوێنی خوی دایناوو پێ ووت ئەی کوری کەر (سوێند بەخوا



Scanned with CamScanner

کەعبە بکوژن پاش ئەوەی کەعبەیان دایە بەر (مەنجەنیق) و ئاگری تێبەر بوو [1] وەپاش تێپەر بوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر شەهید کردنی ئیمامی حسین (س) شۆرشی(التوابین) دەستی پێ کرد بەناوی (یالثارات الحسین) واتە تۆڵە کردنەوەی ئیمامی حسین(س) ئەم شۆرشە بە سەرکردایەتی (سلیمان کوری صردی خوازعی) و(مسیب کوری نجیە الفزاری) بوو لەشەرِی (عین الوردە) شەرِێکی گەورەیان لەگەڵ ئەمەویەکان کردو زۆر لەو سەرکردە و کەسانەی بەشداریان کردبوو دژی ئیمامی حسین(س) لەم شەرە کوژران!

پاشان شۆرشی تر دەستی پێ کرد لە ساڵی(٦٥) کۆچی بە سەرکردایەتی (مختار کوری عبیدە الثقفی) و(ابراهیم کوری مالك الاشتر) ئەمانە توانیان هەموو سەرکردەکانی ئەمەوی بکوژن کە بەشداریان کردبوو دژی ئیمامی حسین(س) ،وەسەری (عبیداللە کوری زیاد) یان بە دیاری نارد بۆ ئیمامی (زین العابدین) لە شاری مەدینە وە سەری(عمر کوری سعد) و(حصین کوری نمیر)یان برِی و چەندانی تر پاشان شۆرشی(زید کوری ئیمام زین العابدین)دەستی پێ کرد و زۆربەی زۆری زانایانی موسلمانان پشتگیری ئەم شۆرشەیان کرد،دژی دەولەتی ئەمەوی،دیسان شۆرشی(یحیی کوری زید کوری ئیمام زین العابدین)!!

وەلە کۆتایی دا شۆرشی گەورەی (عەباسیەکان) کە هەر بەناوی تۆ لەسەندنەوەی ئەهل و بەیت بوو دژی ئەمەویەکان ،ئەمە لەسەرەتای شۆرشەکە تاکو چەسپاو خۆیان توند کرد ،پاشان هەروەکو ئەمەویەکان کەوتنە بەربەرەکانی کردنی ئەهل وبەیت ولایەنگرانی ئیمامەکان! هەر چۆنێ بێ شۆرشی ئیمامی حسین (س) هەموو پەند وئامۆژگارییە بۆ هەر کێ کە لە راستی بگەرێ ،تێ دەگا هەمەلایەنیە،سەرکردەی گەورەی گەنجانی بەهەشتە یارەکان بریتی بوون لە منداڵ و جوان و گەنج و جوامێرو پیرو نەخۆش و منداڵی شیرە خۆرەش تێیدا شەهید کرا،دوژمنەکانیان ئەو پەری درِندایەتیان بەکار هێناوە لە هەڵسوکەوت کردن لە گەڵیان ،ئەوانیش بە دڵێکی گەورەو میهرەبانەوە سەیری ئەم خەڵکەیان دەکرد و فرمێسکیان لەچاوان دەهاتە خوارەوە بۆیان چونکە بە هۆی ئەوانەوە دوچاری

---

کەر بەدەستی من بایە توم دانەدەنا ،بەلام فەرمانی (یزید)ە چی بکەم ئەمە پێش شورشی موختار بوو .تاریخ طبری جزو ٧ ص ١٤،تاریخ ابن الاثیر جزو ٣ ص ٤٩ ،وتاریخ ابن کثیر جزء ٨ ص ٢٢٥

[4] تاریخ ابن کثیر جزو ٦ ص ٢٣٤ سیوطی تاریخ الخلفه ٢٠٩ تاریخ الطبری جزء ٧ (عبدالله )

٥ مروج الذهب للمسعودی جزء ٣ ص ٧١-٧٢ ،تاریخ یعقوبی جزء ٢ ص ٢٥١-٢٥٢ ،تاریخ الخمیس جزء ٢ ص ٣٠٣ ،تاریخ السیوطی ص ٩،سعالم المدرستین للسید مرتضی العسکری جزء ٣ ص ٢٤٣



Scanned with CamScanner

ئەشکەنجەو ئازاری خودایی دێن،وەلەلایکی تر ووتەو بانگەوازییەکانی ئیمامی حسین(س) هەر بۆ کاتی خۆی نەبوو بەڵکو بۆ هەموو ئان و ساتێکە تا دونیا ڕۆژێك مابێ ،تۆ بیر کەوە لـەم ووتەیـەی(مثلـي لايبــايع مثلــه) واتــە :هــەر کەســێ وەکــو مــن بــێ (ئــازادبێ) یــەکێکی وەکــو ئــەو (یزیــد) ە هەڵنابژێرێ،ئەمەرێ پیشان دانە بۆ تەواوی خەڵك ،گەر مووسلمانیش نەبێ،بۆیە(غاندی) سوودی لە ووتەکانی ئیمام وەرگرتووە!

وەهەندێ جار واباس دەکرێ کە ئەم شۆڕشە زیاتر لە هەزار ساڵی بەسەردا تێ پەڕیوە ئـیتر پێویسـت ناکات ئەوەندە پێیدا هەڵبگوترێ ؟

ئێمە بەژداریمان نەکردووە و لەوکات وسات نەژیاوین!خودا دەستی ئێمەی پاك کردۆتەوە لـە خـوێن ڕشتنیان دەبا دەمیشمان پاك بێت لە باس کردنیان ؟؟

بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوە خۆدزینەوەیە لە هەست کردن بـە لێپسـراوی ،چـونکە ئێمـە هـەمومان دەزانین کە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ (المرو مع من احب) واتە مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەیە کـە خۆشـی دەوێ وەلە فەرموودەیەکی تردا (د.خ) دەفەرموێ:گەر یەکێك بکوژی بێتاوان لە ڕۆژهەلات یەکێك لەرۆژئاوا پێ ڕازی بێت ئەوەیە بەشدارە لەم کوشتنە ،بۆیە لـەورۆژەی ئـەم مەرگەسـاتە ڕووی داوە تاکو ئێستا خەڵکان بە کۆمەڵ یادی دەکەنەوە بۆ دەربرینی گوێڕایەڵی بۆ ئەم سەرکردە مەزنە ،متمانەی لایەنگری خۆیانی پێ ئەبەخشن ،بایەخ بە گۆڕو زیارەت ووتـەکانی دەدەن ،بـەم شـێوەیە لەلایـەنی سەربازی ئیمـامی حسـین(س) و یـارانی ڕاسـتە شـەهیدکران ودوژمنانیـان سـەرکەوتن ،بـەلام گـەر شۆڕشەکە هەموو لێك بدەینەو وە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە براوەی هەرە گەورە ئیمامی حسین(س) و یارەکانی بوون لەم شەڕە دەستەو یەخەیە دا بۆیە خوێن سەرکەوت بەسەر شمشێر.



Scanned with CamScanner

## (سەرچاوەکان ـ المصادر) :


١- القران الكريم.
٢- صحيح البخارى.
٣- مسند احمد ابن حنبل ـ طبع الميمنه ـ مصر.
٤- سنن الترمذى ـ كتاب المناقب.
٥- الفصول المهمه لابن صباغ المالكى .
٦- ينابيع الموده للقندوزى الحنفى ـ طبع الحيدرية وطبع اسلامبول.
٧- نور الابصار للشبلنجى(طبع السعيدية )وطبع العثمانية.
٨- مجمع الزوائد للهيثمى.
٩- مستدرك على الصحيحين – للحاكم.
١٠- الكامل فى التاريخ (ابن كثير) ـ طبع بيروت عام ١٩٦٥ .
١١- انساب الاشراف ـ بلاذرى .
١٢- الخطاب الحسينى فى معركة الطف– د.عبدالكريم معسن الياسرى
١٣- تاريخ الطبرى .
١٤- تاريخ ابن عساكر.
١٥- طبقات ابن سعد.
١٦- اخبار الطوال للدينورى.
١٧- المناقب لابن شهر اشوب.
١٨- اسد الغابه فى معرفه الصحابه.
١٩- تفسير الكبير ـ امام الفخر الرازى طبع البهيه ـ مصر وطبع دار الطباعة مصر.
٢٠- تفسير القرطبى.
٢١- تاريخ الاسلام للبذهبى.
٢٢- مقتل الامام الحسين للخوارزمى .
٢٣- تذكرة خواص الامه ـ ابن الجوزى.
٢٤- شرع نهج البلاغه ـ ابن حديد المعتزلى.
٢٥- الصواعق المعرقه لابن حجر طبع المحمدية.
٢٦- تاريخ اهل البيت تحقيق السيد محمد رضا الحسين طبعة الاولى ١٤١٠ هـ .
٢٧- مروج الذهب ـ للمسعودى .




Scanned with CamScanner

# ناوەروك (فهرست)


خوێنەری بەرێز ........................................
ڕەوشتی لەشکری ئەمەوی ........................................٤
خۆینەری بەریز ........................................٨
جیاوازی لە ئامانج ........................................٩
جیاوازی لەدەرەنجامەکان ........................................١٠
کەسایەتی ئیمامی حسین (س) ........................................١١
والی شاری مەدینە داوای ئامادەبوونی ئەم سێ کەسایەتیە دەکات ........................................١٣
ئینجا ئیمامی حسین(س) بە هەردووکیانی ووت ........................................١٩
ئیمامی حسین(س) دەچیە لای والی مەدینە ........................................١٩
ئیمامی حسین (س) شاری مەدینە جێ دێلێ ........................................٢٠
خوێنەری بەرێز : ........................................٢٢
پێشنیاری عبداللە کوری مگیع: ........................................٢٣
ئیمامی حسین (س) لە شاری مەککە ........................................٢٤
ئیمام حسین(س) مسلم کوری عەقیل بۆ کوفە دەنێرێ ........................................٢٥
گەمارۆ دانی مسلم کوری عەقیل ........................................٢٦
ووتو ویژی نێوان مسلم کوری عەقیل و عبیداللە کوری زیاد ........................................٣١
نامەیەك لە عبیداللە کوری زیاد بۆ یزید کوری معاویە ........................................٣٢
وەلامی یزید کوری معاویە بۆ عبیداللە ..والی کوفە ........................................٣٤
نامەی ئیمامی حسین (س) بۆ سەرۆك هۆزەکانی بصرە ........................................٣٥
ئیمام کە ئەم نامەی والی پێگەیشت بەم جۆرە بۆی نووسیەوە ........................................٣٦
بەدیل گیرانی قیس کوری مسهر الصیداوی ........................................٣٩
نامەی یزید کوری معاویە بۆ والی شاری کوفە عبیداللە........................................٤١
ئیمام کوشتنی مسلم کوری عەقیلی راگەیاند........................................٤٢
پێکگەیشتنی ئیمام (س) لەگەل هێزێکی ئەمەوی........................................٤٥
........................................٤٧




Scanned with CamScanner

واتە:ئەی خەڵکینە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی ........................ ٥١
گەیشتن بە قصر بنی مقاتل ........................ ٥٣
گەیشتنی نامەی عبیدالله کوری زیاد بۆ حر الریاحی ........................ ٥٤
نامەی حر کوری یزید الریاحی بۆ والی کوفە عبیدالله ........................ ٥٨
عمر کوری سعد بۆ شەڕی ئیمام (س)هاتە کربلاء ........................ ٥٩
عمر کوری سعد نێراویك بۆ لای ئیمامی حسین(س) دەنێرێ ........................ ٦١
نامەی عمر کوری سعد بۆ عبیدالله کوری زیاد (والی کوفە) ........................ ٦٣
نامەی عبیدالله کوری زیاد بۆ عمر کوری سعد ........................ ٦٤
هیزەکانی ئەمەوی بەرەو کەربلاء دین ........................ ٦٥
ژمارەی هێزەکانی سوپای ئەمەوی لە کربلاء ........................ ٦٦
ژمارەی سەربازانی ئیمامی حسین(س) ........................ ٦٧
قەدەغەکردنی ئاو لە سەربازانی ئیمام(س) لە رۆژی ٧ محرم ........................ ٦٨
پوچایەتی عبدالله کوری ابی الحصین الازدی ........................ ٦٩
ووت و ویژێك لە نێوان ئیمامی حسین(س)و عمر کوری سعد ........................ ٧٠
نامەی عبیدالله کوری زیاد بۆ عمر کوری سعد ........................ ٧١
رۆژی نۆیەمی محرم ........................ ٧٢
ئیمام هاوەڵانی تاقی دەکاتەوە ........................ ٧٣
وەلام دانەوەی ئەهل و بیت بۆ ئیمام س ........................ ٧٤
یارانی ئیمام وەلام دەدەنەوە ........................ ٧٥
١٠ محرم /٦١ کۆچی رۆژی پێك گەیشتنی هەردوو لەشکر ........................ ٧٦
هیزی ئەمەوی خۆی رێك دێخێ ........................ ٧٧
ئیمام (س) ووتاریك بۆ هێزی ئەمەوی دەدات ........................ ٧٨
زهیر کوری قین ئامۆژگاری لەشکری ئەمەوی دەکات ........................ ٨١
بریر کوری خچیرئامۆژگاریان دەکات ........................ ٨٣
دەست پێکردنی شەر لە نێوانیان ........................ ٨٨
شەهید بوونی مسلم کوری عەوسەجە ........................ ٩٠
شەهید بوونی بریر کوری خچیر ........................ ٩١



Scanned with CamScanner

شەهید بوونی حر کوری یزید الریاحی ........................................ ٩٣
نوێژی ترس صلاه الخوف ........................................ ٩٤
شەهید بوونی حبیب کوری مظاهر ........................................ ٩٥
شەهید بوونی زهیر کوری قین ........................................ ٩٦
نافع کوری هلال بەدیل دەگیرێ ........................................ ٩٧
شەهید بوونی ئال و بەیتی پێغەمبەر (د.خ) ........................................ ٩٨
قاسم کوری ئیمامی حسن س ........................................ ١٠٠
شەهید بوونی ابو الفچل (العباس)کوری امیر المومنین علی (س) ........................................ ١٠١
شەهید بوونی ئیمامی حسین(س) ........................................ ١٠٣
ئیمامی حسین و عبدالله شیرەخۆر ........................................ ١٠٤
ئیمامی حسین(س) هێرش دەکاتە دوژمن ........................................ ١٠٥
کەمایەتی لە شکری ئەمەوی ........................................ ١٠٦
ئەهل و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) لە کۆشکی ئیمارە ........................................ ١١٢
ناردنی دیلەکان بۆ شام ........................................ ١١٥
جەژن لە پایتەختی خیلافەت........................................ ١١٦
وتاری ئیمام علی کوری حسین (امام زین العابدین) لە شام........................................ ١٢٤
گەڕانەوەی نەوەی پێغەمبەر(د.خ)بۆ شاری مەدینە ........................................ ١٢٦
ئینجا ئیمام (زین العابدین) فەرمووی ........................................ ١٢٩
ئیمام زین العابدین لە شاری مەدینە ........................................ ١٣٠
سەری عبیدالله کوری زیاد کەوتە ژێر دەستی ئیمام زین العابدین ........................................ ١٣٤



Scanned with CamScanner